عەبدوڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی

# قامووسی زمانی کوردی

## سەرەتایەکی مێژوویی زمانی کوردی

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد

بەغداد 1977

## پێشگۆتن

هێشتا منداڵ بووم گرِوگاڵی زمانەوانیی سەرانسوێی خانووی مێشکمی لێگرتم و دەستی کرد بە سەرەتاتکێ و چاوشارکێ دەگەڵم، هەر دەرسێکی دەمخوێند دەمکردە کوردی، وشە سەخت و ڕەقەکانم بە کوردی مانا لێدەدایەوە.

دەگەڵ (هەژار)ی دۆستم کە ئەوسا (فەقێ) بۆ دەمانەویست کە قسە دەکەین کەس تێمان نەگا، لە کۆمەڵگای مەهاباتا بە تایبەتی لە ناو ئافرەتانا جۆرە زمانێکی لاپرەسەنی باو بوو کە دەنگی (ز) یا (سک)یان لە هەموو کەرتێکی وشەیەک زیاد دەکرد و بە ڕەوانی گفتوگۆی پێدەکرا و ناویان نابوو: (ئەزەتۆزۆ- یا- ئەسکەتۆسکۆ)، ئەمە و نووسین بە حیسابی (ئەبجەد) یا بە وتەی فەقێیان (خەتی شەجەری) و... لەو کارانە بوون کە بە چاکی لێیان ڕاهاتبووین و نامەمان بۆ یەکتری پێ دەنووسی. بەڵام ئەوانە هیچیان تامەزرۆیی ئێمەیان نەدەشکاند چونکو خەڵکی دیش زۆر هەبوون دەیان زانی و ئێمە شتێکی وامان دەویست تایبەتی خۆمان بێ.

ئەوجار هەوای دانانی زمانێک!! کە هیچ کەس تێی نەگا یاریی بە مێشکمان دەکرد، ماوەیێکی زۆر خەریک بووین و تا ئەندازەیێکیش سەرکەوتین. ئەمەش ئێمەی خستە سەر ڕێگای بیرکردنەوە لە وشەکانی زمانی کوردی و چۆنێتیی دروستبوونیان، بیرمان لەوە دەکردەوە کە بۆچی بە (بەرد) گوتراوە (بەرد) و نەبێژراوە (سان) یا شتێکی تر...؟

مێشکی ناپوختەی ئێمە ئەوسا توانستی ئەوەی نەبوو وەڵامی پرسیاری ئاوا سەیر و سەخت بداتەوە، بەڵام ئەم گرِوگاڵە منداڵانەییەی زمانەوانی ئەوەندەی لە باراندا بوو کە بەرەبەرە و بە تێپەڕینی ڕۆژگار بمانخاتە سەر ڕچەی ڕاستی زمانەوانی و چاومان بەم مەیدانە پان و بەرینە تووناوتوونە هەڵبێنێ و خۆمان ببینینەوە کە بە ڕەوتی مێرووڵە خەریکین لە دەشتێکی کاکی بە کاکیدا پەل دەکوتین و لە دەریاییێکی بێبنی ئەوتۆدا مەلە دەکەین کە نەهەنگی تێدا دەخەنکێ.

کاتێ لە شاری مەهابات کە ئەوسا ناوی ساباڵغ بوو لای مامۆستا گیوی موکریانی دەرسی زمانی فرِەنسیم دەخوێند سەروکارم دەگەڵ قامووسی فرِەنسی (لارِووس) پەیدا کرد و هیوای ئەوەی کە ڕۆژێک زمانی کوردیش قامووسێکی ئاوای هەبێ، هەموو خولیا و خەیاڵاتی پێشووی لە مێشکم ڕامالّی و کەشتیی کەڵکەڵەی زمانەوانیم لە بەندەرگای قامووسدا لەنگەری گرت.

ئەگەرچی خەباتی سیاسی نیزیکەی هەموو کات و ساتێکی تەمەنی منی بۆ خۆی داگیر کرد و لە مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕەتاندمی، بەڵام نەیتوانی بیری قامووسێکی کوردی لە مێشکم بسرِێتەوە، بەڵکوو بیری (قامووسی کوردی) بۆ قازانجی خۆی، لە خەباتی سیاسی و لە ئێران و تووران کردنەکەم کەڵکی وەرگرت.

گەشت و گێڵ لە گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران و عێراقدا، چاوپێکەوتن و هاونشینی و گفتوگۆ دەگەڵ کەسانی سەر بە گەلێ تیرە و هۆز و عەشیرەتەکانی کورد، دەسمایە و سەرمایەیێکی زۆر و زەبەندی بۆ ئەو قامووسەی لە خەیاڵدانی خۆمدا بۆ زمانی کوردیم ڕەچاوکردبوو پێکەوەنا. سەفەری دوو ساڵ و نیویم (سەرەتای ساڵی ١٩٥٦-

نێوەڕاستی ساڵی ١٩٥٨) بۆ سووریا و تێکەڵیی دەگەڵ کوردەکانی ئەوێ فێری یەکێ لە سێ لەهجە بنجییەکەی زمانی کوردی (لەهجەی کرمانجی) کردم و دەرگایەکی گەورەی بۆ چوونە ناو قەڵای (قامووس) بۆ کردمەوە.

ئەمەی ئێستا دەیبینن ئەو لاقە گوڵڵەیەیە کە لە سەفەری دوور و درێژی عومرمدا بۆ (سولەیمان)ی نەتەوەی کوردم بە دیاری هێناوە. پێشینیانی کورد گوتوویانە: «کاڵا لە قەد باڵایە» و ئەز ناتوانم لەمە ڕەوانتر بێژم.

ئەگەر ئەم قامووسە لە بن ڕێسمەی دەرگای کەوشکەنی پێشخانەی بارەگای زمانی کوردیدا جێگای ببێتەوە، خۆم بە بەختەوەر دەزانم.

عبدالرحمن زەبیحی

## زمانی کوردی لە قۆناغی ئێستایدا

کاتێ باس دێتە سەر قامووسی زمانی کوردی، کتومت پێویستێک لە بەرامبەرمان ڕاست دەبێتەوە و داوای جێبەجێکردنی خۆیمان لێدەکا، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ باسێکی خودی زمانی کوردی بکەین، دەری بخەین کە چۆن پێکهاتووە، تایبەتەکانی بخەینە ڕوو، خزمایەتی دەگەڵ زمانانی تر و شوێنی لە نێو بنەماڵەی زماناندا دیاری کەین. ئەم باسەمان ناتەواو دەبێ ئەگەر نەزانین زمانانی خزم و دراوسێ چ کارێکیان کردۆتە سەر زمانی کوردی و زمانی کوردی چی لەوان کردووە.

ئەم کارانە بۆ گەلێ زمانانی تر پێویست نیە چونکو ئەو قۆناغانەی لە پێش زمانی کوردین و دەبێ بیانبرێ، ئەوان ماوەیێکی دووردرێژە خستوویانەتە پشت سەر، بۆ نموونە زمانی عەرەبی نیزیکەی ١٤٠٠ ساڵە وەک زمانێکی دینیی پیرۆز بە هەموو زانایانی مسوڵمان خزمەتی دەکەن، تەنانەت گەلێ لە زانایانی کوردیش هەموو ژیانی خۆیان بۆ تەرخان کردوە، وەکوو دەبینین ئیمڕۆ بۆتە زمانێکی عالەمی. یاخۆ زمانی فارسی هەر لە چەرخی چوارەمی کۆچییەوە کەوتۆتە خۆی و ئیمڕۆ بە جۆرێ پێش کەوتووە ئەگەر بێت و دەگەڵ زمانانی پێش ئیسلام پێکیان بگرین تووشی سەرەگێژە دەبین.

بەڵام وەکوو دەزانین چلۆنایەتێکی مێژوویی نالەبار، بە درێژایی صەتان ساڵە، پاشکەوتەیێکی گشت لانەی بەسەر هەموو شتێکی کوردیدا سەپاندووە کە یەکێکیان زمانەکەمانە بە جۆرێ کە نەیهێشتووە تا ساڵانی دوایی چەرخی نۆزدەهەم- کە بۆ یەکەم جار ساڵی ١٨٩٧ ڕۆژنامەی «کوردستان» دەرچووە- بە شێوەیێکی هەراو و بەربڵاو پێی بنووسرێ، جاروبارە نەبێ کە لە قولینچکی حوجرەی مزگەوتێک یا گۆشەی تەکیە و خانەقایەک، مەلایێ دەستی داوەتە قەڵەم و شیعری بە کوردی داناوە و بە ئیملای زمانێکی دیکە نووسیویەتەوە، گەردەلوولی زەمانە تەنانەت ئەو جۆرە نووسراوانەشی دەگەڵ خۆی ڕەپێچەک داوە و بردوویەتە بیابانی نەبوونی و ئەوەی گەیوەتە دەستمان هەر زۆر کەمە.

بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە کە زمانی کوردی لە هەنگامەی ڕۆژگارانی ڕابردوودا کەڵانە دەرباز بووە و ئیمڕۆ لە مەیدانی پێشکەوتندا بەرەو تەکامول پەل دەکوتێ، مێژوو نیشانمان دەدا گەلێ زمانی وا لەناوچوون و ئاسەواریان بڕاوەتەوە کە دەیەکی ئەوەی بەسەر زمانی کوردی هاتووە بەسەر ئەوان نەهاتووە. جا زمانێ کە ئەو هەموو تین و توانەی هەبێ کە هەڵسووڕداسووڕی چەرخی زەمانە نەیتوانیبێ لە ژێر خۆیدا بیپلیشێنێتەوە، توانایی ئەوەشی هەیە زۆر بە خێرایی گەرد و تۆزی ئەم ڕێگا دوورە لە شانی خۆی بتەکێنێ و لە ڕێزی زمانانی پێشکەوتووی ئەم دەور و زەمانەدا جێگای خۆی بکاتەوە.

بەڵێ! ڕاستە لە سەرەتای ئەم چەرخەوە زمانی کوردی پێی ناوەتە قۆناغێکی تازە و لەو ساوە گەلێ گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە، بەڵام تا ئەو ڕۆژە دادێ کە بکەوێتە گۆڕایی و خۆی بگەیێنێتە کاروانی زمانە پێشکەوتەکانی ئیمڕۆ، دەبێ لە گەلێ هەوراز و نشێوان سەرکەوێ، بە زۆر شیو و دۆڵاندا تێپەڕێ و پێویستێکی زیاد لە ئەندازەی بە خزمەت کردن و پەرەپێدان و گەشە پێکردن هەیە. زمانی کوردی هێشتا گەلێ کەلێن و کولێنی تاریکی هەیە کە دەبێ بە چرای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ڕووناک بکرێنەوە و زۆر کەلەبەری تێدا هەیە کە پێویستە دەستی زمانەوانانی کورد کاریان لەسەر بکا.

ئێمە کە دێین و باسی پاشکەوتەیی و ناگزووریی زمانی کوردی دەکەین بۆ ئەوە نیە تۆوی ناهومێدی لە دڵی هاونیشتمانانماندا بچێنین و لە دوارۆژێکی پڕ ورشە و گەشە بۆ زمانی کوردی، بێهیوایان کەین، نەخێر! مەبەستمان

تەواو پێچەوانەی ئەوەیە و دەمانەوێ کەموکووڕیی زمانەکەمان بە شێوەیێکی زانستییانە چارەسەر بکرێ و بخرێتە سەر ڕێچکەی شەمەندەفەری خۆشڕۆی ئەم زەمانە.

نە ددان بە جەرگی خۆداگرتن و دەرنەبڕینی ئێش و ئازار و نە هاوار و داد و بێداد لە دەس ژان، تا ئێستا هیچ دەردێکیان دەرمان نەکردووە، بەڵکو تەنیا بە کار و تێکۆشان هەموو دەردێک چار دەکرێ.

لە وەختێکا کە هێشتا زمانی کوردی لە قوژبنی کەمتەرخەمیی نەتەوەی کوردا بوو، ڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنگی کەوتوونەتە لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی، ڕێزمان و قامووسیان بۆ داناوە و بووژاندوویانەتەوە، کاری ئەم ڕۆژهەڵاتناسە فەرەنگییانە دەبێ لە لایەن نەتەوەی کوردەوە بە تایبەتی خوێندەواران و زمانەوانانی کورد سپاسی لێ بکرێ کە لێشی کراوە.

ئەم قۆناغە تازەیەی کە زمانی کوردی لە سەرەتای ئەم چەرخەڕا دەستی پێکردووە، ئەرکێکی گرانی بۆ خوێندەواران و زمانەوانانی کورد پێکهێناوە کە دەبێ هەر یەکە بە پێی توانست و لێزانیی خۆیان خزمەتی بکەن و باری ڕاست کەنەوە. قورسایی ئەم ئەرکە بەشی زۆری کەوتۆتە سەر شانی زانایانی کورد لە کوردستانی عێراق، چونکو هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقەوە هەل و مەرجێکی باش بۆ زمانی کوردی هەڵکەوتووە، ئەوەی بەرچاو دەکەوێ زانایانی کوردی عێراق لە جێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانیان بەرامبەر کوردی، کورتیان نەهێناوە.

سەرنجێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبانەی لە سالانی دوای شەڕی یەکەمدا لە کوردستانی عێراق بلاوکراونەوە و بەراوەردکردن و هەڵسەنگاندنیان دەگەڵ هاوچەشنەکانیان کە ئیمڕۆ هەر لەوێ بلاو دەکرێنەوە، زۆر بە هاسانی و ئاشکرایی تێمان دەگەیێنێ کە لەم ماوەیەدا چەندە خزمەتی زمانی کوردی کراوە و چەندە هەنگاوی باشی بەرەوپێش هاویشتووە.

ئەوا هەندێ لەم پێشکەوتنانەی کە زمانی کوردی لە سەرەتای ئەم چەرخەڕا تا ئێستا بە دەستی هێناوە بە کورتی دەخەینە بەر چاو:

1) لە بارەی ڕێنووسەوە، نووسینی کوردی ڕێنووسێکی تایبەتی بە ئەلفوبێیەکی ئیسلامی بۆ خۆی پەیدا کردووە، کە سەرەڕای هەندێ کەموکووڕیی، تا ڕادەیێکی بەرز، بە هاسانی زمانەکەمانی پێ دەنووسرێ.
2) زمانی کوردی لە شێوەی نووسینی (فارسی) و (تورکی عوسمانی)، یانی ئاخنینەوەی وتار بە ڕستەی درێژی ڕەق و زەق و زاراوی غەیرە کوردی تا ئەندازەیێک پا بۆتەوە و شێوەیێکی تایبەتی (کوردی نووسین)ی بە خۆیەوە گرتووە، ئەگەرچی هێشتا زۆری پێدەوێ تا فێر دەبین بە کوردی بیر بکەینەوە و ئینجا بیخەینە سەر کاغەز. سەرەڕای ئەوەش پیاو بە ئاشکرا هەست بەوە دەکا کە زمانی کوردی کەوتۆتە سەر ڕچەی (زمانی ئەدەبی) و بەرەوپێش دەچێ، کورت و کرمانجی بڵەین نەمامی (زمانی کوردیی ئەدەبی یەکگرتوو) گووراوە شین بووە، بەڵام هێشتا پێی دەوێ تا دەبێتە درەختێکی خاوەن سایە و لقوپۆپداری ئەوتۆ کە پیاو ماندوویی ڕێگای سەختی لە ژێردا لە خۆی دەرکا و لە بن سێبەریدا بحەسێتەوە.
3) دەربارەی ڕێزمانی زمانی کوردی، هەندێ وتار و کتێب و نامیلکە هاتوونە مەیدان و خەریکی چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکانی (گراماتیکا)ی زمانەکەمان بوون، بەڵام ئەم کارە هێشتا گەلێکی بە

بەرەوە هەیە و پێویستی بە وردبوونەوەیێکی زۆر و بینەکێشان لە دەریای زمانی کوردیدا هەیە و باسکەمەلەی سەر ئاو کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشێ.[1]

4) چەند قامووسی جۆربەجۆری کوردی هاتوونە مەیدان، وا دەردەکەوێ ئەم بەشە زیاتر لە لکەکانی دیکەی زمانەوانی، زاناکانی کوردی بە خۆیەوە خەریک کردووە، چونکو ئەم مەیدانەی ئێستا قسەی تێدا دەکەین مەیدانی قامووسە بە باشم زانی ئەو باسەی کە دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف دە کتێبی (وشەی زمانی کوردی)دا لەم بابەتەوە نووسیویێتی بۆ شوێنێکی تری ئەم وتارە ڕاگوێزم چونکوو ئەز ناتوانم لەوەی ئەو نووسیویە پوختتر بنووسم.

5) پاش شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، گەلێ خوێندکاری کورد لە عێراق توانیویانە بچنە یەکێتی سۆوێت و دەربارەی هەموو لق و پۆپی زمانەوانی، لەسەر زمانی کوردی، لای کوردناسانی سۆوێت بخوێنن و بەرەبەرە دەگەڕێنەوە بۆ وڵات. ئەمانە لەباریاندا هەیە گەلێ خزمەتی بەرچاو بە زمانی کوردی بکەن، زیاتر لەوەی کە تا ئێستا کردوویانە.

6) هەروەها لە پاش شۆڕشی چاردەی تەمووز بۆ جێبەجێکردنی یەکێک لە مافەکانی نەتەوەی کورد (بەڕێوەبەریتی خوێندنی کوردی – مديرية الدراسة الكردية) دامەزرا و لە کۆلێجی ئادابی دانیشگای بەغداش بەشێکی کوردی کراوەتەوە و هەروەها لە دانیشگای سلەیمانی، گومانی تێدا نیە کە ئەم دەزگایانەش بە نیشانەی ڕووناک و ڕووناککەرەوەی ڕێگای پێشکەوتن و گەشەکردنی زمانی کوردی دەژمێردرێن.

7) چەند ساڵێکە (کۆڕی زانیاری کورد) بە ڕەسمی لە بەغدا دامەزراوە، ئەم دەزگا زانستییە کوردییە، سەرەڕای تازەییشی توانیویە خزمەتی زمانی کوردی بکا.

---

1 بۆ ئاگاداربوونێکی زیاتر لەو کتێب و نامیلکانەی دەربارەی ڕێزمانی کوردی نووسراون، کتێبی (چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە) نووسینی (دوکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف) چاپکراوی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٤ تەماشاکەن.

## زمانی هیندوئۆرووپایی بنەمای گەورەی زمان

زانستی زمانەوانی، هەموو ئەو زمانانەی کە ئیمڕۆ نەتەوەکانی دنیا قسەی پێدەکەن، بەپێی خزمایەتییان و نیزیکییان لە یەکتر - لە باری ڕێزمان و فۆنێتیک و داتاشرانی وشەکانیانەوە - بەشبەش کردووە و هەر بەشەی دەباتەوە سەر بنەمایەک.

دەربارەی ئەم بەشبەشکردنە و ناولێنانیان بیروڕای جیاواز هەن کە ئەم شوێنە بۆ لێدوانێکی دوور و درێژ لەم بابەتەوە ناشێ و تەنیا لەو بنەمایە قسە دەکەین کە بە ڕای هەموو زانایان ڕووباری زمانی کوردی لێ هەڵگیراوە و زانایانی زمانەوانی ناویان ناوە (هیندوئۆرووپایی).

ئەو بنەمایە گەورەترین و پان و بەرینترین بنەمای زمانانە و دەریایەکە بۆ خۆی «چونکو هەموو دانیشتوانی ئۆرووپا و ئەمریکا و ئوستڕالیا و جنووبی ئەفریقا قسەی پێدەکەن- کۆمەڵێکی کەمی لە ئۆرووپا لێدەرچێ کە بە زمانی باسکی یا فینلاندی یا مەجەری یا تورکی و ئەو جۆرە زمانانە قسە دەکەن و دانیشتوانی ئەسڵی هەر دوو ئەمریکا و ئوستڕالیا و جنووبی ئەفریقا نەبێ کە زۆربەیان لەناو چوون و بێجگە لە ژمارەیێکی کەم کەسیان نەماوە و ئەوانیش بەرەو فەوتان دەچن- هەروەها بەشێکی گەورەی خەڵکی ئاسیا پێی دەدوێن (هیند، فارس، ئەفغانستان، کوردستان، قەفقازی ناوەڕاست... تاد.»[2]

ئاخۆ هیندوئۆرووپایی کە دایکی ئەم هەموو زمانە زیندوانە و گەلێ زمانی مردووشە، چیە؟ ناوی هیندوئۆرووپایی ناوێکە زمانەوانانی فەرەنگی دایان ناوە بۆ زمانێکی گۆیا لە زەمانێکی زۆر کۆندا، کۆمەڵێ ئادەمیزاد کە لە مەڵبەندێکی نەزانراو پێکەوە ژیاون، قسەیان پێکردووە. پاشان لەبەر هۆیەکی کە ڕەنگە سارد و سەرمای دوامین سەهۆڵبەندانی گەورەی زەوی بوو بێ مەوتەنی ئەسڵی خۆیان بەجێ هێشتووە و کۆمەڵ کۆمەڵ بە دەور و بەری خۆیاندا بڵاوەیان لێکردووە و بە دوای جێگەی حاوانەوەی خۆیان و ئاژەڵ و ماڵاتەکانیاندا هەڵوەدابوون. ئەم کۆمەڵانەش لە ڕێگا لێک ترازاون و هەر دەستەیەی ڕووی کردۆتە لایەک.

ئەم شەپۆلانەی کۆچ و کۆچبارییە، کاتێ کەوتوونە ڕێ، شوێنێکیان بۆ خۆیان ڕەچاو نەکردووە کە لێی نیشتەجێ ببن، چاتر بڵێین ڕەنگە هەر نەیانزانیبێ هیچ جێگایێکی تر بێجگە لە مەڵبەندی ئەسڵیی خۆیان لە دنیادا هەیە تا جێیان پێ لەق بووە و هەڵقەندراوون. جا بۆیە لە هەر ئەرزێکی جێگای خۆیان و ماڵاتیان بووبێتە بارگە و بنەیان لێ خستووە و ماوەیێک پاڵیان لێداوەتەوە. لەو خێڵانە ئەوانەی ڕوویان دە ئاسیا کردوە هەروا بە لەوەڕ هاتوون و بەرەبەرە پامیر (بانی دنیا) و هیندوستان و ئێران و کوردستانی ئیمڕۆیان داگرتووە، ئەمانە لە مێژوودا بە خێڵاتی (ئارییایی) ناوبانگیان دەرکردووە.

ئەم خێڵاتە کەنگێ وەڕێ کەوتوون؟ چەند سەدەیان پێچووە تا گەیشتوونەتە ئەو شوێنانەی یەکجارەکی تێیاندا نیشتەجێ بوون؟ لە سەرەتاوە بە چ زمانێ قسەیان کردووە، یا جۆرێکی تر بڵەین ئەوەی ئیمڕۆ پێی دەوترێ زمانی (هیندوئۆرووپایی) چ بووە؟ لەو کۆچ و کۆچباریەدا چ گۆڕانێکی بە سەرا هاتووە؟ ئەمانە هەموویان ئەو پرسیارانەن کە تا ئێستا هیچ وەڵامێکیان نیە، یا وەڵامێکی ئەوتۆیان نیە کە پیاو دڵنیا کات، ڕەنگە لەمەودواش هەروا بێوەڵام بمێنێتەوە، بۆیە ناچارین بەوەندە ڕازی بین کە مێژوو بۆی خستووینە ڕوو.

---

2 د. علي عبد الواحد وافي، علم اللغة، چاپ شەشەم (دار نهضة مصر للطبع والنشر)، ١٩٦٧، ل ١٨٢ و ١٨٣.

ئەو زانایانەی کە ناوی هیندو ئورووپایی - یان داهێناوە، ئەو زمانە نەزانراوەیان کردۆتە چەند لکێک کە هەر لکەی زمانی چەند نەتەوەی ئیمرۆی لێ کەوتۆتەوە. یەکێ لەم لکانەیان ناوناوە خێزانەزمانی (ئاریایی) یا (هیندوئێرانی) و ئەویشیان کردۆتە دوو دەستەی گەورە:

1) دەستەی زمانەکانی هیندی
2) دەستەی زمانەکانی ئێرانی[3]

و سێ قۆناغی مێژووییان بۆ دوەمیان دیاری کردە:

1) دەوری کۆن، زمانی: مادی، ئاوێستایی، پارسیی کۆن
2) دەورەی ناوەڕاست، زمانی: پارتی (فرثی)، پەهلەوی
3) دەوری تازە، زمانی: فارسی، کوردی.

لێرەدا هەر ناوی ئەم زمانانەمان هێناوە و لە هەریەکەیان ئەوەندەی پێویست بێ دەدوێین کە پێوەندییان بە باسەکەمانەوە هەیە، دەنا لە هەر دەورێدا زمانی تریش هەن.

**زمانی مادەکان چ بووە؟**

خێڵاتی ئاری کە ڕوویان کردۆتە ڕۆژهەڵاتی ئیمرۆ، پێش ئەوەی لێک جودا ببنەوە، ماوەیێک پێکەوە لە شوێنێک نیشتەجێ بوون کە «ئاوێستا» بە (ئەئیر یەنە ڤە ئیجە هـ = ئێران ویج)ی ناو دەبا، پاشان هێندێکیان بەرەو هیندوستان شۆڕ بوونەوە و ئەوانی دیکەش بەرەو ئێرانی ئێستا هاتوون. وێ دەچێ ئەو زمانەی کە پێی دەڵێن (هیندوئێرانی) و لکێکە لە لکەکانی زمانی نەزانراوی (هیندوئورووپایی)، ئەو زمانە بێ کە ئەو خێڵاتە ئاریاییانە لە نیشتمانی دوەمیاندا قسەیان پێکردوە.

ئەوانەی بەرەو هیندوستان چوون یادگارێکی بەنرخیان لە خۆیان بەجێ هێشتووە، ئەویش کتێبی (ویدا)یە کە بە زمانی سانسکریتی نووسراوە و «... دەتوانین بڵێین کە کۆکردنەوەی — ویدا - لە دەوروبەری ٣٠٠٠ ساڵ پێش عیسادا کۆتایی هاتووە...»[4]. زمانی سانسکریتی کە (ویدا)ی پێ نووسراوە ئەوەندەی تا ئێستا لێمان ڕوونە، وەچی ڕاستەوخۆی (هیندوئێرانی)یە و زمانێکی تریان لە نێواندا نیە و ئەمە شتێکە نە زمانی (مادی) دەتوانێ بیبێ و نە ئێمەش بۆمان دەلوێ ئیددیعای بکەین، چونکوو (ماد)ەکان کە بەشێک بوون لەو خێڵاتەی بەرەو ئێرانی ئێستا هاتوون، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٨٣٥ی پێش عیسا لە بەردەنووسەکانی پاتشایانی (ئاشوری)دا ناویان هاتوە و لە چەرخی حەوتەمی پێش عیساوە زمانەکەیان توانیویە ببێتە زمانی موشتەرەکی هەموو ئەو هۆز و تیرە و خێڵانەی

---

3 «زمانەکانی ئێرانی» ناوێکە بۆ دەستەیەک لە زمانانی هیندوئورووپایی- کە زمانانی: ئۆسینی و ئەفغانی و فارسی و تاجیکی و کوردی و تاتی و تاڵشی و... تاد و لە زمانانی کۆن ئاوێستایی و سوغدیی و خوارەزمی و ئێسکیتی و گەلێکی تر دەگرێتەوە- برەوی پەیدا کردووە، ئەم زاراوەیە وێڕای ئەوەش کە زۆر لەگوین نیە، ئێستا ناتوانین وشەیێکی تری لەجێ دانێین. بەکارهێنانی سفەتی ئێرانی لەوانەیە وا لێک بدرێتەوە کە مەبەست زمانی وڵات و دەوڵەتی ئێران یەعنی (فارسی)یە، کەچی وەکوو بۆ هەموو کەس ئاشکرایە و پاشانیش قسەی لێ دەکەین.. زاراوەی (ئێران) بە شێوەی کۆنی یەعنی (ئاریانا) لە سەرەتاوە (فارس)ی نەگرتۆتەوە (ا.م. دیاکۆنۆف، مێژووی ماد، وەرگێڕانی: کەریم کەشاوەرز بە فارسی، بنگاە ترجمە و نشر کتاب، تاران ل-٥٨١).
4 د. معین، فەرهەنگی فارسی (تاران)، جـ ٥ ، ل ٨١٠.

کە لە خاکی (ماد) دەژیان و هەروەها زمانی ڕەسمی ئیمپڕاتۆریی گەورەی ماد. ئەمە دەگەڵ سەرەتای زمانی سانسکریتی ۲۳۰۰ ساڵێکی بەینە و زۆر ئاشکرایە کە لەم ماوە دوور و درێژەدا، ئەو زمانەی لە پێشدا (ماد)ەکان قسەیان پێکردووە - هیندوئێرانی- دەبێ گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، بە تایبەتی کە لە نیشتمانی تازەیاندا تووشی زۆر شتی وا هاتوون کە لەو سەردەمەدا و بە حوکمی پلەی گەشەکردنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی، خۆیان نەیان بووە و نەیان توانیوە بیان بێ. بە لای منەوە لەو ملە و بەربەرەکانییەی (ماد)ەکان دەگەڵ خەڵکی ئەسڵی نیشتمانی تازەیانا کردوویانە و سەریش کەوتوون، زمانەکەیان لە خۆیان نەرمتر بووە و تا ڕادەییکی باش سەری بۆ ئەو زمانانەی ئەوسا لەو مەڵبەندەدا باو بوون (ئۆرارتوو، هووری، گۆتی، لۆللۆ، کاسی) دانواندوە و هەر وەک ئەو شتانەی نەیان بووە لەو خەڵکانە فێر بوون ناوەکانیشیان هەر لێ وەرگرتوون، ئەوە کارێکە هەموو نەتەوەیێک لە هەموو دەور و زەمانێکدا کردوویەتی و دەیکا.

جا زمانی مادی کە وەکوو پاشان باسی دەکرێ زۆر کەمی لێدەزانین و بێجگە لە گەشەکردنی تەبیعی ۲۳۰۰ ساڵەی، لە سەرچاوەی زمانانی ناوچەییش خۆی دەوڵەمەند کردووە، هەروەک ناتوانێ وەچی ڕاستەوخۆی زمانی (هیندوئێرانی) بێ، هەروەها ناشتوانێ لە ڕێبازی گەشەکردنی خۆیدا- لە قۆناغی (هیندوئێرانی)ڕا تا دەگاتە قۆناغی (زمانی ڕەسمی ئیمپڕاتۆری ماد)- بە لانی کەمەوە بە قۆناغێکی تردا تێ نەپەڕیبێ. ڕەنگە لێرەدا زمانی (ئاوێستایی) بیران بۆ لای خۆی ڕابکێشی و بە شکڵی ئەو قۆناغەی بخاتە بەرچاوان، بەڵام (ئاوێستایی) لە لانی زمانی و زەمانی ئەوەندە لە زمانی مادی نیزیکە کە هەندێ کەس هەر بە مادی دەزانن و هێندێکیش بە لەهجەیێکی (مادی) دادەنێن، بۆیە بۆ ئەوە دەست نادا ئەو قۆناغە ڕاستەوخۆیە بێ کە دەکەوێتە نێوان زمانی (هیندوئێرانی) و زمانی (مادی)، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەشێ قۆناغێکی دوەم بێ، هەر چۆنێ بێ ئەمانە شتێکن کە زانست لە دوو ڕۆژا ڕوونیان دەکاتەوە و بەم هیوایە وازیان لێدێنین و دەچێتە سەر باسی خودی زمانی مادی کە مەبەستی ئەم بەشەی باسەکەمانە.

تا ئێستا ئاسارێکی کۆنینەی کە بە زمانی (مادی) نووسرابێ (وەکوو بەردەنووسی پاتشایان) نەدۆزراوەتەوە تا تێمان بگەیێنێ ئەو زمانە چۆن بووە، هۆی نەدۆزرانەوەی ئاسار و بەردەنووسەکان ئەوەیە کە «هێشتا لە شوێنەواری مادەکان تەنانەت شارێک نەخراوەتە ژێر هەڵکۆڵین»[5] و هەرچێکی کراوە لە سنوورەکانی خاکی ماد بوە. بۆیە بۆ نیشاندانی نموونەی زمانی مادی بێجگە لە وشە و ڕستەی بەردەنووسەکانی (هەخامەنشی) یا ئەوانەی بە هۆی کتێبی یۆنانی و شتی تر پێمان گەیشتووە، شتێکمان بە دەستەوە نیە.

بەردەنووسە بەناوبانگەکەی (داریووش) لە (بێستوون) بە سێ زمان نووسراوە و دەمێک بوو ئەمە دەزانرا کە دوو ڕێزیان بە زمانی (پارسی) و (بابلی)یە و تا ماوەیێکی زۆریش گومانی ئەوە دەکرا کە بەشی سێیەمی ئەو بەردەنووسە بە زمانی (مادی) بێ، بەڵام دۆزرانەوەی ئاساری (عیلامی) لە (شوش) دەری خست کە ئەم بەشە بە زمانی (عیلامی) نووسراوە نەک بە (مادی) و «بە سەریەکەوە، ئەو بیرە بە مێشکا دێت کە زمانی ئەدەبی بەردەنووسەکانی هەخامەنشی لە ژێر تەئسیری بە هێزی زمانی مادیدا - کە لە پێشدا وەک زمانێکی ئەدەبی لێهاتبوو- نووسراوون.... ئاشکرایە تەنیا لە حاڵەتی هەبوونی وشەی موشتەرەکی زۆر لە هەر دوو زماناندا، مومکین بوو ئەم دیاردەیە ڕوو بدات کە لە ئەنجامیدا زمانی بەردەنووسی هەخامەنشیەکان وەک دەردەکەوێ، لەباری وشەوە، لە زمانی مادی نیزیکتر بووە تا زمانی گفتوگۆی پارسییەکانی کۆن و لەوەڕا دەتوانین تێبگەین کە بۆچی بەردەنووسە کەی داریووشی یەکەم لە بێستۆن - کە لە سنووری ماد و عیلامایدا لە ڕەوەزێک هەڵکەندراوە -

5 دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل-۱۱.

مەتنێکی تایبەتی بە زمانی مادی نیە. بێگومان مادەکان لە قسەکانی بەشی یەکەمی ئەو بەردەنووسە، یەعنی ئەوەی بە زمانی (پارسیی کۆن) نووسراوە و تا ڕادەیێکیش بەشی دوەمی یەعنی عێلامیەکەی حاڵی دەبوون».[6]

ئەوە پیشان دەدات کە زمانی (مادی) لە کاتی دەستەڵاتی ئیمپراتۆریێتی (ماد) تەئسیرێکی گەورەی کردۆتە سەر زمانی پارسەکان - زمانی ڕەسمی دەوڵەتی هەخامەنشی لە دواییدا - و گەلێ وشەی تایبەتی - زمانی (مادی) فرێ داوەتە ناو زمانی (پارسی)، سەرەڕای زۆر وشەی موشتەرەکی زمانە ناوکۆییەکەیان — هیندوئێرانی - کە لە هەر دوو زمانەکەدا ماوەتەوە.

«لە ئەنجامی شیکردنەوەی زمانەوانیدا دەرکەوتووە کە زاراوەکانی ئیداری و دەوڵەتی وەکوو: «شا» (خشایەثییە) و «ساتراپ- خشە ثرەپاڤا (ن)»[7] و هەروەها زاراوەی کشتوکاڵی وەکوو (ئەسادرەڤ؟)، وشەی دەربارەی باوەڕ وەک «فەڕنە» یانی «هێزێکی جادوویی و شانازیی شاهانە و بەختیاریی (هس: بەت فەڕ، بێفەڕ لە کوردیی ئیستادا- ر. ز) و ناوی خوا «میترا» و زاراوەی (ئەنی یاهەبەگاهە) کە مەعنایەکی دینی هەیە (مادی)ن. زاراوەکانی «مقەددەس» (برەئیزمەن) و «نیهانەت و فشار» (زورە) و بەردی لاجیوەرد (کەسەکە) و ئیتر مادین یان باختەرین. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە ناوی هێندێ لە قەبیلەکانی ئێرانی مادین، هەر چۆنێ بێ ناوی دوو عەشیرەتی «ماسپی» «ساگارتی» مادین (لە یەکێکیاندا تووشی تەرکیبی غەیرە پارسی «سپ» دەبین و لەوی دیکەیاندا لە باتی شێوەی پارسی «ئانەگەرتییە» دە شکڵی مادی «ئە ئەگەرتییە» هەڵدەنگوین بە مانای «بەردهەڵقەن» و «ئەشکەوتنشین». بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە خودی ناوی فارس (پارس) مادییە».[8]

«لە زمانی پارسیی کۆن (فارسی هەخامەنشی)دا هەندێ وشە (وەک لەسەرەوەتر باس کرا، زۆر نەک هەندێ وشە- ر. ز.) لەو زمانە (مەبەست زمانی مادییە — ر. ز.) خوازراوەتەوە، ڤیسپەزەنە (هەموو خەڵک، هەموو جۆرە خەڵکی) و هەروەها وشەی: پەئیریدەئیزە، لە ئاوێستا و پارسیی کۆندا بە قسەی مامۆستا (بینۆنیست) بە ئەسڵ مادییە، چونکوو دەبوایە لە پارسیی کۆندا (پرەدیدە) بەکار بێت، ئەم وشەیە لە لۆغەتدا مانای جێگایەکی دەورەدراو، حەوشەی دایرییە و بە مەجاز مانای باغ و بێستان دەدا. وشەی (پاردۆس)ی ئەرمەنی (وەک لە ئەرمنیانم بیستووە - باردێس- دەڵێن، ر. ز.) بە مانای باغ و بێستان و (فردوس)ی عەرەبی هەر لەم ڕیشەیەن».[9]

هەروەها دوکتۆر (معین) لە پەراوێزێ کە بۆ وشەی (پالیز)ی فارسی بە مانای (بێستان) نووسیویە کوتوویە:

«-٦ ئەویستا (ئاوێستاراستە، ر. ز) پەئیریدە ئیزە (باغ)، پارسیی کۆن (بە تەلەفوزی یۆنانی) پاراذیسۆس، کوردی: پارێس (بێگومان مەبەستی «پەرێزە»، د. ز.)، ئەرمەنی: پەرتێز و معربەکەی (فردوس)ـە».[10]

---

6 دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥٥/٤٥٤.
7 ساتراپ محرفی یۆنانییە و ئەسڵی وشەکە بە مانای (محافظ) و (حوکمدار)ە.
8 دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١/٩٠.
9 د. معین، بورهانی قانیع، (کتابفروشی ابن سینا)، تاران، جـ ١ «مقدمە» ل. چاردە.
10 سەرچاوەی پێشوو، جـ١ ، ل ٣٥٩.

ئەم وشەی (پەئیریدەئیزە)ی مادی ئەوەندەی من بزانم سێ وشەی لە کوردی ئێستادا (لەهجەی ناوەندی) لێ کەوتۆتەوە، یەکیان (پەرێز) کە باس کرا، دوەمیان (پەرژین) و سێیەمیش (پاردە)یە بە مەعنای حەوشەیێکی بە بەرد یا درِک دەورە درابێ.

ئەوانەی سەرەوە و هەندێ ناوی پاتشایان وەکی: «دەیا ئوکۆ» و (هوڤەخشەتەرە» و ناوی «هەنگ متەنا» (هەمەدان)، «ڤەزەرکە» «گەورە» و «ئەسەن» (بەرد) نموونەی وشەی زمانی مادین.

ساڵی ١٩٧٥ لە (هەنگ متەنا) پایتەختی (ماد)ەکان کۆشکێکی گەورە لە ژێر خاک دەرکەوتووە، ڕۆژنامەکانی ئێران نووسیبوویان: تەختی جەمشید (پێرس پۆلیس)ێکی تازە لە هەمەدان دۆزرایەوە. بێگومان دەبێ ئەوە کۆشک و تەلاری پاتشاکانی (ماد) بێ و هیوامان ئەوەیە ئاساری نووسراوی (مادی) لێ دەرکەوێ و تیشکێکی تازە بخاتە سەر زمانی (مادی) و تا ڕادەیێک لە دەستکوتان لە تاریکایی مێژوودا ڕزگارمان کات.

## زمانی ئاوێستایی

ئەم زمانە یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی خێزانەزمانی (ئێرانی) و ئاوێستای زەردوشت تەنیا بەڵگەی نووسراوی ئەم زمانەیە و هەر بۆیەش ناوی (ئاوێستایی) بە سەردا بڕاوە.

هەموو زانایانی زمانەوانی لەو باوەڕەدان کە مەشهوورە بە «پێنج گات» و خودی زەردوشت بە شیعر دایناوە، لە باری وردەبابەتی زمانەوانییەوە، لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئاوێستا کۆنترە و پێش ئەوەی نووسینەوە بە خۆیەوە ببینێ ماوەیێکی دوور و درێژ دەماودەمی کردووە و ...

> «بە لەهجەیێکی تایبەتی و بە زمانێکی دوورکەوتەی کۆنتر لە پارسیی کۆن (فارسیی هەخامەنشی) و نیزیکتر لە زمانی (ویدا)کانی هیندی نووسراوەتەوە. ئەم چەشنە ئاساری دەماودەمە لە ڕۆژهەڵاتی نیزیک و لە وڵاتانی تریشدا بینراوە و پێوەندی کۆمەڵایەتی نیوەی یەکەمی هەزارە ساڵەی پێش عیسا دەنوێنێ. گومانی ئەوە ناکرێ کە (گات)ـەکان دەسبەجێ پاش پەیدابوونیان نووسرابنەوە، زۆر ڕێی تێدەچێ ماوەیێک بە هۆی (کاهین) و پەیڕەوانی ئەم ئامۆژگارییانە دەماودەمی کرد بێ و سینگ بە سینگ هاتبێتە خوار تا پاشان وێڕای کۆنترین بەشەکانی «وردەئاوێستا» و تەنیا ئەو کاتەی پاش داریوشی یەکەم (ر. ٤٨٦ پێش عیسا، ر. ز.) خەتی ئێرانی لەسەر بنەمای ئەلفوبێتکەی (ئارامی) بوو بە باو، «گاتە»ـەکانیش نووسرانەوە»[11]

زۆربەی ئەو زانا و ڕۆژهەڵاتناسانەی خەریکی ساغ کردنەوەی (ئاوێستا) بوون، ڕایان وایە زمانی ئاوێستایی یەکێکە لە زمانەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی خێزانەزمانی ئێرانی و زەردوشت کتێبەکەی خۆی لە دەوروبەری چەرخی حەوتەمی پێش عیسا لە باکتێریا (باختەر=بەلْخ) نووسیوەتەوە. بەڵام پرۆفیسۆر (پووردااوود) مامۆستای دانیشگای تاران و ئاوێستازانی بەناوبانگی ئێرانی لە سەرەتایەکدا کە بۆ «یەسنە»ی – بەشێکە لە ئاوێستا-نووسیوە دەڵێ:

11 دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل-٦٢.

«لەناو دەنگوباسی مێژوونووسانی یوونان و ڕۆما خەبەری (خسانتۆس) دەربارەی زەمانی زەردوشت جێگای باوەڕە و دەتوانین دەرکەوتنی پێغەمبەری ئێران لە دەوروبەری ساڵی ١٠٨٠ی پێش عیسا بزانین»[12]

هەروەها کەم زانا و مێژووزان و کۆنینەناس هەن کە باوەڕیان وا نەبێ (زەردوشت) خەڵکی ڕۆژئاوای (ماد) نەبێ، بە جۆرێکی تر، گەلێکیان ڕایان وایە کە (زەردوشت) لە دەوری دەریاچەی ورمێ (چەئێچەستە) لە کوردستانی ئێستای ئێران لەدایک بووە، بەڵام کاتێ باس هاتە سەر ئەو زمانەی ئاوێستای پێ نووسراوە، کەمیان بۆ ئەوە دەچن کە (زەردوشت) ئاوێستای بە زمانی مەوتەنی ئەسڵی خۆی یەعنی زمانی (مادی) نووسیبێ و ئەوە «مەوزووعێکە زۆری گفتوگۆ لێ کراوە، زۆرتر ڕێی تێدەچێ کە زمانی ئاوێستایی لەهجەیێکی (مادی) بێ تا خوراسانی (باکتێریایی، د. ز.)»[13]

مەسەلەی (مادی) بوون و نەبوونی ئەو زمانەی کە ئێستا پێی دەڵەن (ئاوێستایی) شتێکە هەروا دەمێنێتەوە تا ئەو ڕۆژەی دەربارەی زمانی (مادی) زانیارێکی ئەوەندە زۆر دەکەوێتە بەر دەستی زانایان کە بتوانن دەگەڵ زمانی (ئاوێستایی) بەراوەردی بکەن و هەڵی سەنگێنن و ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن جا بۆیە ئەم مەبەستە بە هومێدی ئەو ڕۆژە هەڵدەگرین و بۆ ئەوەی بزانین ئاوێستایی چ جۆرە زمانێک بوە هەندێ لە تایبەتەکانی دەخەینە بەر چاو.

1) ئەو زمانەی (ئاوێستا)ی پێنووسراوە هێشتا نیشانەی مەصدەر (دن، تن، ین، ون، ان) وەکوو ئێستا لە زمانی کوردی و فارسیدا دەبیندرێ، تێیدا بەدی نەهاتووە و تەنیا ماکی فیعل هەبوە: دا (دان)، پەرە رەئیث (مردن)، فراثوەرێس (خولقاندن)، بەو (بوون)، نیهەد (دانیشتن) (تە: پوورداوود، یەسنا، جـ ١، ل-١٣٤).
2) هێشتا دەنگی (ل)ی تێدا پەیدا نەبووە و دەنگی (ث) و (ذ) و (س) و (ز) و دوو دەنگی (ن)ی هەبوە کە یەکیان گن بوە.
3) سنووری نێوان کەرتەکان syllables هەر ماوون و هەر کەرتەی بە جیا دەخوێندرێتەوە، ئەمە مانای ئەوەیە کە وشەی ئاوێستایی لە سەرەتای دروستبوونی خۆیدا بوە، کە دەڵەین (سەرەتا) مەبەستمان ئەوەیە (ماوە)یێکی ئەوتۆ بەسەر بەکارهێنانیدا تێنەپەڕیوە کە بۆ توانەوە و قاڵبوونی وشەیێک و سوانی دەنگە درِ و نالەبارەکانی پێویستە، جا ڕەنگە بگاتە هەزار ساڵیش و ڕەنگە صەت ساڵیشی پێ نەوێ. ئەو نالەبارییە لە ئەنجامی تێک هەڵەنگوتن و پێکەوە نووسانی دوو دەنگی دوایی و هەوەڵی دوو کەرتان پەیدا دەبێ.

ئێمە لە پێشەوە دیمان وشەی (پەئیریدەئیزە)ی مادی چۆن لە کوردی ئیمڕۆدا بۆتە (پەریز)، نەک هەر شکڵی وشەکە گۆڕاوە و لە شەش کەرتەوە بۆتە دوو کەرت بەڵکو مەعناشی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتوە. جا وشەکانی لە (ئاوێستا)دا دەبینرێن گەلێکیان لەم بابەتەن. بۆ نموونە سەرنجێکی ئەم وشانە بدەن: چە ئیچەستە (دەریاچەی ورمێ کە لای زەردوشتیەکان پیرۆزە) ئیمڕۆ بۆتە چیچەست، مائۆنگهە (مانگ)، هەزەنگرە (هەزار)، گەئۆپە (گەپ)، ئەشتائیتی (هەشتا)، رەئۆخشنی (ڕووشنی)، دەئێنا (دین)، زەرەتهوشترە (زەردوشت).

---

12 پووورداوود، یەسنا، چاپ دوەم تاران، جـ ١، ل ١١٠.
13 پووورداوود، سەرەتای بورهانی قانیع، جـ ١، ل- چوار.

4) تەرکیبی دوو دەنگی (س. پ) کە پێشان وتمان لە تایبەتەکانی زمانی (مادی)یە، لە وشەی ئاوێستاییدا بەرچاوە: سپینتە (پیرۆز، مقەددەس)، سپێنیشتە (پیرۆرتر)، سپاتە ئورونۆ (توولە، بەچکەی صەگ).
5) باوەڕی دوو خودایی، باوەڕی بە (ئاهۆرامەزدا) و (ئەنگرە مەئینیو) کاری کردۆتە سەر زمانی ئاوێستایی و گەلێ وشە (فیعل، ناو، صفەت، مەدلوولەکەیان تەنیا بۆ کار و چتی سەر بە (ئاهۆرامەزدا) و بەشێکی تریش هەر بۆ کاری سەر بە (ئەنگرە مەئینیو= ئەهریمەن) دەکار دەکرێن: فرائوەرێس (خولقاندنی ئاهۆرایی) و فراکەرێت (خولقاندنی ئەهریمەنی)، زەن (زایینی گیانداری چاک) و هەڤ (زایینی گیانداری خراپ)، ئەنۆچ (وتنی چاک) و دەڤ (وتنی خراپ)، پەرە رەئیث (مردنێ گیانداری سەر بە ئاهۆرا) و ئەڤەمەر (مردنی ئەوانەی سەر بە ئەهریمەنن)، نیهەد (دانیشتنی ئاهۆرایی) و هەن دڤەر (دانیشتن یا سەرنخوون بوونەوەی ئەهریمەنی)، بەئوذی (بۆنی خۆش) و گەئینتی (بۆنی ناخۆش)، ڤەچ (قسەی ئاهۆرایی) و دەئو ئیثری (قسەی ئەهریمەنی)[14].
6) ئەو (موغ)ـانەی (دین دیپریهـ) ئەلفوبێتکەی زمانی (ئاویستایی)یان ڕێکخستوە، ١۴ نیشانەیان بۆ دەنگبزوێنەکان vowels داناوە و بۆ هەندێ دەنگەکان لە سەرەتا و ناوەڕاست و دوایی وشەدا پیتی تایبەتییان دیاری کردووە.

ئەمانە هەمووی، بە لای منەوە نیشانەی کۆنی زمانی ئاوێستایین کە ئەوەندەی (تطور) نەکردووە وشەیێک بە تەنیایی بتوانێ مەدلوولی خۆی ئەدا بکا، بەڵکو بۆ تێگەیاندنی دەلالەتی وشەکان بە تایبەتی ئەوانەی لێک دەچن پێویست بووە لە (خانی دەنگ= مخرج الحرف) و ڕەنگە (ئیشارە)ی دەست و... یارمەتی وەربگرن کە پاشماوەی قۆناغەکانی سەرەتایی زمانپشکووتنی ئادەمیزادن.

ئێمە لەم زەمانەدا وشەکانی ئاوێستا و هەموو زمانە مردوەکان بە دەزگای دەنگی (جهاز النطق) ئیمرۆ- نیزیکەی ٢٧٠٠ ساڵ پاش ئاوێستا- تەلەفوز دەکەین کە شکی تێدا نیە لە باری فیزیۆلۆژیشەوە (فلسجە) لەم ماوە زۆرەدا گۆڕانێکی هەر بەسەر هاتووە و (شریتی مسجل)یشمان بە دەستەوە نیە تا بزانین (موغ)ێک لە ئاتەشگەدا ئاوێستای چۆن خوێندۆتەوە، داخوا ئەگەر (یەکێکیان) زیندوو بێتەوە و گوێی لێبێ هەزار و یەک غەڵەتمان لێناگرێ یا گەلێکمان پێ پێناکەنێ؟

یەکێکی تر لە تایبەتەکان زمانی ئاوێستایی تەسریف کردنی صفەت و زەمیر و ناو یا بە گشتی دەزگایەکی پان و بەرین و ئاڵۆزی تەسریفە کە «ئەگەر ئەوان زەمانانەدا نووسراوی ئەدەبی حازر بەدەست نەبوایە کەس نەیدەتوانی شکلی مردووی پاشبەندەکانی تەسریفی ناو و فیعل و دیفتۆنگەکان و عناصری لەیەکچوو کە تایبەتی زمانی ئاوێستایی بوو زیندووکاتەوە»[15]

---

14 بۆ ئەم وشە ئاویستاییانەی لەم باسەدا بنواڕنە: پوورداوود یەسنا، (انجمن ایرانشناسی)، تاران، جـ ١ ، ل-٢٢٤ و ...
ب- ئێستاش هەندران (بهەندرێن) بۆ ئارام بوونەوە و دامرکاندنەوەی جموجۆڵێکی پیاو ئازار بدا، بەکار دێت. زان بۆ ئادەمیزاد و گیان لەبەری پاک و ترەکین (بۆ صەگ و بەراز و.....) و مردن (بۆ مسوڵمان) و ئاوابوون، زایەبوون، ون بوون (بۆ غەیرە مسوڵمان) و تۆپین، مرداربوونەوە، سەکەت بوون (بۆ گیانداری تر) لە زمانی کوردیدا باوە.

15 ١- دیاکۆنۆف سەرچاوەی پێشوو، ل-٤٧٠. ب- مەبەست «لەوان زەمانانەدا» زەمانی دانانی (وەندیدا) بەشێکی ئاوێستایە.

ئەمەش پارچەیەکە لە نووسینی ئاوێستایی کە شێوەی ڕێکخستنی ڕستەمان پێشان دەدات و لە لاپەڕەی ۱۲۲ی «بارام یەشت» کە بەشێکی ئاوێستایە و (م.. ئەورنگ) لیی کۆڵیوەتەوە، وەرگیراوە.

پەئیتی دیم پیرێسەت زەرەتهوشترۆ

کەت زی ئەستی ئەهورە مەزدە

ڤیریتهرە غنەهێ ئەهورە ذاتەهێ

دائیت یۆتیمە یەسنەس چە ڤەهمەس چە

ئەشات هەچە یەت ڤەهیشتات.

ماناکەی بە کوردی دەبێتە:

پاشان زەردوشت لەوی پرسی، ئەی ئاهۆرامەزدا بەڕاستی کامەیە چاکترین ستاییش و عیبادەتی سەرکەوتنی هەرە چاکی ئاهۆرا دابێتی.

ئەم باسە زۆری درێژە کێشا و خەریکە ببێتە لێکۆڵینەوەیێکی زمانی ئاوێستایی و لە چوارچێوەی سەرەتای قامووسێک دەرچێ، بەڵام ڕەنگە خوێنەری بەڕێز قسەی دەگەڵ قسەم بێ ئەگەر بڵێم دوو زمانی زۆر کۆنی مادی و ئاوێستایی کە گومانی تێدا نیە، ئەو کانی و سەراوانەن شەقەجۆی زمانی کوردی ئیمرۆیان لێ هەڵگیراوە، ئەوەندە دێنن کە نەختێک زیاتر لە شتی دی خۆیان پێوە ماندووکەین و لێیان بدوێین.

هەر چۆنێ بێ ئەم باسە لێرەدا دەبڕینەوە و دەچینە سەر باسی زمانێکی تر کە لامان وایە هەم سەرچاوەکانی زمانی کوردی (مادی، ئاوێستایی) کاریان دەوی کردوە و هەم ئەویش کاری دەوان کردوە.

**زمانی پارسیی کۆن**

ئەم زمانە، زمانی ئەو خێڵە (ئاریایی)یانەیە کە پاش گەیشتنە خاکی ئێرانی ئێستا، لە ناوچەیێکی کە ئیمڕۆ پێی دەڵێن (فارس) نیشتەجێ بوون و ناوی خۆشیان بە سەر مەڵبەندەکەدا بڕی و بە (پارس=فارس) ناوبانگی دەرکرد کە وەکوو لە پێشدا باسمان کرد خۆی وشەیێک (مادی)یە، مەڵبەندەکەش لە کاتی ئیمپڕاتۆریتی (ماد)ا بەشێک بۆ لەو ئیمپڕاتۆریە و بۆیە زمانی مادی کە زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ماد بوە زۆر کاری کردۆتە سەر ئەم زمانە و کاتێ لەساڵی ۵۵۹ی پێش عیسادا ئیمپڕاتۆریتی (ماد) بە دەستی (کۆرش) ڕمێنرا و ئیمپڕاتۆریتی (هەخامەنشیان) دامەزرا، زمانی پارسیی کۆنیش بوو بە زمانی ڕەسمی دەوڵەت، ئەوجار نۆرەی ئەوە هات کە ئەو کار بکاتە سەر زمانی مادی.

ئاساری نووسراوی زمانی پارسی، بەردەنووسەکانی پاتشاکانن کە لە هەموویان بە ناوبانگتر بەردەنووسەکەی (داریوش)ـە کە لە شاخی بێستوون هەڵکەندراوە، ئەمەی خوارەوە نموونەی زمانی (پارسی)یە و بەشێکە لە بەردەنووسی (خشایارشا)ی یەکەم کە بە بەردەنووسی (دێو) مەشهوورە.

ئوتا ئەنتەر دەهیاڤا ئاهە یەدا تیە پەروڤەم دەنیڤا ئەیدی پەساڤە ڤەشنا ئەهورەمەزدەها ئەدەم ئەڤەم دەئیڤەدائەم ڤیەکەنەم ئوتا پەتی یەزبەیەم دەئیڤا ما یەدی یەئیشە پەروڤەم دەئیڤا ئەیەدی ئەڤەدا ئەدەم ئەهورە مەزدام ئەیەدەئی.

بە کوردی ماناکەی دەبێتە:

لەم وڵاتە بوو کە پێشان خوایانی درۆزنە (دێوە) دەپەرستران، ئەو کاتە بە ئیرادەی ئاهۆرامەزدا من ئەو خانەی خودایانی درۆزنەم تێکدا و ڕام گەیاند تۆ نابێ خودایانی درۆزنە بپەرستی، ئەو شوێنەی جاران خودایانی درۆزنەی لێ دەپەرستران، هەر لەو شوێنە من ئاهۆرامەزدام پەرست.[16]

وەک دەزانین بەردەنووسەکانی پاتشایانی هەخامەنشی بە خەتی بزماری نووسراون و...

«ئێستا زاندراوە کە خەتی بزماری (پارسیی کۆن) لە زەمانی (کۆرشی دووەم) و ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش عیسا زۆر ڕەواجی هەبووە. ئەم قسەیەش هەر قبوڵ ناکرێ کە ئیمپڕاتۆری گەورەی (ماد) نووسینیان نەبووە و (پارس)ـەکان بوویانە، واز لەوەش بێنین کە خەتی بزماری «پارسیی کۆن» دەگەڵ خەتی بزماریی «بابلی» و «عیلامی» زۆر لێک جیاوازن. هەرچەندە وا وێدەچێ کە دەگەڵ خەتە بزمارییەکانی ئاسیا یەک سەرچاوەیان هەبێ، بەڵام ناتوانین بڵێین ڕاستەوخۆ لەوان وەرگیراون. ئەم قسە مانای وایە کە لەم ناوەدا چەند ئاڵقەیێکمان لێ ونە و زیاتر گومانی ئەوە دەکرێ کە خەتی بزماریی «مادی» و «ماننایی» ئەو ئاڵقە ون و نەزانراوانە بن.

پاشان، ڕێکخستن و شێوەی ئینشای بەردەنووسەکانی پارسیی کۆن (بەتایبەتی دابەش کردنیان بە چەند بەش و دەست پێکردنی هەر بەشێک بە ڕستەی: «فڵانە پاتشا وا دەڵێ») لە بابل و عێلام وەرنەگیراوە، بەڵکوو لە «ئۆرارتوو» خوازراوەتەوە و ئەوە خۆی وا دەگەیێنی کە لێرەشدا شوێنی بەتاڵ و بۆشایی هەیە و ئەو شوێنە بەتاڵانە دەتوانن تەنیا لەوحەکانی پاتشایانی ماننایی و مادی، بن و هیچی تر. ئەو بەڵگانەی سەرەوە نیشان دەدەن کە پارسەکان (ئێرانێکان) خەتی بزمارییان لە (ماد)ەکان وەرگرتووە»[17]

ئەوە بۆمان دەردەخا کە تەئسیری زمانی (مادی) لەسەر زمانی (پارسی) هەر فڕیدانی وشە نەبوە بەڵکوو خەت و ئەلفوبێتکەش دەگرێتەوە.

ئێستا باسی سێ زمانانمان تەواو کرد کە لە لای زانایانی زمانەوانی بە زمانانی دەوری کۆنی خێزانەزمانی (ئێرانی) مەشهوورن، ئەو سێ زمانە «ئاوێستایی» و «مادی» و «پارسیی کۆن» بوون، وەکوو ڕوونمان کردەوە زمانی «ئاوێستایی» لە «مادی» و «پارسی» کۆنتر دیتە بەرچاو.

---

16 ئەم پارچەیەی زمانی پارسی لە «فەرهەنگی فارسی» دوکتور معین، جـ ۱، ل- شەش (مقدمه) وەگیراوە.
17 دیاکۆنۆف، سەرچاوەی پێشوو، ل-٤٥٢.

## دەوری ناوەڕاستی خێزانەزمانی ئێرانی

دەگەڵ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریتی هەخامەنشی بە دەستی ئەسکەندەری مەقدوونی (٣٣١ پ. عیسا) دەوری کۆنی زمانانی ئێرانی دوایی دێت و ئەوجار نۆرەی ئەو گەلەزمانە دادێ کە بە زمانانی دەوری ناوەڕاست ناویان دەرکردوە و ...

«دژوارە کە بڵێین زمانانی ناوەڕاست لە کەنگێرا دەستیان پێکردوە، بەڵام لە بەردەنووسەکانی پاتشایانی ئاخروئۆخری هەخامەنشیرا دەتوانین تێبگەین کە زمانی پارسیی کۆن هەر لەم دەورەرا دەستی داوەتە ساکاربوون و هەڵەی قەواعیدی ئەو بەردەنووسانە دیارە نیشانەیەک بێ کە باوی ئەوە نەماوە گوێ بدەنە ڕێزمان، بۆیە دەتوانرێ دوایی دەوری هەخامەنشێکان (دەوروبەری چەرخی چوارەم پێش عیسا) بە سەرەتای دەرکەوتنی پارسیی ناوەڕاست (پەهلەوی) دابنرێت.»[18]

زمانانی دەوری ناوەڕاستی خێزانەزمانی ئێرانی ئەمانەن: پارتی، پارسی، خوارەزمی، خۆتەنی، سوغدی. دووزمانی پارتی و پارسی هەردووکیان بە (پەهلەوی) ناوبانگیان دەرکردووە، چونکوو لەو زمانانە ئەوی ڕاستەوخۆ پێوەندی بە زمانی کوردییەوە هەبێ هەر پارتی و پارسییە، بۆیە لەم گەلەزمانە هەر باسی ئەم دوانەیان دەکەین.

## زمانی پارتی «پەهلەوی»

زمانی پارتی زمانی خێلانی ئاریایی (پارت)ـە کە لە خاکی خۆراسانی گەورەی ئەوێ زەمانێدا نیشتەجێ بوون و لە ساڵی ٢٥٠ی پێش عیساوە دەستەڵاتی حکوومەتی خۆیان لەو مەڵبەندەدا دامەزراند و پاش لەناوبردنی دەزگای دەستەڵاتی یۆنانێکان، دەستیان بە سەر هەموو میراتی هەخامەنشیدا گرت و جێگەی یۆنانەکانیان گرتەوە پێتەختەشیان لە شاری هێکاتۆم پیلۆس (صەت دەروازە) کە ئیمرۆ (دامغان)ی لە شوێن بنیات نراوە، گواستەوە بۆ تیسفوون (مەدایین).

زمانی ئەم (پارت)انە لە زمانەکانی باکووری ڕۆژاوایی خێزانەزمانی ئێرانییە و زانایانی زمان و کۆنینەناس بە (پەهلەویی ئەشکانی) یا (پەهلەوی باکووری و هەندێ جاریش بە پارتی (= فرثی) ناودەبەن و دەگەڵ زمانی مادی بە دەستەیەکیان دادەنێن.

کۆنترین ئاساری ئەم زمانە کە تا ئێستا کەوتۆتە دەست...

«ئەسنادێکە کە لە هەورامانی کوردستان دۆزراوەتەوە و لەسەر پێستی ئاسک نووسراون یەکێکیان هی ٨٨ ساڵ پێش عیسایە کە بە خەت و زمانی یۆنانی و لە پشتەکەی چەند وشەیەک بە خەتی پارتی نووسراوە و تازەتر دیاردەکا، بەڵگەی دوەم ئی ٨٨ ساڵ پێش عیسا یا ١٢ ساڵ پاش عیسایە (بەستە بەوەی مێژووی دێڕی یەکەم ٣٠٠ یا ٤٠٠ بخوێنێتەوە) و هەمووی بە پارتییە».[19]

---

18 د. معین، فەرهەنگ، ج ١، ل- نۆ «مقدمە».
19 د. معین، فەرهەنگ، ج ١، ل- ٩ «مقدمە».

بەشێکی بەردەنووسەکەی (نەرسی) پاتشای ساسانیش لە (پەیکولی) بەم زمانەیە.

زمانی پارتی زمانی ڕەسمی دەوڵەتی ئەشکانی بووە و بە هۆی دەستەڵاتی سیاسی ماوەی ٤٧٠ ساڵێ لە هەموو خاکی ئیمپراتۆریتیەکەیاندا لە برەودا بوە و لە هەموو کەلێن و قوژبنی ولاتدا بەکارهاتوە، هەر وەکوو باسمان کرد کۆنترین بەڵگەی لە کوردستان دۆزراوەتەوە.

**ئەو زمانەی ناویان ناوە پەهلەویی ساسانی**

زمانێکی پاش ئاڵوگۆڕبوونی دەستەڵات لە ئەشکانیەکانەوە بۆ ساسانیان، وەبرەو کەوتوە ئەو زمانەیە کە زانایانی زمانەوانی بە (پەهلەویی ساسانی) یا (پەهلەویی جنووبی) ناودەبەن کە گۆیا گەر وەک (پارسیی کۆن) لە دەستەی جنووبی ڕۆژئاوایی خێزانەزمانی ئێرانی حیساب دەکرێ.

ئەم لکەی زمانی پەهلەوی پاش ڕووخانی دەستەڵاتی ئەشکانیان (٢٢٤ پاش عیسا) بەرەبەرە جێگەی لکەکەی تری (پەهلە باکووری «ئەشکانی»= پارتی «فرثی») خۆی گرتۆتەوە و تا ٦٥١ی پاش عیسا کە (یەزدگورد) ئاخرین پاتشای ساسانی کوژراوە، زمانی ڕەسمی بوە و بە پێچەوانەی زمانی مادی و پارسیی کۆن، بەڵگەیێکی نسبتا زۆر (بەردەنووس و کتێب) بەم زمانە بەدەستەوە هەیە و...

«درێژترین بەردەنووسی ساسانی، بەردەنووسی (پەیکولی)یە لە کوردستان، باکووری (قەسری شیرین) و بە دوو زمانی ڕەسمی ئەو زەمانە، زمانی پەهلەویی ئەشکانی و زمانی پەهلەویی ساسانی لە لاتەنیشتەکانی بورجێکی چوارگۆشە نووسراوە، وێنەی پاتشا (نەرسی) لە هەر چوار تەنیشتی بورجەکە نەخش کراوە. بەڵام ئەم بورجە ڕماوە و قاعیدەکەی نەبێ هیچی لە شوێن خۆی نەماوە».[20]

بێجگە لە بەردەنووسان، گەلێ کتێب و نامیلکەش بە زمانی پەهلەوی- ساسانی لە فەوتان ڕزگاربوون و ئێستا بە دەستەوە ماون ناوهێنانی هەموویان کەڵکێکی ئەوتۆی نیە، بۆیە باسی یەکێکیان دەکەین، ئەویش نامیلکەیێکە ناوی «کارنامەکی ئەرتەخشێری پایەکان»ـە کە چۆنێتی بە پاتشایەتی ساسانیان و کارەکانی باس دەکا. بۆ نموونەی زمانی پەهلەویی ساسانی پارچەیەکی دەخەینە بەر چاو:

«ساسان شوپانی پایەل بووت و هەمڤار ئەپاک گۆسپەندان بووت و ئەژ توخمەکی دارای دارایان بووت و ئەندەر دوشخفەتاییهی ئەلەکسەندەر، ئەڤێ ڤەریک نیهان رەویشنیهـ ئیستات و ئەپاک کورتییان شوپان رەفت».

بە کوردی دەبێتە:

ساسان شوانی بابەک بوو هەمیشە دەگەڵ مەڕان بوو لە توخمی دارای کۆری دارا بوو لە (دەوری) پاتشایی خراپی ئەسکەندەردا ئەو ڕای کرد و خۆی شاردەوە و دەگەڵ شوانانی کورد ڕۆییشت.

---

20 ئارتور کریستێنین، ئێران لە دەوری ساسانیدا، وەرگێڕانی یەحیا خەشاب «عەرەبی»، ل- ٣٧.

له شوێنێکی تری ئەمناميلکەيەدا باسی شەڕی ئەردەشێر دەگەڵ کوردان دەکا و دەڵێ:

«ئەپەر کاریژاری ئەرتەخشیر ئەپال کووتان و سووب بووتەنی ئەڤی. پەس ئەژ نان وەس سپاهـ ، گوند زاوول ئەڤی هەم کەرت، کاریژاری کورتانشاهی مادێک فروفت. وەس کاریژار، خوون ریژیشنیهـ بووت و سپاهی ئەرتەخشیر ستووبیهـ پەتگرفت».

ماناکەی بە کوردی ئاوایە:

دەربارەی شەڕی ئەردەشێر دەگەڵ کوردان و مەغلووب بوونی وی. پاشان سوپای ئازای زۆری لە (زابول) پێکەوەنا و بۆ شەڕی کوردان شای ماهی بە ئەشتاو ڕۆی، شەڕ و خوێنڕێژیکی زۆر بوو سوپای ئەردەشێر شکا.

ئەوانەم لە نامیلکەیێک وەرگرتووە کە نووسەر و مێژووزانی ئێرانی سەیدئەحمەدی کیسرەوی تەورێزی پەهلەوییەکەی و فارسییەکەشی بە خەت و ئیملای فارسی بڵاو کردۆتەوە، وەکوو دەزانن ڕێنووسی فارسی کەموکووڕی زۆرە و تەنیا بە سەلیقە پیاو دەتوانێ وشەیێکی فارسی، ڕاست بخوێنێتەوە، جا زمانێکی مردووی وەکوو پەهلەوی لەوێ بوەستێ بۆیە ناچار بووم وشە پەهلەوییەکان لەبەر فەرهەنگەکەی دوکتۆر (فرەوشی) ساغ کەمەوە و بە ئیملای کوردی بیبان نووسم، دەمێنێتەوە سەر مانا، من ئەوەی (کیسرەوی)م هەروەکوو خۆی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام وادەردەکەوێ لە مانالێدانەوەکەیدا وردنەبوە یا نەی ویستوە ورد بێ و بە ئانقەست و لەژێر پەردەی وەرگێڕانی (دەقاودەق)دا وردە بابەتێکی لە (نص)ە پەهلەوێکەدا هەیە، تێبردوە، ئەوانەی ئەم نووسەرە بەناوبانگە دەناسن یا نووسینەکانیان دیوە، دەزانن وەختێ باس هاتە سەر (کورد) خوالێخۆش بوو (کیسرەوی) ئەوەی لە باراندا هەبوو، دۆ و دۆشاو تێکەڵ کا و هەزار شەق دە ئەمانەتی عیلمی هەڵبدا.

وەکوو دەزانین لەسەر ئەو مەسەلەیە کە (ماد)ەکان باپیرانی (کورد)ی ئیمڕۆن یان نا، مێژووزان و زمانەوان و زانایانی کۆنینەناس بیروڕای جۆربەجۆریان هەیە و لەم سەرەتایەدا هیندێک لەم بابەتە دواوین و...

«جا بەو جۆرەی لەو نصە پەهلەوییانەی پێشووتر وەرمان گرت، پیاو تێدەگا، دانەری (کارنامەک) کە لە دوایی چەرخی شەشەمی پاش عیسادا ژیاوە، ماد و کوردی بەیەک نەتەوە داناوە هەر وەکوو لەپێشدا باسمان کرد»[21]

بەڵام کاتێ کیسرەوی دێتە سەر «کورتان شاهی مادێک» بە «کوردانشای ماهی» مانا لێدەداتەوە، هەروەکوو «کوردانشا» ناوی پیاوێکی مادی بووبێ و بەم جۆرە لە ئیعتێراف بە یەکێتی (کورد) و (ماد) خۆی دەپارێزی و لە قاعیدەیێکی ڕێزمان کە (پەهلەوی) و (کوردی) و (فارسی) هەرسێکیان تێیدا شەریکن، بۆ ئامانجێکی دوور لە زانست، کەڵکی وەرگرتوە و ئەویش (پێشخستنی صفەتە لە مەوصووف)، لە فارسیدا دەڵێن: شاهەنشاهـ (شاهان

21 مامۆستا تۆفیق وەهبی، ئەسڵی کورد و زمانیان «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد» بەرگی دوەم، بەشی دوەم، ل- ٥، (بەشی عەرەبی)، ١٩٧٤.

شاهـ = شاهی شاهان= پاتشای پاتشایان)، پیرمەرد = مەردی پیر، شامگاهـ وەختی شەو. لە کوردیشدا: گەورەکچ، سەرەژن، کۆنەدێ، پیرەمەڕ، تازەبووک.

ئەگەر لە باتی «کورتان شاهی مادیک» بڵەین «شاهەنشاهی مادیک» ماناکەی بێجگە لە «پاتشای پاتشایانی مادی» نابێتە هیچ شتێکی تر، جا کە وابێ بۆ «کورتان شاهی مادیک» نەبێتە «پاتشای کوردانی مادی» کە هەر ئەمەش مانا ڕاستەکەیەتی و لەو باوەڕەشدا نیم کە (کیسرەوی) بە سەهوو چووبێ بەڵکوو بە ئانقەست وای کردووە، خوا لێی خۆش بێ.

ئەوا لە خوارەوە سەر لە نوێ ئەو پارچە (پەهلەوی)یە، بەو جۆرەی کە من تێی گەییشتووم وەردەگێڕمەوە سەر کوردی:

> «لەسەر شەڕی ئەردەشێر دەگەڵ کوردان و تێشکانی وی- پاشان ئەو زۆر لەشکر و سەربازی لە (زاووڵ) پێکەوە ناو بۆ شەڕی پاتشای کوردانی مادی وەڕێ کەوت»[22].

22 «وەڕێ کەوت»م بەرامبەر وشەی «فروفت» هێناوە کە کیسرەوی بە (شتافت)ی فارسی بە مانای (بەپەلە ڕۆیشت)ی داناوە، (شتافتەن)ی فارسی لە (ئۆشتافتەن)ی پەهلەوی وەرگیراوە و هەر لە (کارنامەک)یدا گەلێ جار دەکارکراوە، ئێمەش لە کوردیدا (ئەشتاو، هەشتاو)مان هەیە کە ڕەنگە کۆنتر بێ لە (ئۆشتافتەن)ی پەهلەوی، بەڵام (فروفت) وا تێدەگەم بەروبووی ئیملای فارسی بێ یا کیسرەوی خراپی خوێندبێتەوە چونکوو مەصدەرێکی پەهلەویی ئاوا نیە و ڕێی دەچێتی (فرەڤیت) بێ لە مەصدەری پەهلەوی (فرەڤیتەن) بە مانای لە جموجول دا بوون، شەپۆل دان، جاری بوون، بارین (تە: فرە، پفا-١٦٠) هەر بۆیەش من ئەم وشەیەم بە (وەڕێ کەوت) مانا لێداوەتەوە.

**بەسەرهاتی زمانی پەهلەویی ئەشکانی**

دەربارەی بەسەرهاتی زمانی پەهلەویی ئەشکانی بیروڕای جۆربەجۆر دەربڕاوە، دوکتۆر معین لە سەرەتای فەرهەنگەکەیدا دەڵێ:

«لەهجەکانی ئێستای ئێران هیچیان بە وەچی ڕاستەوخۆی زمانی (پارتی) حیساب ناکرێن، لەهجەکانی ئیمڕۆی خوراسان سەرپاک لەهجەی زمانی (پارسی)ن و زمانی ئەسڵی ئەم مەڵبەندانە لەبەر هجوومی خێڵاتی جیاجیا و دەسەڵاتی زمانی ڕەسمی دەورانی ساسانیان لەناوچوە، بەڵام زمانی (پارتی= فرثی) لە دەوری حکوومەتی ئەشکانیان و پاشانیش، کاری دە زمانی (پارسیی ناوەڕاست) کردوە و نیشانەی ئەم کارتێکردنە لە زمانی فارسی ئیمڕۆشدا دەتوانین ببینین.»[23]

هەر بەڕاستی سەیرە، زمانی نیزیکەی ٤٧٠ ساڵ زمانی ڕەسمی وڵاتێکی پان و بەرین بووبێ و هیچی لێ نەکەوتبێتەوە و بە جارێ شوێنەوای کوێر بووبێتەوە.

زمانی پەهلەویی ئەشکانی وەکوو باسمان کرد زمانی خێڵاتی ئاری (پارت)ـە کە پاش ئەوەی گەیشتوونە ئەو خاکەی ئیمڕۆ ناوی (ئێران)ـە لە باکتریا (خۆراسانی گەورە)دا جێگیربوون و ناوی خۆیان لە قاڵبی (پەرتهوە -یا- پەرثوە)دا بەسەر نیشتمانی تازەیاندا سەپاند تا ئەو کاتەی نۆرەیان گەییشتە سەر و بوونە میراتگری دەستەڵاتی یۆنانییەکان، لەو قۆناغەدا زمانەکەیان بە (پەهلەوی) کە ئەنجامی تطوری وشەی (پەرتهوە)یە ناسراوە و ئەم ناوە بەسەر زمانی ڕەسمی ساسانیشدا سەپاوە، لە بارەگای پاتشایانی ساسانیدا گەورە پیاوانی دوو بنەماڵەی (قارن) و (سوورێن) کە بنەچەکەیان دەچۆوە سەر (پارت)ـەکان نازناوی (پەهلەوی)یان هەبوو.

دەڵێن زمانی ڕەسمی ساسانییەکان کە بە (پەهلەویی ساسانی) مەشهوورە لە زمانی پارسیی کۆن کەوتۆتەوە-ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ساسانی خۆیان دەچوونەوە سەر هەخامەنشییان - کە ئەویش بە حیسابی زمانەوانانی ئیمڕۆ یەکێکە لە زمانەکانی جنووبی خێزانەزمانی (ئێرانی)، لە حاڵێکا زمانی (پارت)ـەکان لە زمانانی باکووری ڕۆژاوای ئەو خێزانەزمانە حیساب دەکرێ. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتەپێش بۆچی هەردووکیان ناوی (پەهلەوی)یان لێ نراوە!؟. پرۆفسۆر پووررداوود فەرق و جیاوازی بۆ ئەم دوو زمانانە دانانێ و دەڵێ

«پەهلەوی نۆ صەت ساڵ بە ڕەسمی درێژەی کێشاوە، یەعنی لە ٢٥٠ ساڵ پێش عیسارا دەگەڵ هاتنە سەرکاری (ئەشکی یەکەم) سەرۆکی خێزانی ئەشکانییان کە لە (پارت=خوراسان) هەڵستا، تا ٦٥١ی پاش عیسا (٣١ی کۆچی) کە ساڵی کوژرانی (یەزدگورد)ی سێیەم دوامین پاتشای بنەماڵەی ساسانییانە، کە خەڵکی (فارس) بوون».[24]

ئەم قسە ئەوە دەگەیێنێ کە (پەهلەویی ساسانی) و (پەهلەویی ئەشکانی) ئەوەندەیان فەرق نەبوە کە دەوری دەستەڵاتیان لێک جیا بکرێتەوە، لە لایێکی دیکەشەوە (یەک ناو) بۆ دوو زمان تەنیا وەختێ ڕەوایە کە لە گەلێ بابەتی زمانەوانییەوە بەتایبەتی لە باری گراماتیکاوە تا ڕادەیێکی زۆر وەکوو یەک بن. دەنا لام وا نیە هەر کارتێککردن و فرێدانی وشە و زاراو بۆ ناو یەکتر، دوو زمانان وا لێبکا ئەوە هەڵبگرێ یەک ناویان لێ بنێن،

---

23 د. معین، فەرهەنگ، جـ ١ ، ل- دە «مقدمە»

24 پووورداود، «زبانها و لهجەهای ایرانی»، بورهان، جـ ١، ل- هەشت «مقدمە».

بەتایبەتی ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە ئەوێ دەمێ ئەم کێش و پێوانە زانستییە وردەی ئێستا هەیە، بەدەستەوە نەبوە کە لە ئەنجامی لێکدانەوەیێکی زانستی ناوی (پەهلەوی) بەسەر زمانی دەوری (ئەشکانی) و (ساسانی)دا ببڕن و تەنیا وەکیەکێکی زۆر بەرچاو لەبارێدا هەبووە ببێتە هۆی ئەم ناولێنانە.

ئەگەر ئەوەش بێنینەوە بەرچاو کە پاتشایانی ساسانی گەلێ لە بەردەنووسەکانیان بە دوو زمانی پەهلەویی ئەشکانی و ساسانی نووسیوە کە نەخشی (پەیکوڵی) یەکێکیانە، تێدەگەین کە زمانی پەهلەویی ئەشکانی ئەوەندە لە ناو خەڵکدا باو بووە بۆ ئەوەی خەڵکی باش دە قسەی پاتشا بگەن بە (زمانی خۆیان) بۆی نووسیون و وەکوو زمانێک ئەوەندەی ئەهمیەت هەبووە، پاتشا شانبەشانی زمانی ڕەسمی دەوڵەت پێی بنووسێ و بە یادگار بۆ پاش خۆی بەجێی بهێڵێ و ...

«... لەدوای پەهلەویی ئەشکانی کە ساسانێکان هاتنە سەر تەختی ئێران لە خوارووی ئێراندا، زمانی (فارسی-پەرس) لەو دەمەوە بوو بە هەوێنێکی زمانێکی پەسندی تر (دەستکرد)ی ئێرانی کە هەموو سامانی نووسراوی ئەشکانی گرتە خۆی...»[25].

لە هەموو ئەوانەی باس کران ڕەنگە بتوانین ئەمانەی خوارەوە ئیستینتاج بکەین:

1) زمانی پەهلەویی ساسانی هەر زمانی پەهلەویی ئەشکانی بووە و بە (پارسیی کۆن) موتوربەکراوە، سەرەڕای ئەوەش زۆر وشەی ئارامی تێکەڵ بوە کە دەنووسران و لە خوێندنەوەدا فارسیەکانیان دەخوێندرایەوە (هوزواریش).
2) پەهلەویی ساسانی هەر زمانی ڕەسمی و ئەدەبی بارەگای پاتشایان بوە و خەڵک بە زمانە ناوچەیێکانی خۆیان قسەیان کردوە.
3) زمانی پارسیی کۆن پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریتی هەخامەنشی (لە دەوری دەستەڵاتی یوونانی و ئەشکانی و ساسانیدا) لە ناو خەڵکی ناوچەی ئەسڵی خۆی (پارس) و هەندێ شوێنی دەرەوەی ئەو ناوچەیەش تطوری ئاسایی خۆی درێژە پێداوە و لە دەوری ساسانیدا بە ناوی زمانی (دەری) ناسراوە و «بیروڕای بڵاو ئەوەیە کە پاش هاتنی عەرەبان بۆ ئێران، زمانی پەهلەوی هەندێ گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەبەرە بوو بە زمانی فارسی لە دەورەکانی پێش ئیسلامیشدا- شان بە شانی پەهلەوی- هەبوە».[26]

لەو قسانە بۆمان دەردەکەوێ کە پەهلەویی ئەشکانی و ساسانی هەر ئەوەندەیان فەرق بوە کە ئی دوەمیان هەر وەکوو دوکتۆرە پاکیزە ڕەفیق حیلمی دەڵێ هەوێنێکی لە زمانی ئەسڵی ساسانیان (پارسیی کۆن) تێکراوە، ئەگینا هەر پەهلەویی ئەشکانی بوە و پارسیی کۆن ڕچەی تطوری خۆی درێژە پێداوە و لە زەمانی ساسانیاندا بە ناوی زمانی (دەری) یا (پارسی دەری) یا وەکوو فەرەنگی ناویان لێناوە (پارسیک)، قسەی پێکراوە.

وەکوو لە مێژوودا باسکراوە نەخشی مۆری نەوشیروان (کیسرا) ئەم ڕستەیە بوە «هەرەک ڕەوەز چەڕەذ و هەرەک خوسپەذ خواب بینەذ» کە بە زمانی (دەری)یە و بە کوردی دەبێتە: (هەر کەس بڕوا- بجووڵێ- دەڵەوەڕێ — دەخوا - و هەر کەس بخەوێ خەونان دەبینێ) و «زمانی پارسی تازە یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی

25 د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، لەکوێوە دەست بکەین بە دەستوورسازی ڕێزمانی کوردی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی یەکەم، بەندی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣ بەغدا ل-١٩٨.
26 د. معین، بورهان، ج ١ ، ل-بیست وحەوت (مقدمە).

ئێرانی ئیسلامی بڵاو بۆوە، چونکوو زمانی خەڵکی ڕۆژاوا و باکووری ئێران لە چەرخەکانی سەرەتای ئیسلاما پەهلەوی و لەهجەی ناوچەیی بوە»[27].

ئەوا زانیمان کە زمانی (پارسیی کۆن) لە دەوری ساسانیاندا بۆتە زمانی (دەری) و پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە قۆناغێکی تری تطوری خۆیدا بۆتە زمانی (فارسی) ئیمڕۆ، ئەدی زمانی پەهلەوی کە ویڕای زمانە ناوچەیێکان لە ڕۆژاوای ئێرانی سەرەتای ئیسلام قسەی پێکراوە، چی بەسەر هات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە... پەهلەویی ئەشکانی بێ شک نەتواوەتەوە یا لەپڕ نوقمی دەریا نەبوە.. ماوە و لە کاتی ساسانیانیشدا هەر بەنرخ بوە چونکو سامانی ئایینی ئێران و بیر و هۆشی هەموو بەو شێوەیە نووسراوە تا ماوەیێکی زۆریش دوای ئەشکانیەکان هەر پێی نووسراوە دیارە لە شێوەی ئاخاوتندا هەر زیندوو بووە و نەفەوتاوە...»[28]

و لە دواییدا کە دەستەڵاتی سیاسی ئیسلامەتی دامەزراوە، ئەویش وەک زمانی (دەری) بە قۆناغی تازەی تطوری تەبیعی خۆیدا جمیوە و لە کوردستان بۆتە بنەمای یەکێ لە لەهجەکانی ئێستای زمانی کوردی کە لەهجەی جنووبییە.

**زمانی کوردی**

کە دەڵێین زمانی کوردی، مەبەست ئەو زمانەیە کە ئێستا کورد قسەی پێدەکەن. هەر وەکوو پێشان باسمان کرد گەلێ زمانەوان و ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی دەگەڵ زمانی کوردی خەریک بوون، زۆربەی ئەو زانایانەی کە بە شێوەیێکی گشتی یا تایبەتی لە زمانی کوردی دواون گوتوویانە کە ئەم زمانە لە بنەمای زمانەکانی هیندوئوروپایی و بنەماڵەی هیندوئێرانی و لە خێزانەزمانی (ئێرانی)یە و دەگەڵ زمانی (فارسی) خزمایەتی نیزیکی هەیە.

جا زمانی کوردی کە ئەوە حاڵێتی چۆن پەیدا بووە؟ ئاشکرایە زمانی هەموو وڵاتێ زمانی دانیشتوانی وڵاتەکە دەبێ، ئەگەر ڕووداوەکانی مێژوویی ئاڵوگۆڕێکی نەتەوەییان لە وڵاتەکەدا پێک نەهێنابێ ئەوا زمانەکەش هەر زمانی دانیشتوەکانی کۆنی وڵاتەکەیە و پێچەوانەی ئەمەش پێچەوانە دەبێ. جا با بزانین مەسەلەکە بۆ زمانی کوردی چۆنە؟.

ئەم وڵاتەی کە پێی دەڵێن کوردستان و نەتەوەی کوردی تێدا دادەنیشێ، پاشماوە و ئێسکلێتی ئینسانی دەوری قەدیمی بەرد (العصر الحجری القدیم)ی لێ دۆزراوەتەوە و «ئەو ئێسکلێتانەی لە ئەشکەوتی (شانەدەری) دۆزراونەوە، ئەهمیەتێکی زۆر گەورەیان هەیە چونکوو یەکەم جارە کە لە عێراق ئێسکلێتی ئینسانی (دەوری قەدیمی بەرد) دەدۆزرێتەوە کە ٦٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا کوردستانی عێراقی کردۆتە نیشتمانی خۆی»[29].

شێصت هەزار ساڵ لەوەی پێش ئەو شوێنەی ئێستا ناوی کوردستانە ئاوەدان بووە و دیارە خەڵکەکەشی زمانێکیان هەبوە پێی بدوێن، بەڵام چونکوو باسی ئەو زەمانە کاری زانایانی کۆنینەناسە (علماء الاثر) بۆیە بە خێرایی تیشکی هەتاو پەنجاوحەوت هەزار و دووصەت ساڵێک بەسەر باڵی زەماندا بەرەوپێش دەخوشین و

27 د. معین، بورهان، ج ١ ، ل- بیست و هەشت «مقدمه».

28 د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، سەرچاوەکەی پێشوو، ل-١٩٥.

29 مامۆستا تەها باقر، چەرخەکانی پێش مێژوو لە ژیاری مێسۆپۆتامیادا لەبەر ڕۆشنایی پشکنینی شوێنەوارەکانی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەندی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، بەغدا، ل ٥٩١.

خۆمان دەگەیێنینە ئەو دەور و زمانەی کە خێڵاتی (ماد) گەییشتوونە (ئێران)ی ئێستا و ڕۆژاوای ئاسیا و تووشی چەند نەتەوەییێکی خۆجێی (لۆللۆ، گۆتی، کاسی، شووباری= خووری یا هووری) بوون کە لەو دیوەودیوی چیای زاگرۆس، تا ڕادەییێکی باش ژیانی خۆیان ڕێکخستبوو، دەوڵەت و شارستانەتێکی نیمچە پێشکەوتوویان هێنابوە وجود.

مادەکان لە ماوەی ٢٠٠ ساڵێکا هەموو ئەوانەیان تێکەوە پێچاوە و لە ساڵی ٦١٢ی پێش عیسا ئیمپراتۆریێتی گەورەی (ماد)یان دامەزراندوە و زمانی مادی بۆتە زمانی ڕەسمی. لەو ڕۆژەڕا تا ئەو کاتەی ئیسلامەتی لە کوردستان بڵاوبۆتەوە سێزدە قەرنی بەینە، لەم ماوە درێژەدا خاکی مادی گەورە و بچووک و ئەو خاکانەش کە خراونە سەر خاکی ماد لە باری عەسکەری و سیاسییەوە گەلێ دەستاودەستی کردوە و دەستەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەستی نەتەوە و خەڵکی جۆربەجۆر کە زمانیان دەگەڵ زمانی مادەکان لێک جیابوە و هەر دەسەڵاتێک هاتوە زمانی خۆی وەکوو زمانێکی ڕەسمی بەسەر ولاتاندا سەپاندوە، لە هەلومەرجی ئەوان ڕۆژگاراندا کە هەموو بابەتەکانی کۆمەڵایەتی کاڵ و کرچ و نەمەییو بوون، ئەم دەستەڵاتگۆڕکێیە ناتوانێ لەسەر ئەو بابەتانە بێ تەئسیر بێ و کاریان تێ نەکا. مێژوو گەلێ ڕووداوی وای لەبیرە کە دەستەڵاتی سیاسی لە ولاتێک بۆتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتی نەتەوایەتی ئەو شوێنە، زمان هەر لەوێ ڕاوەستێ. شوێنەواری کارتێکردنی دەسەڵاتگۆڕکێ لە ڕۆژهەڵاتی خاکی ئیمپراتۆری (ماد)ا ئیمڕۆ بە ئاشکرا دەبیندرێ، بەڵام لە ڕۆژاوای (ماد) ئیشەکە پێچەوانەیە و نەک هەر وەکوو خۆی ماوە بەڵکوو دەستەڵاتی (ماد)ان چلۆنایەتی نەتەوەیی و زمانی هەندێ شوێنێ کە پاشان خراوەتە سەر خاکی ماد، گۆڕیوە و هێناویێتە سەر ڕچەی تطوری مادی و شانبەشانی بەشەکانی ڕۆژاوای ماد تطوری پێکردوون.

زۆربەی مێژووزانانی بەناوبانگ لەو باوەڕەدان کە (کورد)ی ئیمڕۆ نەوەی (ماد)ەکانی دوێنێن «ئەگەر کورد نەوەی مادەکان نەبن ئەدی نەتەوەییێکی وا کۆن و بەدەستەڵات چی بەسەر هات و ئەو هەموو هۆز و تیرەی کورد، کە بە یەک زمانی ئێرانی و جیاواز لە زمانە ئێرانییەکانی دیکە قسە دەکەن، لەکوێوە هاتوون.»[30]

وتمان زمانی هەر ولاتێک - ئەگەر ڕووداوەکانی مێژوو نەیان گۆڕیبێ- زمانی دانیشتوانی کۆنی ولاتەکەیە، وەکوو باسکرا ڕووداوەکانی مێژوو، دەستەڵاتگۆڕکێی سێزدە قەرن نەیتوانیوە لە بەشی ڕۆژاوای (ماد)دا شتێ بگۆڕێ و دانیشتوانی ئەم بەشەی (مادستان)ی کۆن ئیمڕۆ کوردن کە «نەوەی مێدێکانن» ئاخوا! بێجگە لەوەی کە بڵەین زمانی (کوردی)ش لە بنەڕەتا ئەنجامی گۆڕان و گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانی (مادی)یە، شتێکی ترمان لەدەست دێ؟ نەخێر! چونکوو هەموو بەڵگەییێکی مێژوویی کە زانایان- تەنیا بۆ مەبەستی خزمەتی زانست- داویانەتە بەر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، تا ئێستا هەر ئەو حەقیقەتەیان ئاشکرا کردوە کە زمانی (کوردی) ئیمڕۆ بەروبووی تطور و تەکامولی زمانی (مادی) دوێنێیە.

وەکوو دەزانین (زمان) دیاردەییێکی زیندووی کۆمەڵایەتییە، بەپێی قانوونی تایبەتی خۆی دەگۆڕێ، گەشە دەکا و پەرەدەستێنێ و لەم ڕەوتی تەکامولەی خۆیدا زمانانی تر کاری تێدەکەن و ئەویش کاریان تێدەکا و جاری واش هەڵدەکەوێ لەم ڕێگەیەدا دەمرێ. جا زمانی (مادی)ش لەم قاعیدەیە دەرنەچوە و لە هەموو ئەو زمانانەی بەهۆی دەستەڵاتی سیاسی، لە خاکی (ماد)ا زمانی ڕەسمی بوون تەئسیری قبووڵ کردوە و تەئسیریشی تێکردوون و بە زیندوویی گەییشتوتە ئیمڕۆ.

بەتایبەتی زمانی پارتی (فرثی= پەهلەویی ئەشکانی)، کە بەڕای زانایانی زمان دەگەڵ زمانی مادی لە دەستەزمانی ڕۆژاوای باکووری خێزانەزمانی (ئێرانی) حیساب دەکرێن، لەوانی دیکە زیاتر کاری کردۆتە سەر زمانی (مادی) و

30 پرۆفسۆر مینورسکی، کورد نەوەی مێدێکانن، وەرگێڕانی د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بەندی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، بەغدا، ل ٥٦٣.

شوێنەواری ئەم کار تێکردنە - وەکوو پاشان باس دەکرێ - ئیمڕۆ لە لەهجەی جنووبی زمانی کوردیدا دەبیندرێ.

دەگەڵ ڕووخانی ئیمپڕاتۆریێتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە کوردستان قۆناغێکی نوێ بۆ زمانی کوردی دەس پێدەکا - کە بە جیا باسی دەکەین - جا ئێمە لە زمانی (مادی) ئاخروئۆخری دەوری ساسانی بەڵگەیێکی نووسراومان بە دەستەوە نیە تا بتوانین بە وردی ڕایەکی لەسەر دەربڕین، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەمان لێ ناگرێ بڵەین: ئەو زمانە لەو زەمانەدا، زمانی (مادی) بوە کە لە چاو زمانی زەمانی دەستەڵاتی ئیمپڕاتۆریێتی (ماد) تطورێکی ١٣٠٠ ساڵەی بەسەردا هاتوە. هەر بەو نیسبەتەی کە زمانی (پارسیی کۆن) تطوری کردوە و بۆتە زمانی (دەری= پارسیک) و ئامادەیی ئەوەی پەیدا کردوە زمانی (فارسی) ئێستای لێ بکەوێتەوە، مەنتیقی سەلیم ئەوە دەسەپێنێ کە زمانی (مادی)ش تطوری کردبێ و ئەوەندەی گۆڕانی زمانەوانی بەسەردا هاتبێ و وەها ساکار بووبێتەوە بۆ ئەوە دەست بدا زمانی (کوردی) ئیمڕۆی لێ پەیدا ببێ.

## زمانی کوردی پاش ئیسلام

هێشتا نیوەی یەکەمی چەرخی حەوتەمی عیسایی تەواو نەببوو کە دینی ئیسلام و لەشکری ئیسلام گەییشتە ناوجەرگی ئیمپڕاتۆریێتی ساسانی و لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەڵیان تەکاند.

بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە بەشەکانی ئەو ئیمپڕاتۆریێتیەدا، لە هەر لایەکەوە و بە هەر بارێکدا تەماشای دەکەی، ژیانی ماددی و ڕۆحی خەڵکی خستۆتە دەورانێکی تازە: دەستەڵاتی سیاسی پێشووی کە لەسەر بناغەی (چوارچینە)ی پڕ لە فەرق و جیاوازی دامەزرابوو گۆڕیوەتەوە بە جۆرە دەستەڵاتێ کە لەسەر تەمەڵی (وامرهم شوری بینهم) بنیات نراوە. دینی زەردوشت کە (موغ)ـەکان بۆ قازانجی خۆیان و دەستەڵاتداران، شێواندبوویان شوێنی خۆی بۆ دینێکی تازەی خەڵکراکێش چۆڵ کرد کە عەرەبێکی (بەدەوی) و پاتشایەکی (غەسسانی) بەرامبەر یەکتر دادەنا.

لە لانی زمانیشەوە (ئاوێستا) و (ئاوێستایی) کە زیاتر لە سێزدە چەرخان بوو تەئسیرێکی بەرچاویان لە سەر (خەڵک) و (زمانی خەڵک) دەکرد، پاشەوپاش کشانەوە و ئەو ئەرکەیان بۆ (قورئان) و (زمانی قورئان) بەجێ هێشت.

دینی ئیسلام ئەرکی وای تێدابوو کە دەبوایە خەڵک وەکوو پێویستێکی دینی جێبەجێیان بکەن و لە دینەکەی پێشوویاندا نەبوو، بۆیە دەبوو ناوی ئەم ئەرکە دینییانە لە زمانی دینی تازە وەربگرن، هەروەک وەریان گرتوە.

زمانی دینی تازە (دەنگ)ی وای تێدابوو کە لە زمانەکانی (ئێرانی)دا بەرچاو نەدەکەوت، گومانی تێدا نیە کورد یا فارسێکی سەرەتای ئیسلامەتی تا ماوەیێکی زۆر نەیتوانیوە ئەوان دەنگانە وەکوو عەرەبێک تەلەفوز بکا، فارسەکان و گەلێ نەتەوەی مسوڵمان ئێستاش ئەو دەنگانەیان وەکوو خۆی بۆ ناگوترێ. بەڵام کورد دەنگی (ض)ی لێدەرکەی ئەوانی دیکەیان بە چاکی بۆ دێ و دەیڵێن، بە جۆرێ کە وەکوو دەنگێکی ئەسڵی زمانی کوردییان لێهاتوە، نەک هەر ئەوەندە و بەس بەڵکو گەلێ وشەی پەتی کوردیش هەندێ لە دەنگەکانیان- (ک، یا گ)ی کوردی بە (ق)ی عەرەبی- گۆڕیوەتەوە بەو دەنگانەی کە زمانی دینی تازە هێناونیە کوردستان.

به کورتی، بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە بەشەکانی ئیمپراتۆریتی ساسانی، تۆماری دەورانی ناوەندی تطوری زمانەکانی (ئێرانی) تێکەوە پێچاوە و تا یەک دوو سەدە پاش ئیسلام زمانی عەرەبی کە زمانی دینی تازە بوو لە جێگەی زمانی پەهلەوی بوو بە زمانی ڕەسمی دەستەڵاتی سیاسی و دینی و ئەدەبی. ئەوجار دەورانی تازەی گەشەکردنی ئەم زمانانە دەست پێدەکا.

شک لەوەدا نیە کە زمانانی ناوچەیی بەشەکانی ئەم وڵاتە تازە مسوڵمانە، لە باو نەکەوتوون چونکوو زمانی گفتوگۆی خەڵک بوون و تطوری خۆیان لە هەلومەرجێکی تازەدا درێژە پێداوە.

تەفاعولی زمانە ئێرانییەکانی ئاخروئۆخری دەوری ساسانی و سەرەتای ئیسلام و لەهجەکانیان، لە ناو خۆیان و دەگەڵ هەلومەرجی تازە، لە دەوری تازەی تطوری ئەم زمانانەدا لە ڕۆژهەڵاتی ئێران (فارسی تازە) و لە ڕۆژاواشی (کوردی) لێکەوتۆتەوە کە هەر دووکیان کۆمەڵێ لەهجە و بنلەهجەیان هەیە «پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلام، فارسی نوێ لەهجەیێک بوو کە بە پێی بناغەی زۆر کۆن دەگەڵ لەهجەکانی تر تێکەڵ بوو، ئەو تێکەڵاوییە پێشان زەمانی ساسانییەکانیش، ڕووی دابوو»[31] فارسەکان زووتر لە کوردان کەوتنە خۆ و زمانەکەیان بووژاندەوە و دەستیان بە نووسین کرد، وادیارە کتێبی (شانامەی ئەبومەنسووری) کە خۆی لە ناوچوە و تەنیا سەرەتاکەی بە دەستەوە ماوە، ئەگەر یەکەم کتێب نەبێ، کۆنترین کتێبەکە بە زمانی فارسی تازە نووسراوە (ساڵی ۳۶۴ی کۆچی ۹۶۷ی عیسایی) و لە فەوتان ڕزگار بوە.

کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کوردی لە دەوری تازەدا چوارینەکانی (بابا تایەری عوریان)ـە[32] کە لە سەرەتای چەرخی یازدەهەمی عیسایی لە (هەمەدان)ی ئێستا- هەنگمتەنای پاتەختی مادەکان- بە لەهجەی جنووبی دایناوون.

بەنیازی نیزیک کردنەوەیان لە فارسی، گەلێ دەسکاریی ئەم چوارینانە کراوە، بەڵام هیچ گومانی تێدا نیە کە (بابا) چوارینەکانی خۆی بە شێوەی ئەو چوارینە فولکلۆرییانەی کە لەو سەردەمەدا بە ناوی (فەهلەوی= پەهلەوی) ناسراوون، گوتوە.

بۆ ئەوەی بزانین (فەهلەوی) چ بوە گوێ لە دوکتۆر معین دەگرین کە دەڵێ:

> «فەهلەوییە — (معر: پەهلەوی)... ٣- شیعرێکی بە یەکێ لە زمانە ناوچەیێکانی ئێران (بێجگە لە زمانی ئەدەبی و ڕەسمی) لەسەر وەزنێک لە وەزنەکانی عرووز یا وەزنی هیجایی دانرابێ و بەشێکیان لە قالبی (دوو بەیتی)دان».[33]

فەهلەوی یا فەهلەویات بە هەوای تایبەتی وەکوو گۆرانی خوێندراونەوە و ئەو هەوایە جاروبار هەر (پەهلەوی) و هەندێ جاریش (ئۆرامە، ئۆرامەن و ئۆرامەنان)یان پێگوتوە و ...

> «ئۆرامەن (ئۆرامەنان) هەوایەکی کۆنی مۆسیقایە وەکوو بەحری (هزجی مسدس) دەچێ، فەهلەوییانیان پێ دەکوت»[34].

---

31 د. معین، بورهان، جـ ١، ل-٢٥ و ٢٦.

32 بوون و مردنی (بابا) بەڕاستی نەزانراوە، هەندێ نووسیویانە لە ساڵی (٤١٠)ی کۆچی مردوە و هەندێکیش دەڵێن (توغرول شای سەلجووق) لە ٤٤٥ی کۆچی لە هەمەدان چاوی پێکەوتووە.

33 د. معین، فەرهەنگ، جـ ٢، ل-٢٥٨٨.

34 د. معین، فەرهەنگ، جـ ١، ل- ٤٠٠.

ڕەنگە زۆر خۆماندووکردنی پێ نەوێ بۆ ئەوەی بزانین (ئۆرامەنان) شێوەی فارسی (هۆرامەنان)ی کوردییە و دەگەڵ وشەی (هەورامان)یەکن هۆرامەنان، هۆرئامانان [هۆر+ئامان (هاتن) + ٢- ئان/٢] کاتی خۆرهەڵات. هەروەکوو دەڵەین: بەیانان. ئێواران، .... وەکوو دەزانین کاتی خۆرهەڵات تا نیوەڕۆ، یەکێک بوە لەو پێنج کاتەی (زەردوشت) داناوە بۆ عیبادەت و دوعای تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمەی خوارەوە پارچەیەکێتی و چەند جار دووپاتە دەکرێتەوە: «نمۆ هڤەرە خشەئیتە ئۆرڤەد ئەسپائی»[35] مانای دەبێتە: نمێژ بۆ هۆر (خۆر، هەتاو)ێ دەدرەوشێتەوە ئەسپ تیژ (خۆشڕۆ، خۆشبەز)ە.

بێ گومان ئەم دوعایەش وەکوو هەموو عیبادەتی زەردوشتیان، بە هەوایەکی تایبەتی، جا یا بە دەنگی بڵیند یا بە (زەمزەمە) خوێندراوەتەوە و دەشێ خەڵک پێیان گوتبێ نوێژ یا عیبادەتی (هۆرئامانان) و ئاشکرایە کە پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی (دوعا) و (عیبادەت)ـەکە هەردووکیان لە باو کەوتوون، بەڵام (هەوا) کە لە ناو خەڵکدا هەر ماوە و کەمکەمە بۆتە هەوای گۆرانی و (فەهلەوییات)یان پێ گوتوە، بە لای منەوە (هۆرە) کە ئێستا یەکێکە لە هەواکانی گۆرانی کوردی، هەر (هۆرئامانان)ـەکەیە کە بەشێک لە ناوەکەی پاراستوە و، وەک (ئەڵڵاوەیسی) بە تەواوی ناوی نەگۆڕاوە.

لە لەهجەکانی تری زمانی کوردی نوێ تا چەرخەکانی ١٧ و ١٨ شتێکی نووسراومان بە دەستەوە نیە و هەرچی هەیە (فۆلکلۆر)ە کە وێڕای تێپەڕینی ڕۆژگار و بە سەر دەم و زارانەوە گەلێ گۆڕانی بەسەردا دێ و ڕەنگی ئەسڵی دەشۆرێتەوە و ڕەنگی زەمانێکی معینی لێدەدرێ، ئەوی کە لە کەرەستەی فۆلکلۆری نەتەوەییێکدا نەگۆڕێ (جەوهەر)ە و تا ئەو ڕۆژەی دەخرێتە سەر کاغەز (شکڵ)ی لە گۆڕانێکی داییمیدایە. جا بۆیە فۆلکلۆری کوردیش لە بارەی لەهجەکانی تری زمانی کوردی لە چەرخەکانی سەرەتای ئیسلاما هیچ شتێکمان بەدەستەوە نادات.

ئەم وەزعەی زمانی کوردی ئەنجامی گەلێ هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینییە و ئەوی دوایی بەلای منەوە لە هەموان کاریگەرتر بوە، چونکوو پاش بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە کوردستان، کورد ئەوەندەیان دڵ بە دینی تازە خۆش بوە کە زانایانی کورد هەموو توانستی خۆیان بۆ تێگەییشتن و تێگەیاندن، بۆ گەشەپێکردن و پەرەپێدانی دینی ئیسلام تەرخان کردوە و هەموو شتێکی تریان بەلاوە ناوە، دیارە ئەمەش گەلێ ئەنگێزەی بە تەووژمی هەبوە کە لێدوان و لێکۆڵینەوەیان ئەرکی مێژووزانانە.

وتمان چوارینەکانی (بابا) کۆنترین بەڵگەی نووسراوی کوردییە کە بەدەستەوە ماوە، بەڵام بۆ ئەو ئاسارەی لەناوچوون وتەیێکی دوکتۆر عبدالحلیم منتصر دەخەینە بەرچاو.

دوکتور لە ژمارە ٢٠٠ی مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٧٥ی گۆڤاری «العربي» چاپی کوێتدا وتارێکی بەناوی «ابن وحشية وكتابه في الفلاحة وهو اقدم الكتب في العربية» نووسیوە دەڵێ:

«... وانه نقل اكثر كتبه من اللغة النبطية، ولم ينشر من تاليفه في اللغة العربية سوى «شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام» وقد ذكر في آخر كتابه هذا انه ترجم من اللغة الكردية، كتابا في علل المياه وكيفية استخراجها واستنباطها من الاراضي المجهولة الاصل».

35 موبەد ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ، وردەئاوێستا، (چاپی ڕاستی)، تاران ل-٤ و ١٧.

ماموستا (گیوی موکریانی)ش له فەرهەنگی مەهاباددا (ل ٧٧١ و ٧٧٢) ئەم باسەی درێژتر بەیان کردوە و بە پێی نووسینی ئەوان (ابن وحشیه) کتێبی «شوق المستهام...»ی لە ٢٤١ی کۆچیدا نووسیوە، دیارە کە لە دوایی ئەم کتێبەیدا باسی وەرگێڕانی کتێبێکی کوردی دەکا، ئەم کاری دەکەوێتە پێش نووسینی «شوق المستهام» و کتێبێ لە سالانی سەرەتای چەرخی سێیەمدا بەدەست خەلکەوە بووبێ هیچ نەبێ دەبێ چەند سالێ بەسەردانانیدا تێپەڕیبێ بۆیە ئەم کتێبە کوردییەی (با ناوی لێ بنێین «ئاونامە») کە (ابن وحشیه) کردوویە بە عەرەبی بەلانی کەمەوە دەبێ لە سالانی دوایی چەرخی دوەمدا داندرابێ.

**لەهجەکانی زمانی کوردی**

> «عامیلێکی بنجی هەیە کە پیاو سەری لێی سوورِ دەمێنێ و یەکێتیی کۆنی کوردان پێشان دەدا، ئەویش زمانەکەیانە کە چەندی لەهجەکانی فەرقیان هەبێ هێشتا لەباری دەنگ و ڕێزمانەوە یەک زمانە و زمانێکی ئێرانییە، ئەگەرچی تا ئەندازەیەک دەگەڵ زمانی گەورەی ئێرانی فەرقی هەیە».[36]

بەڵێ! زمانی کوردی لەهجەی جۆربەجۆری هەیە، ئەو لەهجانەش دەگەڵ یەک فەرقیان هەیە. بەڵام وەنەبێ زمانی کوردی بەم حاڵەیەوە (هەبوونی لەهجەی جۆربەجۆر) لە زمانانی تری دنیا تاق بووبێتەوە. ئەو کەسانەی سەروکاریان دەگەڵ زمانان و زمانەوانی هەیە، زۆر چاک دەزانن کە تەنانەت پێشکەوتووترین زمانەکانی دنیاش لەهجەیان هەیە.

نیزیکترین زمان لە کوردی فارسییە داخوا لەهجەی لێبراوە؟ دوکتور معین دە سەرەتایەکیدا کە بۆ قامووسی (بورهانی قانیع)ی نووسیوە زیاتر لە پەنجا لەهجەی حیساب کردوە[37] ئەو ئینگلیسییەی کە لە (لەندەن) و (ویلز) و (سکۆتلاند) قسەی پێدەکەن دەگەڵ یەک ئەوەندەیان فەرق هەیە کە ئەوانەی لەلاوە فێری ئینگلیسی بوون تووشی سەرەگێژە بکا.

هەبوونی لەهجە، ئەگەر لە زمانانی ترا دیاردەیێکی تەبیعی بێ، لە زمانی کوردیدا ئەم تەبیعی بوونە دەگاتە لووتکەی هەرەبەرز، چونکوو گەلێ زمانی وا هەن بە ڕاستەوچەپەدا خۆمانە و بێگانە خزمەتیان کردوە و دەیکەن و هێشتاش فەرقی لەهجەیان لێ نەبڕاوە، ئیتر دەبێ چاوەڕوانی چی بین کە زمانی کوردی، بەم هەموو بێخزمەتییەوە، حاڵی لەوەی باشتربێ کە ئێستا هەیەتی.

لەهجە، لە زماناندا بەروبووی گەلێ هۆیانە کە هیندێکیان، بەلای منەوە لە هەلومەرجی ئێستا و دواڕۆژێکی نیزیکیشیا، لەوانە نین قورسایی خۆیان لەسەر زمانەکەمان لابدەن، لەوەش زیاتر، دەتوانم بڵێم نەک هەر زمانی کوردی بەڵکوو پێشکەوتووترین زمانی زیندووی سەر زەوی، ئەوەی لە باراندا نیە کە خۆی کە هەبوونی (لەهجە) ڕزگارکات. من ئەو قسانەم نەدەکرد ئەگەر گوێم لێ نەبا هەندێ خوێندەواری کورد، وەکوو عەیبێکی گەورە و کەمایەسێکی دە تۆڵەکردنەوە نایەت، لە لەهجەکانی زمانەکەمان دەدوێن.

---

36 پروفیسور مینورِسکی، سەرچاوەکەی پێشوو، ل- ٥٦٣.
37 د. معین، بورهان، ج ١، ل ٣٧- ٤١.

لەناوبردنی لەهجەکانی زمانەکەمان ئەوکارە نیە کە وەکوو پێویستێکی نەتەوایەتی لەبەردەمی زانایان و خوێندەوارانی کورد خۆڕادەنێ، بەڵکوو ئەوەی وەکوو پێویست، ئەویش پێویستییەکی گەورە و ئەرکێکی گران، خۆی دەنوێنێ هێنانە وجوودی زمانێکی یەکگرتووی نووسینە، کە هەر وەکوو لە شوێنێکی تری ئەم پێشەکیەدا ئیشارەمان بۆ کرد لە سەرەتای ئەم چەرخەوە تا ئێستا، بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق، هەنگاوی باشی بەرەوپێش هەڵهێناوەتەوە و دامەزرانی دەزگای جۆربەجۆری زانستی بۆ زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق، چاوەڕوانی گەلێ خزمەتیان لێدەکرێ، کە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەتەوایەتییە دەبێ بیکەن.

ئەم لاباسە لێرە دەبڕمەوە و دەگەڕێمەوە. سەر ئەسڵی مەبەست کە باسی لەهجەکانی زمانی کوردییە. وتمان زمانی کوردی لەهجەی جیاجیای هەیە، پەیدابوونی ئەم لەهجانە وەکوو ئی هەموو زمانێکی تر، گەلێ هۆی هەیە کە باس کردنیان بۆ ئێرە دەست نادا، تەنیا هۆیەکە کە بە لای منەوە کارێکی گەورەی لە پەیدابوونی لەهجەکاندا کردوە و لەوانەیە کە زمانانی تر ئەوەیان هەر نەبووبێ یا کارێکی ئەوتۆی نەکردبێتە سەریان، بۆیە هەر باسی ئەم هۆیەیان دەکەم، بەڵام جارێ بابزانین لەهجەکانی زمانی کوردی کامانەن، پاشان دەچینە سەر باسی هۆی پەیدابوونیان.

دەربارەی لەهجەکانی زمانی کوردی گەلێ قسە کراوە و هەر کەسە بە جۆرێ بەرەنگاری ئەم مەسەلەیە بوە و بەلای منەوە بەشی زۆری ئەو قسانە کە تا ئێستا لەسەر لەهجەکانی زمانی کوردی کراون لەژێر تەئسیری بیر و لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسانی فەرەنگی دابوە و...

«ئەوەی لە گشت لێکۆڵینەوە و کۆششی بێپسانەوەی زانایانی ئورووپایی دێتە دەست ئەوەیە کە کارێکی گشتی لەسەر هەموو لەهجەکانی کوردی پێویستە کە تا ئێستا نەکرابوو، چونکوو ئەو دەستە زانایانە زۆریان ئی دەرەوە بوون و سەرەڕای ئەوەی زۆریش تێدەکۆشان، بە گیانی زمان و ئاهەنگی ڕاستی وشە و تەلەفوزی دروستیان ئاشنا نەبوون و بە چاکی سەرەودەریان لێ نەدەکرد و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوەی لەهجەیەک هەندێ گۆشەیان دەگرت و لێی ورد دەبوونەوە و لایەنەکانی تریان بەلاوە دەنا، یاخۆ ئەوەی دەربارەی ئەو لەهجانە بە زەینیاندا دەهات دەیتوانی تەنیا لانێکی ئەو لەهجانە بگرێتەوە جا بۆیە کارەکانیان زۆر جاران ناتەواو بوو، هەندێ جار ڕێی لە ئینسان دەگۆڕێ و گەلێ جاریش ئینسانی تووشی سەرەگێژە دەکرد بەڵام ئینکاری ئەوە ناکرێ کە ڕەوشتی لێکۆڵینەوە و شێوەی کاری ئەوان ڕەوشتێکی پەسند و بەرز بوە، ئەگەر ئەهلی زمانەکە ڕەوشتی ئەوانیان ڕەچاو کردبا ئەو نەتیجەی وەردەگیرا هەزاران کەرەت زۆرتر دەبوو»[38]

دوکتۆر موکری نیشانەکەی باش پێکاوە، ئەگەر لێزانانی کورد بەشێوەی کاری فەرەنگییان بێنە مەیدان و لە لەهجەکانی زمانی کوردی یا هەر بابەتێکی دیکەی زمان بکۆڵنەوە، بە مەرجێ خۆیان لە تەئسیری بیروڕای زانایانی فەرەنگی ڕزگار کەن و دەست کەن بە لێکۆڵینەوەیێکی (مەیدانی) دەگەنە ئەنجامی وەها، کە زۆری بەسەر ئەو ئەنجامانەدا هەبێ زانایانی فەرەنگی بەدەستیان هێناوە، ئەگەر جێگاکە مناسب با گەلێ لەو شتانەم باس دەکرد کە ڕەنگە هەریەکەیان لەوانە بێ زاناترین ڕۆژهەڵاتناس بە هەڵە بەرێ و بێ ئەوەی هیچ نیازێکی خراپی هەبێ بیگەیێنێتە نەتیجەی غەڵەت.

---

38 د. محەممەدی موکری، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، تاران، کتێبخانەی دانش، ۱۹۵۷، ل ۸.

ئینجا با بزانین لەهجەکانی زمانی کوردی چین؟ ئەگەر سەرنجێک لە مەڵبەندی دەستەڵات و فەرمانڕەوایی زمانی کوردی بدەین، لە باری شێوەی قسەکردنەوە سێ ناوچەی لێک جیاوازمان دەکەوێتە بەرچاو:

1) لە کەنارەی ڕۆژاوای گۆلی ورمێرا، دەق لەو شوێنەرا کە ناوچەی (دزەی دۆڵێ) و (سندووس) لێک جیا دەبنەوە، بە خەیاڵ خەتێک دەس پێدەکەین و بە پشت (شنۆ)یەیدا تێدەپەڕێنین و دەیهێنینە باکووری (ڕەواندز)ێ و هەروا بەرەو ڕۆژاوا تا دەگاتە (ئاکرێ) و (دهۆک) و (زاخۆ) و (شەنگار) و بە نێوان (قامیشلی) و (حەسەکە)دا دەربازی دەکەین بۆ جنووبی (دەرباسییە)، (راس العین) و دەیگەیێنینە (عفرین) و (چیای کورمانجا).
2) هەروەها بە خەیاڵ خەتێک لە مەڵبەندی ڕۆژاوای (هەمەدان)ـەوە هەڵدەگرین و بە باکووری مەڵبەندی (کرماشان)دا دەربازی دەکەین تا دەگاتەوە ڕووباری (دەجلە).

ئەم دوو خەتە خەیاڵییە هەموو ئەو مەڵبەندەی بە زمانی کوردی قسەی تێدا دەکرێ دەکاتە سێ بەش، کە لە هەربەشەیاندا لەهجەیێکی سەرەکی زمانی کوردی زاڵە:

1) **لەهجەی باکووری-** دەکەوێتە باکووری خەتی یەکەم، ئەو بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: هەرکی، شکاکی، جەلالی، (بایەزیدی)، هەکاری، بۆتی، جزیری، عفرینی، دومبڵی، بادینی...
2) **لەهجەی ناوەندی**- دەکەوێتە جنووبی خەتی یەکەم و باکووری خەتی دووەم و بە غەڵەتێکی مەشهوور پێی دەڵێن لەهجەی سۆرانی، کە ئەوی ڕاست بێ (سۆرانی) بنلەهجەیێکی لەهجەی ناوەندییە. لەم مەڵبەندەدا ئەو بن لەهجانە هەن: موکریانی، سۆرانی، سلەیمانی، شوانی، جافی، سنەیی، گەڕووسی...
3) **لەهجەی جنووبی**- لە جنووبی خەتی دووەم لەهجەی جنووبی زمانی کوردی زاڵە کە ئەم بن لەهجانەی تێدا بەدی دەکرێ: کرماشانی، کەلووڕی، کولیایی پیرەوەندی، لەکی و لوڕی...

لوڕی دەکەوێتە بەشی هەرە خوارووی مەڵبەندی زمانی کوردی، دەربارەی ئەم بنلەهجەیە هەر کەسەی هاتوە قسەیێکی کردوە، شەرەفخانی بتلیسی لە (شەرەفنامە)دا بە یەکێک لە چوار لەهجەی گەورەی زمانی کوردی دادەنێ، هیندێک زاناو ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی و ئێرانی بە لەهجەیێکی زمانی فارسییان داوەتە قەڵەم، دوکتور کەمال فوئاد ڕایەکی تری هەیە و دەڵێ:

«.. لە ڕووی ڕێزمانەوە (لوڕی) بە زمانێکی (ئێرانی باشووری- ڕۆژاوایی) دائەنرێت، بەڵام فارسی نیە، بەڵکوو زمانێکی سەربەخۆیە، بەشی یەکەمیان (بەختیاری) وەکوو لە ڕووی زمانەوە (کوردی) نیە خۆشیان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کورد نازانن، بەڵام دووەمیان، بەتایبەتی لە عێراق، لەبەر گەلێک هۆی مێژوویی و سیاسی و ئابووری لە ڕووی نەتەوەییەوە لە کورد جیاناکرێنەوە، هەتا لە ڕووی زمانەوە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونەوە زۆریان لە (کوردی ڕۆژهەڵاتی) وەرگرتوە.»[39]

ئەم مەسەلەیەی (لوڕی) کوردییە یا کوردی نیە، مەسەلەیێکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی، دوور لە هەست و عاتیفەی نەتەوایەتی و دوور لە تەئسیری قسە و ناوبانگی فڵانە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی یا زانای غەیرە

39 د. کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، (گۆڤاری زانیاری)، ژمارە ٤، بەغدا ١٩٧١، ل-٢٢.

فەرەنگی هەیە، لێکۆڵینەوەیێکی کە کوردایەتی کوێرانە دۆ و دۆشاو تێکەڵ نەکا و هەر بە وێکچوونی چەند وشەیێکی کوردی و لوڕی، لوڕی نەکا بە کوردی. لێکۆڵینەوەیێکی واش کە هەر لەبەر ئەوەی چەند وشە یا شێوەی بەکارهێنانی هەندێ فیعل دەگەڵ فارسی دەشوبهێنە یەک یا فلانە ڕۆژهەڵاتناس و زمانەوان، وای کوتوە، نەکرێ بە ڕایەکی وا قایم و پتەو کە دە هەڵوەشانەوە نەیێت و (لوڕی) لە کوردی دابپچڕێ.

بە کورتی و بە کوردی ئەم مەسەلەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی مەیدانی هەیە و تا ئەو کاتە بەلای منەوە (لوڕی) هەر لە کوردی نیزیکترە تا فارسی، پێویستە ئەوەش بڵێم کە مەبەستی من لێرەدا ئەو بەشەی (لوڕی) نیە کە (لوڕی بچووک) قسەی پێدەکەن و بە لەهجەی (فەیلی) مەشهوورە، چونکوو ئەمەیان جێی ئەوەی تێدا نابێتەوە کە سێودووی لێ بکرێ، بە ئاشکرا بە بەرچاوی خۆمانەوە (فەیلی) بە کوردی قسە دەکەن و خۆشیان بە کورد دەزانن، بەڵکوو لەوەش زیاتر خۆیان هەر بە کورد دەزانن و هەموو کوردی تر یا بە (جاف) یا بە (لەک) دادەنێن. پرسیاری «کوردیگی یا جافیگی»، وتەی «یە جافیگە و دویم دیرێ» و لاتاوی «لەکەترن» ڕێگای هەموو شک و دوودڵییەک لەم بابەتە، دەبڕنەوە.

ئەوەش هەر ڕاست نیە کە «لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونەوە زۆریان لە (کوردی ڕۆژهەڵاتی) وەرگرتوە»،[40] لوڕ بە کچ دەڵێن «دویت» و بە منداڵ «زارۆڵە»، لە کرمانجی یا لەهجەی باکووریدا «دۆت» و «زارۆ»یە، خۆ هیچ پێویست بەوە ناکا بەڵگە بهێنینەوە کە لوڕێکی لە پشتکۆی لوڕستان دەژی- نەک فەیلی کە لە بەغدا زۆرن- لەوانەیە بابەڵبابیشی کوردێکی زاخۆیی بەچاو نەدیتبێ تا (دۆت و زارۆ)ی لێ وەربگرێ، مەعلوومە پێچەوانەی ئەوەش هەر ڕاستە.

بەڵێ! کە دەڵێم تا ئەو ڕۆژەی لێکۆڵینەوەیێکی (مەیدانی) - دوور لە هەست و عاتیفە و دوور لە ئامانجێ کە پێوەندی دەگەڵ زمانەوانی نەبێ - مەسەلەکە ڕۆشن دەکاتەوە من لوڕی هەر لە کوردی نیزیکتر دەزانم، وەکوو لە پێشدا وتم مەبەستم لوڕی بچووک نیە، بەڵکوو لوڕی گەورەیە، لوڕی بەختیارییە.

دوکتۆر معین لە پێشەکییەکدا کە بۆ قامووسی (بورهانی قانیع)ی نووسیوە، وەکوو لەهجەیێکی زمانی فارسی لە (لوڕی) دواوە و ئاوا دەڵێ:

> «٢١- لوڕی، لە لوڕستان و ئەویش شامیلی گەلێ بنلەهجەیە و (بەختیاری) دەگەڵ وی خزمایەتی هەیە».

هەر لە پێش ئەوەدا لە لاپەڕەی ٣٧ی پێشەکییەکەیدا دەڵێ:

> «بێجگە لە زمانەکانی ئێرانی کە لە دوو وتاری پێشوودا باسیان کرا، کۆمەڵێ (نیوەزمان) هەن کە پێیان دەڵێن لەهجەی ئێرانی، ئەغلەبەی لەهجە ئێرانییەکان تا ئێستا لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا ماون و قسەیان پێدەکرێ، هۆی مانەوەی ئەم لەهجانە ئەوەیە، ئەوانەی پێیان دەدوێن زۆریان دڵ پێیانەوەیە و دووریشن لە تێکەڵاویی و هەستان و ڕۆنیشتن دەگەڵ خەڵکی شارەکان و خوێندەواریی فارسیشیان نیە...».

کەوابوو! لوڕی و بەختیاری پێکەوە خزمن و نیوەزمانی ئێرانین و خەڵکیش قسەیان پێدەکەن چونکوو فارسی نازانن، ئەمە پێمان دەڵێ کە ئەم نیوەزمانانە فارسی نین، جا کە (بەختیاری) فارسی نەبێ و خزمی (لوڕی)ش بێ-

---

40 د. معین، بورهانی قانیع، «مقدمه»، ل- سی ونۆ.

به شایەدی زانایەکی بەناوبانگی (فارس)- (لوڕی)ش خۆی کوردی بێ، هیچ ڕێگایەک نامێنێتەوە کە بە شێوەیێکی دوور لە زانست یا بۆ مەبەستێ کە هیچ پێوەندی بەسەر زانستەوە نیە، زمانی (بەختیاری) لە کوردی دابپچڕن، سەرەڕای ئەوەش من بڕیاری دوایی هەر بۆ لێکۆڵینەوەی (مەیدانی) دوور لە هەست و عاتیفەی نەتەوایەتی و دوور لە ئامانج و مەبەستی نازانستی، بەجێ دەهێڵم و ئەم باسە بە وتەیێکی مامۆستا (عەلی سەیدۆ گۆرانی) دەبڕمەوە کە لە ئەنسیکلۆپێدیای تورکی وەرگرتوە و دەڵێ:

«هێندێک زانایانی زمان ڕایان وایە کە (لوڕی) دەگەڵ (بەختیاری)، دەکرێ بە لەهجەیێک لە لەهجەکانی کوردی دابندرێن و ئەوان زۆر نیزیکن لە کۆمەڵە (کوردی) جنووبی».[41]

من دە پازدە ساڵێک دەبێ بیر لە مەڵبەندی لەهجەکانی کوردی دەکەمەوە و گەییشتوومە ئەو ئەنجامەی کە لەسەرەوە باس کرا و بە تەئکیدەوە دەڵێم لەم بابەتەوە هیچ شتێکم نەخوێندبۆوە تا ئەم دوایانە کە وتاری «ئەسڵی کورد و زمانیان» ئی مامۆستای مەزن (تۆفیق وەهبی)م لە گۆڤاری کۆڕی زانیاریدا خوێندەوە، دەڵێ: یەکەم جار ئەوان مەڵبەندی لەهجەکانیان دیاری کردوە.

مێژوو گەلێ ڕووداوی وای لەبیرە دوو کەس لە دوو شوێنی دوور لە یەکتر لە مەسەلەیێکدا گەییشتوونە یەک نەتیجە، یا یەک شتیان ئیختڕاع کردوە، سەرەڕای ئەوەش دەڵێم «فضل شاگرد هنرمند باستاد رسد».

**لەهجەکانی کوردی چۆن پەیدا بوون؟**

ئەودەمەی (کۆرش)ی پارسی لە ساڵی ٥٥٩ی پێش عیسادا دەستەڵاتی ئیمپڕاتۆریتی (ماد)ی تێکەوە پێچا و ئیمپڕاتۆریتی (هەخامەنشی) دامەزراند خێڵاتی مادی ئەوەندەی بڕیان کردبوو، بەرەو ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوا ئاژۆتبوویان و سنووری ڕۆژاوای دەستەڵاتی (ماد) لە سنووری (سارد) و (لیدی) و (بابل) دەگەڕایەوە، کە لە مەرکەزی دەستەڵات و پاتەختی ئیمپڕاتۆری (ماد) یەعنی ئەو جێگەیەی ئێستا پێی دەڵێن (هەمەدان) گەلێ دوور کەوتبۆوە.

گومانی تێدا نیە، لە جەنگەی توانایی حکوومەتی (مادی)دا، زمانی (ماد)یش وەکوو زمانێکی ڕەسمی، کەموزۆر دە زمانی خەڵکەکانی وڵاتی پان و بەرینی (ماد)دا کاریگەر بوە، بەلای منەوە ئەو کارتێکردنە ناتوانێ دەگەڵ دوور و نیزیکی زمانانی کارتێکراو لە مەرکەزی دەستەڵاتی ڕەسمیدا متناسب نەبێ. ئالەم قۆناغەدا تەئسیری زمانی مادی لەسەر زمانی خەڵکی (پارس) زۆرتر بوە تا زمانی مەڵبەندەکانی هاوسنوور دەگەڵ (سارد) و (لیدی) و... هەر ئەم چلۆنایەتییە بەنیسبەت زمانی پارسیی کۆن (هەخامەنشی) و پەهلەوی (فرثی: زمانی ئەشکانیان) و هەروەها ئەوەی پێی دەڵێن (پەهلەویی ساسانی)ش هەر ڕاستە، وەکوو لە شوێنێکی تری ئەم پێشەکییەدا باسمان کرد، ئەمانە زمانی ڕەسمی و ئیداری بوون نەک زمانی قسەکردنی هەموو خەڵکی مەڵبەندەکانی ئەو دەوڵەتانە، سەرەڕای ئەم ڕاستیەش ناتوانین بڵەین ئەم زمانانە کە یەک بەدوای یەکدا زمانی ڕەسمی حکوومەتانێ بوون کە هەر یەکیان میراتگری هی پێش خۆی بوە و دەستەڵاتی بەسەر شوێنەواری دەستەڵاتی پێش خۆیدا کێشاوە،

41 عەلی سەیدۆ گۆرانی، لوڕ و لۆڕستان، «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی ٢، بەشی ٢، بەغدا، ١٩٧٤، ل ١١٣ (عەرەبی).

ناتوانین بڵەین ئەو زمانانە لەسەر زمانانی کە خەڵک قسەیان پێکردوە، بێتەئسیر بوون، بەڵام ئەم تەئسیرە چۆن و چەند بوە؟ و لە پەیدابوونی لەهجەکانی کوردیدا چەندە کاریگەر بوە؟ لە دواییدا باسیان دێت.

بەڕای من دەربارەی پەیدابوونی لەهجەکانی زمانی کوردی، دەبێ پاش ڕووخانی دەستەڵاتی (ماد)ەکان دەست پێبکەین، چونکوو لەو کاتەڕا و پاش ئەودەمەیە کە عامیلێکی غەوارە و ناتەبیعی دەست دەکا بە تەئسیر کردن لەسەر زمانی (مادی) و کەموزۆر کاری تێدەکا، ئەگەرچی نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە عامیلی جوغڕافیایی و بەرهەڵستی تەبیعی- تەنانەت لەو کاتەشدا کە زمانی مادی لە (هەگمتەنا) وەکوو زمانێکی ڕەسمی لە هەموو مەڵبەندی دەستەڵاتی مادەکاندا کاریگەر بوە- دەبێ توانیبێتی شتێک لە (تەئسیر) کەم کاتەوە و ئەو گۆڕانانەی کە لە ناوەندی حکوومەتدا بەپێی گەشەکردن و گۆڕانی هەمیشەیی، پەیدابوونی وشە و زاراوەی نوێ، سادەبوونەوەی وشەکان و لێک و لووس بوونیانی دەسەپاند، لە شوێنە دوورەکان بێتەئسیر بکا یا ببێتە هۆی تطورێکی سەربەخۆ، یا هیچ نەبێ ڕاوەستانی زمانی ئەو شوێنانە، ئاشکرایە کە ڕاوەستانی (مطلق) مەبەست نیە، بەڵکوو بزووتنەوە و گۆڕانێکە، کە لەچاو گۆڕان و گەشەکردن لە پاتەختی ماد و مەڵبەندانی نیزیکیدا، وێڕای لەبەرچاو ڕاگرتنی کەمی و سستی هاتوچۆ و هەبوونی کۆسپ و بەرهەڵستی جوغرافیایی، دەحوکمی ڕاوەستان و نەبزووتندایە.

ئەم حاڵە بۆ زەمانی دەستەڵاتی (ماد) ئەوەندە کاریگەر نیە وەک بۆ دەورانی دەستەڵاتەکانی پاش (ماد)، چونکوو ئەوکاتە زمانی مادی- هەر وەکوو لە شوێنێکی ترا باسکراوە- هەر زمانی دەستەڵات نەبوو، بەڵکو زمانی خەڵکیش بوو، ئەو سەردەمە (مؤثر) و (مؤثر فیە) لەیەک نەوع بوون، بەڵام پاش ڕووخانی دەستەڵاتی (ماد)ەکان و دامەزرانی دەزگای ئیمپڕاتۆریتی (هەخامەنشیان) و ئەو دەستەڵاتانەش کە بە شوێن ئەوا هاتوون، کار لە جێیەکی دیکەیە، لەم حاڵەتانەدا زمانێکی بێگانە زمانی ڕەسمییە و دەیەوێ کاربکاتە سەر زمانانی تر و ملە و بەربەرەکانیەکی لە نێوان زماناندا بە ئاسایی دادەنرێ دێتەکایەوە و...

«... لە نێوان زماناندا، تێک هەڵەنگووتن و بەربەرەکانی و ملانێ بۆ مانەوە (تنازع للبقاء) و هەوڵ و تەقەلای سەرکەوتن و خۆسەپاندن ڕوودەدا، هەر ئەو جۆرەی لە نێوان زیندواندا هەڵدەکەوێ، ئەنجامی ئەو ملە و بەربەرەکانییە بەپێی حاڵات دەگۆڕێ... ئەم ملانێیە زۆر سەبەبی هەن لە هەموان گرینگتریان دوون: یەکیان ئەوەیە خەڵکی بێگانە کە بە زمانێکی جودا لە زمانی خەڵکی وڵات قسەدەکەن بێنە وڵاتەوە، دوەمیان جیرانەتی دوو نەتەوەیە کە زمانیان لێک جیابێ...»[42]

ئەم چلۆنایەتییەی دوکتۆر عەلی عەبدولواحید باسی دەکا، بۆ زمانی کوردی لە ڕووخانی ئیمپڕاتۆریتی (ماد)ەوە دەست پێدەکا و بە ڕووخانی ئیمپڕاتۆریتی (ساسانی) و بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە کوردستان دەبڕێتەوە، ئەم ماوەیە بە قۆناغی ناوەندیی زمانی کوردی دەژمێردرێ، لەم قۆناغەدا زمانانێک لە برەودا بوون و دەستەڵاتی ڕەسمی بوون کە سەرەڕای خزمایەتی، دەگەڵ زمانی کوردی یەک نەبوون و پێشووتر لە کاتی خۆیدا، زمانی مادی گەلێ کاری تێکردوون و کارتێکردنی ئەوانیش کە دەستەڵاتیان کەوتۆتەدەست دە زمانی مادیدا، بەرهەڵستی زۆری لەپێش بوە:

42 د. عەلی عەبدولواحید، سەرچاوەکەی پێشوو، ل- ۲۰۹.

1) مقاوەمەتی مادەکان بۆ لادان و ڕووخاندنی دەستەڵاتی سیاسی هەخامەنشیان لەسەر خۆیان، کە لەو شۆڕش و سەرکێشیانەدا بەدی دەکرێ مادەکان کردوویانە و دیاکۆنۆف هەندێکیانی باسکردوە و ئەمە یەکێکیانە:

«...پیاوێکی مادی کە نێوی (فرە ئۆرتیس) بوو خۆی بە (خشەثریتە)ی دوەم و لە بنەماڵەی (کیاسار= هوڤەخشترە) دادەنا، سەرکردەی یەکێک لە شۆڕشەکان بوو، خەڵکی (ماد) و (پارت) و (هیرکانیە)ش پاڵیان وێ دا، وادیارە خەڵکی ئەرمەنستانیش کە ڕەنگە پێشتر دەستیان دابێتە شۆڕش یارمەتی ئەویان دەدا...»[43]

2) بەرهەڵستی جوغرافیایی و تەبیعی و ئامرازەکانی هاتوچۆی ئەو زەمانە لەوانە نەبوون کە ماوە بدەن کاریگەری زمانانی (پارسیی کۆن، پەهلەوی «ئەشکانی» و زمانی ساسانیان «پارسی»[44] ) بگاتە هەموو لایەکی وڵاتەکە و زمانی (مادی) لە عەرزی بدەن.

بۆیە لەم قۆناغەدا، بۆ بەروبووی تەئسیری زمانانی ڕەسمی سێ دەستەڵاتی: هەخامەنشی، ئەشکانی (فرثی) ساسانی لەسەر زمانی (مادی)، دەبێ هەر لە دەوروبەری نیزیک پێتەختەکانیان (پێرسپۆلیس- تیسفۆن) و شارە گەورەکان بگەڕێین کە لە جنووبی خاکی ئیمپراتۆرێتیدا هەڵکەوتبوون و هەتا بەرەو باکوور بچین ئەم تەئسیرە کەمتر دەبێتەوە، هەروەکوو دەستەڵاتی سیاسیشیان بەم پێودانە ڕووی لە کزی کردوە و...

«....وڵاتی ماد لە ئیمپراتۆری هەخامەنشیاندا وەزعێکی تایبەتی هەبوە و ساتراپەکانی- هیچ نەبێ جارجارە- پارسی نەبوون، بەڵکوو خەڵکی ئەسڵی وڵات یەعنی مادی بوون، بۆ نموونە (ئارباک) ساتراپی ماد لە زەمانی ئەردەشێری دوەمدا (٣٨٣- ٣٧٩ پێش عیسا- ر. ز) بێ چەندوچۆن مادی بووە، وا دێتە بەرچاو کە (ئاتروپات) دوامین ساتراپی ئەو وڵاتەش لە دەورانی هەخامەنشیاندا هەر مادی بوە»[45]

بەو پێیە دەتوانین بڵەین، بەڵکو بە چاویش دەیبینین کە لەو قۆناغەدا زمانی (پارسیی کۆن) لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی جنووبی وڵاتی (ماد)دا کارێکی تەواوی دە زمانی مادی کردووە و بەجارێ بەسەریدا زاڵ بووە و کردوویەتە فارسی، بەڵام لە ڕۆژاوا و باکوور و جنووبی ڕۆژاوا کار بەشێوەییکی ترە:

- لە باکووری ڕۆژاوای خاکی (ماد)، ئەوەی ئێستا مەڵبەندی لەهجەی باکووری زمانی کوردییە، تەئسیری زمانانی ڕەسمی ئەم قۆناغە ئەوەندە نیە و زمانی (مادی) لەو مەڵبەندەدا هەر لەو ڕۆژگارانەوە (بەڵکوو پێش ڕووخانی دەستەڵاتی مادیش) ڕێگای گەشەکردن و گۆڕانی تایبەتی گرتوە، هەر چەندە من وای بۆ دەچم کە ئەم گۆڕان و گەشەکردنەش هەر زۆر سست بوە، شێوەی درکاندنی دەنگەکان بە گشتی و هەندێ دەنگیش کە بە هێزی خانی دەنگ (مخارج الحروف) دەدرکێندرێن چ گۆڕانێکی ئەوتۆیان بەسەرا نەهاتوە، ڕەنگە ئەو ڕۆژەی کە زمانی (مادی) وەکوو ئاوێستایی و پەهلەوی و پارسی بناسرێ و

43 دیاکۆنۆف، سەرچاوەکەی پێشوو، ل -٥٣٤.
44 «ئەم زمانە وەکوو بۆتە باو پێی دەڵێن (پەهلەوی) بەڵام هێرتغیلد و هیندێ ئێرانناسانی تر زاراوەی (پەهلەوی) کە لە وشەی (پەرثەڤە- پارتی) دادەتاشرێ بۆ زمانی پارتی بەکاردەبەن و زمانی دەوری ساسانیانیان کە ئەسڵەن زمانی جنوبی ئێرانە ناوناوە (پارسی).
[د. معین، فەرهەنگ، ج ا، ل- سێزدە (پەراوێز)].
45 دیاکۆنۆف، سەرچاوەکەی پێشوو، ل-٥٤٠.

ڕوون ببێتەوە، بۆ دنیا دەربکەوێ کە دەگەڵ لەهجەی باکووری زمانی کوردی ئێستا ئەوەندەیان فەرق نیە.

- زمانانی دەستەڵاتەکانی پاش دەستەڵاتی ماد، لە مەڵبەندی لەهجەی ناوەندی ئێستای زمانی کوردیدا، زیاتر لە ئی باکووری و کەمتر لە ئی جنووبی کاریان دە زمانی مادی کردوە. ئەم مەڵبەندە لەبەر ئەوەی سەرەڕێی گەلێ لەشکرکێشییان بوە کە لە باکوور و ڕۆژاوایەوە بۆ ڕۆژهەڵات و جنووبی لە مێژوودا ڕوویداوە- شەڕەکانی ئێران و ڕۆم و ئێران و یۆنان و... — و مەڵبەندێکی پڕ لە جموجۆڵ و بزووتنەوەی سیاسی و بازرگانی و سوپایی بوە، بۆیە لە باری زمانیشەوە هەر ئەو خاسیەتانەی تێدا پەیدا بوە.

گۆڕانی دەنگەکانی زمان، سوان و گەلێ جار لەناوچوونی دەنگە سست و فشەڵەکان، لەناوچوونی قۆڕت و کەندوکلۆیی خانی دەنگان و لە ئەنجامی ئەوەشدا لەناوچوونی دڕی تەلەفوز، هەموو ئەوانە بە تێکڕایی توانایی و لێهاتوویی زمانی لەم مەڵبەندەدا بۆ گۆڕان و گەشەکردنەشیان تەخت کردوە، دەبێ لەبەر چاومان بێ کە ئەو مەڵبەندەی مێژوو بە هەموو کارەسات و ئاڵوگۆڕەکان و توانایی خۆیەوە، ئیمرۆ کردوویەتە مەڵبەندی لەهجەی ناوەندی زمانی کوردی ئێستا، لەو ڕۆژگارە مێژووییەدا کە لەهجەکانی کوردی تازە دەگۆڕان، ئەوەندەی ئێستا پان و بەرین نەبوە و لە باشترین ئەحواڵا لە سنووری مادی بچووک تێنەپەڕیوە کە دوای هجوومی ئەسکەندەری مەقدوونی بۆ سەر ئیمپراتۆری هەخامەنشی، حوکمدار (ساتراپ)ی ئەو مەڵبەندە (ئاترۆپات)ی مادی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تێدا دامەزراند و...

> «گومان نیە کە ئاترۆپات پیاوێکی لێهاتوو بوو بەڵام ئەگەر یاسای باڵاکردنی مەنتیقی مێژوو (قانون تكامل المنطقی) لەناو خێڵات و هۆزەکانی مادا هەندێ هێزی معینی نەهاروو‌ژاندبا، لێهاتوویی و لێوەشاوەیی شەخسی ئاترۆپات نەیدەتوانی وڵاتی سەربەخۆی ماد بێنێتە وجوود»[46]

- ناتوانین حاشا لەوە بکەین کە زمانانی دەستەڵاتدار لەم قۆناغەدا لەسەر مەڵبەندەکانی لەهجەی جنووبی ئێستای زمانی کوردی- ئەگەر دەگەڵ مەڵبەندەکانی دیکە بەراوەردی کەین- زیاتر کاریگەر بوون و هەر بە تێپەستاوتنی وشەکانی خۆیان دانەکەوتوون بەڵکوو هەندێ جار شێوەی دارشتنی ڕستە و بەکارهێنانی فیعل و زەمیرەکانیش دەگرێتەوە، هەر ئەوەشە هەندێ ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنگی- کە یان کوردییان هەر نەزانیوە یان ئەگەر زانیبێتیشیان لە ڕێگای فارسییەوە فێری بوون و شکیش لەوە ناکرێ کە لە ژێر تەئسیری زمانی فارسیدا بوون، چونکوو فارسی سەعدی و فیردەوسی و خەییامی لە خوانا هەبوە و کوردیش فەقیر و نەدار- وا لێکردوە کە ئەم لەهجەیەی زمانی کوردی- هیچ نەبێ یەک دووبەشی- بە لەهجەیێکی زمانی فارسی بزانن و ئەگەر زۆر خۆیان پاراستبێ و نەیان ویستبێ هەموو دەرگایەک داخەن وتوویانە لە خێزانەزمانی جنووبی ڕۆژاوای زمانانی ئێرانییە بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەو تەئسیرە بەتین و تەووژمە بکەن کە لەبەر نیزیکی ئەم مەڵبەندە لە پێتەختەکانی پاتشایانی هەخامەنشی و ساسانی، زمانەکانیان کردوویەتە سەر زمانی خەڵک لەم مەڵبەندەدا.

---

46 دیاکۆنۆف، سەرچاوەکەی پێشوو، ل-٥٥٤.

بڵاوبوونەوەی ئیسلامەتی لە خاکی ئیمپڕاتۆریتی ساسانیان و ڕووخانی دەستەڵاتی سیاسی ئەم دەوڵەتە گەورەی ئەوێ ڕۆژێی دنیا، دەستەڵاتی زمانی ڕەسمی (پارسی ناوەندی)شی لەناو برد و زمانەکانی خۆجێیی وڵاتەکەی لە تەئسیری ئەم زمانە ڕزگارکرد.

هەر وەکوو لە شوێنێکی تری ئەم سەرەتایەدا باسمان کردوە، یەکەمین کتێب بە زمانی فارسی نوێ لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچیدا نووسراوە، ئەمە تێمان دەگەیێنێ کە زمانانێکی لە گۆشە و کەناری خاکی ئیمپڕاتۆری ساسانیدا قسەیان پێدەکرا، زمانی ڕەسمی خۆشی، لەم ماوەیەدا کەوتوونەتە سەر ڕچەی گەشەکردن و گۆڕانێکی ئازادانە، بێ ئەوەی زمانێکی خزمی خۆیان کاریان تێ بکا و تطوری خۆشی بەسەر ئەواندا بسەپێنێ، هەر بۆیەشە لە چەرخی نۆ و دەی پاش عیسادا کە سەرەتای قۆناغی تازەی زمانەکانی ئەو ناوچەیەیە، خەڵکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئێرانی ئەوسا دە زمانی یەکتری نەگەییشتوون:

«زمانی ئێستای ئێمە کە لە دەوری ئیسلامدا هەمیشە پێیان کوتوە زمانی دەری و ئیحتمالێکی نیزیک لە یەقین دەدرێ کە لە دەورەکانی پێش ئیسلامیشدا هەر ئەم ناوەی هەبووبێ و لە دەورە ساسانیانڕا خەڵکی ئێران کە لە باکوور و ڕۆژاوا و جنووبی (ڕەی) بوون هەموو بە زمانی پەهلەوی قسەیان کردوە و ئەوانەی لە ڕۆژهەڵاتی (ڕەی) بوون بە زمانی (دەری) دواون... لە زەمانێکدا کە (دەری) دەستی کردوە بە بڵاو بوونەوە خەڵکی قەڵەمڕەوی زمانی پەهلەوی هەستیان کردوە کە پێویستیان بە کتێبی وا هەیە زمانی (دەری)یان فێر کا و ئەوە سەرەتای فەرهەنگنووسینی زمانی فارسی ئێستا، یەعنی زمانی (دەری)یە.»[47]

ئەگەر بمانەوێ وەزعی مەڵبەندی ئێستای دەستەڵاتی زمانی کوردی لەو سەردەمەدا کە مامۆستا سەعید نەفیسی باسی کردوە بە شێوەیێکی وا ڕۆشن کەینەوە کە بچێتە ئەقڵەوە دەبێ بڵەین:

1) لە مەڵبەندی ئێستای لەهجەی باکووریدا، زمانی مادی لە برەو دابوە، کە ئاوێستایی و زمانانی خۆجێیی و دەروجیران، کەموزۆر، کاریان تێکردوە و زمانانی پارسیی کۆن، پەهلەویی ئەشکانی و ساسانی و پارسی (دەری) تەئسیرێکی ئەوتۆیان لەسەر زمانی ئەم مەڵبەندە نەبوە.
2) لە مەڵبەندی ئێستای لەهجەی ناوەندیدا کە ئەو کاتە لە ئێستا بچووکتر بوە، زمانی مادی لە کارا بوە کە ئاوێستایی و پەهلەوی و لە قەدەر حاڵیش پارسی کاریان تێکردوە، کە ئەمانە خۆیان هەر لە دەوری ئیمپڕاتۆری (ماد)ەوە لە ژێر تەئسیری زمانی (مادی) دابوون و گەلێ وشەی پەهلەوی یا پارسی کە لە قۆناغی ناوەندیدا هاتوونە ناو زمانی مادی، بە ئەسڵ مادی و ئاوێستایین چوونە ناو زمانی پارسیی کۆن و فرثی و پاشان لە دەوری ئەشکانی و ساسانیدا گەڕاونەوە بۆ ناو زمانی مادی - لە مەڵبەندی لەهجەی جنووبیدا ماکی بنچینەیی زمانی مادییە کە لە دەوری هەخامەنشیاندا پارسیی کۆن و لە زەمانی ئەشکانیان و ساسانیانیشدا زمانی پەهلەوی و پارسی ناوەندی تەئسیرێکی بە تینیان تێکردوە.

پێویستە ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە خودی زمانی مادی بەسەر هەموو ئەو زمانانەی پێش دامەزرانی ئیمپڕاتۆری (ماد) لە خاکی (ماد)دا برەویان هەبوە، زاڵ بوە، بۆیە ئەو ڕۆژەی زمانی مادی ساغ دەبێتەوە، لە ڕیشەی زمانانی

47 مامۆستا سەعید نەفیسی، فەرهەنگەکانی فارسی «سەرەتای بورهانی قانیع»، ج ١، ل- شێست و حەوت.

گۆتی، هووری (خووری)، ئۆرارتوویی، کاسی (کاشی) گەلێ وشەی تێدا بەدی دەکرێت کە شکڵی وشەی (مادی) یان بە خۆوە گرتوە و ئێستا لە ناو لەهجە و بنلەهجەکانی زمانی کوردیدا دێن و دەچن.

هەروەها، دەوری دەستەڵاتی ئەسکەندەر و جەنەراڵەکانی لە سەر خاکی ئیمپراتۆری هەخامەنشی و کوردستانیش ناتوانێ لە باری زمانیشەوە کاریگەر نەبووبێ، شارستانێتی یۆنانی لە ئێرانی ئەوان زەماناندا، بە زۆری کاری لە سەر ژیانی چینی ئەریستۆکرات و دەسەڵاتداران کردوە و تەنانەت پاتشایانی ئەشکانی کە جێگەی دەستەڵاتی یۆنانییانیان گرتەوە، تا ماوەیێکیش لە ژیانی خۆیان و دەرباردا لاسای ئەوانیان دەکردەوە و پاشان سەر لەنوێ گەرانەوە سەر داب و دەستووری ئاریایی، بەڵام ژیانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ لە لایەن شارستانێتی یۆنانییەوە، کارێکی ئەوتۆی تێ نەکراوە و لەسەر رچەی باوباپیران لای نەداوە و هەر نەشیان توانیوە لابدەن چونکوو کەرستە و مایەی ئەم لادانەیان نەبوە، جا کارێکی زمانی یۆنانی کردوویە لەسەر پێویستەکانی ژیانی ئەریستۆکراتی بوە نەک ئی خەڵکی رەشورووت، کە ئەویش بە بادانەوەی پاتشایانی ئەشکانی و گەرانەوەیان بۆ سەر رێ و شوێنی باپیران، زۆربەی لە بیر چۆتەوە. بۆیە بە لای منەوە بۆ شوێنەواری زمانی یۆنانی لە کوردیدا دەبێ لە ناوی چیا و چۆل و شیو و دۆڵ و رووبار و ئاوایی و... بگەرێین کە شک نیە یۆنانیەکان، بۆ مەبەستی جۆربەجۆر - زیاتریش سوپایی - ناوی خۆیان لەو جۆرە شتانە ناوە. تەنیا وەکوو نموونەیەک باسی دەکەم زۆر رێی دەچێتێ کە ناوی: ماکۆس، نەلۆس، قەندیل، هەرتەل ئەسڵیان یۆنانی بێ.

بەرای من لەهجەکانی ئێستای زمانی کوردی لە چلۆنایەتێکی ئاوادا بوون کە ئیسلامەتی رووی کردۆتە کوردستان و قۆناغی ناوەندی زمانەکانی ئێرانی تێکەوەپێچاوە، لە چلۆنایەتێکی ئاوا یا نیزیک بەو، قۆناغی تازەی زمانی کوردی دەست پێدەکا و لەهجەکانی دەستیان کردوە بە گەشەکردن و گۆران. لەم قۆناغەشدا مەڵبەندی لەهجەی ناوەندی هەر لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشووتر باسیان کرا، زیندوویەتی زیاتر بوە و زۆرتر ئامادەیی هەبوە بۆ گەشەکردن، هەر بۆیەش مەڵبەندەکە پان و بەرینتر بوە و خودی لەهجەی ناوەندیش تەشەنەی کردوە و لە سنووری جارانی تێپەریوە، هەر ئێستا لە سنووری مەڵبەندی لەهجەی ناوەندی دەگەڵ دوو لەهجەی باکووری و جنووبی، دوو ناوچەی زمانی سست و فشەڵ بەدی دەکرێ، کە یەکەمیان گەلاز (لە پشتی شنۆیە)، باکووری رەواندزێ، مێرگەسوور و ئاکرێ دەگرێتەوە لەم شوێنانەدا نە لەهجەی باکووری تەواو نە لەهجەی ناوەندی تەواو برەوی هەیە. دەگەڵ لەهجەی جنووبیش حاڵێکی ئاوا هەیە، لە تیسماڵکە ئەرزێکدا کە دەکەوێتە باکووری کرماشان، قەسری شیرین و خانەقی زمانەکە نە لەهجەی ناوەندییە و نە جنووبی. ئەمە نیشانمان دەدا کە چۆن لەهجەی ناوەندیی زمانی کوردی، لەبەر هۆیەکانی زاتی و مەوزووعی، لە مەڵبەندێکی بچووکرا (نسبیا) دەستی کردوە بە گەشەکردن و تا هاتوە مەڵبەندەکەی پان و بەرینتر بوە و ئێستاش ئەم کارە هەر درێژەی هەیە.

لەم قۆناغە تازەدا، لەهجەکانی زمانی کوردی گەشەیان کردوە و چاتر دەقیان گرتوە، زمانی رەسمی دەستەڵاتەکانی سیاسی تا ماوەی سێ چوار چەرخان هەر عەرەبی بوو کە زمانی دینی تازەش بوو. چونکوو ئەم زمانە لە بنەمادا دەگەڵ زمانی کوردی جیاواز بوو، لەوەش گرینگتر چونکوو دەستەڵات لەم ماوەیەدا دەستەڵاتی دینی- سیاسی بوە، بۆیە زمانی عەرەبی لەم قۆناغەدا هەر ئەوەندەی کار دە زمانی کوردی کردوە کە دینی تازە بۆ بڵاوبوونەوەی خۆی پێویستی پێ هەبوە و هۆی هەرە بنچینەیی دەق گرتنی فەرق و جیاوازی نێوان لەهجەکانی کوردی، هۆیەکانی جوغرافیایی و کۆمەڵایەتی و کەمی هاتوچۆیە.

هەر لەم قۆناغەدایە - وەکوو مێژوو نیشان دەدا - مەڵبەندی زمانی کوردی بۆتە پێخوستی پەلاماری مەغوول و تاتاران، دەستەڵاتی سەلجووقی و ئەتابەکان ئەم مەڵبەندەشی گرتۆتەوە، شەروشۆری نێوان پاتشایانی (سەفەوی) و

(عوسمانی) بڕانەوەی نەبوە و شەڕ و هەرای مێژوویی (ئێران) و (ڕۆم)ی وەبیرهێناوەتەوە، سەرکەوتنی لایەکیان دەبوو بە بەهانە بە دەستی لایەکەی دیکەوە بۆ تۆڵەکردنەوە و نەیدەهێشت تەمی پەلامار و ڕاکردن، سەرکەوتن و تێشکان لە سەر ئەم مەڵبەندە بڕەوێتەوە و لە زەمانی سوڵتان سولەیمانی قانوونیڕا دەبێ هۆی سیاسیش بخەینە سەر هۆیەکانی دەقگرتنی لەهجەکانی زمانی کوردی.

زۆر ئاشکرایە ئەم هەموو ڕووداوانە و گوریسکێشەکێیەی بۆ داگیرکردن لە نێوان دەستەڵاتە سیاسییە گەورەکانی نەتەوە و خێڵاتی جیاجیا کە بەسەر ئەم مەڵبەندە هاتوە، ناتوانێ لەسەر زمانی کوردی بێ تەئسیر بێ، بۆیە وشەی زمانی (مەغوولی) و (ترکی)ش لە زمانی کوردیدا دەبینین، بە تایبەتی لە ناوی ئاوایی و چیا و چۆڵاندا. گەلێ لەو فەڕەنگییانەی کە بە کوردستاندا تێپەڕبوون یا باسیان کردوە چونکوو (شارەزا) و (سەرچاوە)کانیان (عوسمانی) بوون (داغ)ێکیان بەدوای ناوی گەلێ کێوانەوە ناوە کە بە ترکی مانای (چیا)یە، قەندیلداغ، ئەزمەڕداغ، ئاجداغ و... و... کەم نین، تەنانەت ئەم (داغ، داغ)ـە لە کتێبی جوغرافیای فارسیشدا هەر دەبیندرێ.

ئیمڕۆ لەهجەکانی زمانی کوردی، تەنانەت لەچاو پەنجا ساڵ لەمەو پێشیش، جیاوازیان گەلێ کەمتر بوە، ئەوەش بۆیەیە زۆر بەرهەڵستی تەبیعی کە لە سەر ڕێگای زمانی کوردی هەبوون لە گۆڕێ نەماوە، جاران سەفەر و هاتوچۆ لە ناو خەڵکا ئەوەندە کەم بوو، کەم کەسی خەڵکی سلەیمانی هەبوو یەکێکی زاخۆیی دیتبێ، یا کوردێکی خەڵکی ڕەواندز (لوڕ)ێکی چاو پێکەوتبێ، یاخۆ (پیاگ)ێکی سنەیی و کرماشانی دەگەڵ (مرۆ)یەکی شکاک و جەلالی لای (ماکۆ) تووشی یەک هاتبن، بۆیە ئەگەر بە ڕێکەوت کرماشانییەک دەگەڵ زاخۆییەک لە شوێنێکا کۆ ببانەوە تێک نەدەگەیشتن.

بەڵام ئێستا! خێرایی هۆیەکانی هاتوچۆ، هاسانی سەفەر، ڕادیۆ... و چلۆنایەتیی ئابووریی و کۆمەڵایەتی وای کردوە کە نەک هەر خەڵکی مەڵبەندێکی زمانی بتوانن زۆر یەکتر ببینن، بەڵکوو ئەگەر لە چەرخی نۆزدەهەمدا بێجگە لە ڕۆژهەڵاتناسی یا قەشەیێکی مەسیحی کە ڕێیان دەکەوتە کوردستان، کورد ئورووپاییێکیان نەدیتبوو، ئێستا قوتابی، بازرگان و دنیاگەڕی ئافرەت و پیاوی کورد، زۆر وڵاتانی دنیایان دیوە، ئێستا کوردێکی زاخۆیی کە یەکێکی خەڵکی سلەیمانی دیت لێک حاڵی دەبن و کوردێکی مەهابادی ئەگەر شکاکێکی دیت وەکوو جاران بە (ئازربایەجانی) پێکەوە نادوێن و ڕاستەوخۆ بە کوردی قسە دەکەن و تێکیش دەگەن.

لەم مەیدانەدا ئەوە لە بیر ناکەین کە ڕەسمیبوونی زمانی کوردی لە کوردستانی عێراق و هەبوونی ڕۆژنامە و کتێب و گۆڤار، خوێندن بە زمانی کوردی و دەزگای جۆربەجۆری فەرهەنگی (سەقافی)ی کوردی دەورێکی گرینگیان لە نیزیککردنەوەی لەهجەکانی کوردیدا گێڕاوە، سەلماندنی ئیدارەی (حوکمی زاتی) بۆ مەڵبەندی کوردستان خێرایی ئەم دەورە بە تەوژمتر دەکا و زمانی کوردی بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێش دەبا و گەشەی پێدەکا و لە هەر لایەکەوە تەماشای ئەم مەسەلە و لکوپۆپەکانی بکەین چالاکی و خەباتی زانایان و خوێندەوارانی کورد هۆیەکی سەرەکییە بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی.

لە سەرەتای چەرخی شازدەهەمەوە - ئەگەر پێشتریش نەبێ - زمانی کوردی بە هەموو لەهجەکانییەوە، کەوتۆتە بەر کارتێکردنی فەرهەنگی (سەقافەت) فارسی و تورکی کە خۆیان بە توندی لەبەر تەووژمی فەرهەنگی عەرەبیدا بوون، لێرەدا مەبەست ئەو کارتێکردنە نییە کە کە زمانی عەرەبی وەکوو زمانێکی دینی لەسەر فارسی و تورکی و کوردییش هەیبوو. پاش دامەزرانی دەستەڵاتی سۆڤیاتی لەسەر خاکی ئیمپڕاتۆری کۆنی ڕووسیا و لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی عێراق، دەبێ تەئسیری فەرهەنگی ڕووسی و تا ئەندازەیێکیش ئەرمەنی و هەروەها تەئسیری فەرهەنگی عەرەبی بە شێوەی ڕاستەوخۆ، بخەینە سەر تەئسیری فەرهەنگی فارسی و ترکی دە زمانی کوردیدا.

دنیای ئیمڕۆ تەنانەت لە چاو دنیای پێش شەڕی دووەمیش زۆر فەرقی هەیە و فەرهەنگی نەتەوەکانی دوور لە یەکی دنیا، ڕێگای کارتێککردنیان بۆ تەخت بوە، بۆیە فەرهەنگی فارسی و عەرەبی و ترکی کە ناتوانن لە فەرهەنگی میللەتانی تر تەئسیر قبووڵ نەکەن، کەموزۆر ئەو تەئسیرانە دەگوازنەوە بۆ ناو فەرهەنگی کوردی، جا ئەگەر بە دەیان وشە لە ڕیشەی عەرەبی، فارسی، ترکی و زمانانی فەرەنگی دە زمانی خۆماندا دەبینین نە شتێکی سەیرە و نە عەیبیشە وەکوو هەندێ خوێندەواری کورد بیری لێدەکەنەوە، نەک هەر ئێستا، کە دنیا زۆر بچووک بۆتەوە و فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکان لە جاران زیاتر و هاسانتر کار تێک دەکەن، بەڵکوو لە کۆنەوە ئەم کارتێکردنە هەر هەبوە، (هوزواریش) ئەوان وشە ئارامییانە بوون کە تێکەڵ زمانی دەوری ساسانیان ببوون و «بە خەتی پەهلەوی دەنووسران و لە کاتی خوێندنەوەدا تەرجەمە پەهلەوییەکەیان دەخوێندرایەوە، وەکوو دەیاننووسی (مەلکا) و دەیانخوێندەوە (شاه)»[48] و کەسیش تەنانەت شاهەنشایانی ساسانی خۆشیان پێیان عەیب نەبوە.

هەر ئەو خوێندەوارانەی کە وشەی بێگانە لە زمانی کوردیدا بە عەیب دەگرن، هیچ ئاگایان لەوە نیە کە خۆیان کوردی بە پێی ڕێزمانی زمانێکی دیکە دەنووسن[49] و بەوەش داناکەون نووسینەکانیان بە تەرجەمەی زاراوەی تر داخنن، کە ئەگەر هۆیەک هەبێ بۆ بێ هێز و پێز کردنی زمانێک ئەو جۆرە شتانەن نەک وشەی ڕووتی زمانانی تر کە ڕەوتی مێژوو و پەیدابوونی هەزاران شتی وا کە ژیانی ئیمڕۆ پێویستی پێیان هەیە و ئێمە خۆمان نەمان بوە و ئێمەش دروستمان نەکردوون تا ناویان لێ بنێین و بە ناچاری خۆیان و ناوەکانیان وەردەگرین و نەک هەر خەڵکی شاران کە زیاتر دەگەڵ شارستانێتی ئیمڕۆ سەروکاریان هەیە، بەڵکوو خەڵکی لادێش دەیانڵێن.

سەرەڕای ئەمانە هەمووی، هەر زمانێک کە وشەیێک لە زمانێکی تر دەخوازێتەوە دەستکارێکی هەر دەکا و دەیهێنێتە سەر شێوەی خۆی، خەڵکی سادەی نەخوێندەوار کە هیچ ئاگایان لە ڕێزمان و زمانەوانی نیە و بەم حاڵەشەوە چاکترین و ڕاسترین پێوانەش بۆ ڕاستی و چەوتی هەموو بابەتێکی زمانەوانی، ئەم خەڵکە سادەیە بێ ئەوەی هەر هەستیش بە کردەوەی خۆیان بکەن، وشەی بێگانە وەردەگرن و لە بۆنەی زمانی خۆیاندا قاڵی دەکەن و سەرلەنوێ دادیدەڕێژنەوە و بە کاری دێنن و هەندێ جار بۆ مەبەستێکی دە کار دەکەن کە فرێ بەسەر ئەو مانایانەوە نیە کە لە زمانە ئەسڵییەکەدا هەیبوە.

ئەوەی کوردی عێراق پێی دەڵەن (سەییارە) و لە عەرەبی وەرگیراوە، ناوە ئورووپاییەکەی (ئۆتۆمۆبیل automobile)ە و کوردی ئێران ناویان ناوە (ترومبیل) و کوردی عێراق (ئۆتمەبیل) یا (ئۆطمەبێل)یشی پێ دەڵێن و لە سووریا (ترومپێل)ـە، ئەوجار وشەی (ماشین machine) کە لە فارسیدا بە (سەییارە)ی دەڵێن، کورد کردوویانەتە (ماشێن) لە باتی (ترومبیل) و (مەکینە) لە بەرامبەر مانای ئەسڵی وشەکەدا و (ئۆتۆماتیک automatique بە مانای هەر شتێکی لە خۆوە ئیش بکا یا بۆ خۆی بجووڵێ، کوردی سادەی نەخوێندەوار کردوویانەتە (تەماتیر) بۆ چەک، داخوا وشەی (ماڵ)ی کوردی یا (ماف) بە مانای هەق کە لە (مال، مافیە)ی عەرەبی وەرگیراون، ماناکانیان هیچ پێوەندێکیان بە مانا عەرەبیەکەیانەوە هەیە؟

48 د. معین، فەرهەنگ، ج ٤، ل- ٥١٣٩.
49 ئەم قسەیە هەروا لە خۆڕایی ناکەم، بەڵکوو ئەگەر ویستبام نموونەی ئەم کارە بخەمە بەرچاوان پێویستی بە ماندوو بوون نەبوو.

## گۆرانی «هەورامی» زازا

لە مەڵبەندی لەهجەی باکووری و ناوەندی زمانی کوردیدا دوو دورگەی زمانی هەن کە سەرەڕای دووری لەیەکتر پیاو بە هاسانی دەتوانێ بڵێ لە ئەسڵا یەکن، ئەویش (زازایی)یە لە باکوور و (گۆرانی)یە لە (ناوەندی)دا، ئەمەی ئاخریان زیاتر بە (هەورامی) ناوی دەرکردوە چونکوو گەورەترین ناوچەیێکی تێیدا ڕەواجی هەیە (هەورامان)ـە، بێجگە لەوەی لە (ڕێژاو) و (کەنوولە)[50] و لە ناو عەشیرەتی (باجەلان) و (زەنگنە) و (شەبەک)یش قسەی پێدەکرێ، زازاییش لە (پاڵوو)، (کۆر) و (چەبەخچوور) لە برەودایە.

من لەسەر ئەم دوو بنلەهجەیە تا ڕادەیێک گەییشتوومە هەندێ ئەنجام و گومانم لەوەدا نیە کە (کوردی)ن، بەڵام چونکوو لێکۆڵینەوەکەم بە لای خۆشمەوە هێشتا کاڵ و کرچە، وازم لەوەی هێنا کە لەم سەرەتایەدا بڵاوی کەمەوە و هەڵیدەگرم بۆ مەیدانێکی تر.

## دەربارەی «دەنگ»ی کوردی

هەردەگەڵ وتت قامووس، هەموو کەسێ کتێبێکی دێتەبەرچاو کە باسی هەموو شتێ دەکا و مەتەڵی کوردی «قسەی وا دەکا قامووس نایگرێ» لەم باوەڕە پەیدا بوە کە دەبێ قامووسی هەموو شتێکی تێدابێ و هەر بۆیەش شاعیری فرلاوێژ (هەجاو)ی کوردی شێخ ڕەزای تاڵەبانی گوتوویە «قسەی وات پێدەڵێ قەت نەیگرێ قامووس». بەڵام ئەوەی کە ناوی قامووس دەیخاتە مێشکی خوێندەواران، دەگەڵ ئی نەخوێندەواران، جیاوازە، پیاوێکی تەنانەت نیمچەخوێندەواریش هەر دەزانێ قامووس کتێبێکە لە (وشە) دەدوێ، (وشە) بە بیر هەموو خوێندەوارێک دادێ، ئەمما ئەوەی کە (وشە) لە چی پێکهاتوە و چۆن پێکهاتوە؟ کارێکە تەنیا ئەو کەسانە بیری لێدەکەنەوە کە سەروکاریان دەگەڵ زانستی زمانەوانی هەبێ و خەڵکی تر وشەیان لەلا (شت)ێکە مانایەکی هەیە و مەبەستی خۆیانی پێ دەردەبڕن.

هەموو (کل)ێک لە (جزء)ان پێکدێ و (جزء)ەکانیش دەشکێنەوە تا دەگاتە سەر ئەو (جزء)ە بچکۆلانەیەی بە چاو نابیندرێ و گەورەزانایان لە زەمانانی کۆنەوە ناویان نابوو (جزء لایتجزء) بە مانای (جزء)ێکی وا کە بەش ناکرێ و لەم زەمانەی ئێمەدا (ئاتۆم)ی پێدەڵێن، جا هەروەکوو دەزانین (ئاتۆم)یش کە ساڵەهای ساڵ بوو وەک قەڵاییکی پۆڵایین لە مەیدانی شارستانێتیدا سەرکێشی دەکرد و دە گرتن نەدەهات، لە ئاخر و ئۆخری جەنگی دووەمدا بە دەستی زانایانی ئادەمیزاد (فتح) کرا و وەک بۆمبێک دەنگی دایەوە و کۆمەڵگای ئینسانی!! لە دوو شاری (هێرۆشیما) و (ناکازاکی) زیاتر لە ١٢٠ هەزار (ئینسان)ی کردە گاووگەردوونی ئەم سەرکەوتنەی خۆی کە یاخوا هەر سەرنەکەوتبا.

زمانی هەموو نەتەوەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە، وەکوو دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی وایە و (کل)ێکە کە لە (جزء)ان پێکهاتوە، ئاتۆمی زمانان دەنگەکانی هەر زمانێکە، ئەگەر مەسەلەکە نەختێ زیاتر خوردکەینەوە دەبێ بڵەین کە ئاتۆمی زمانانیش ئەو (جزء لایتجزء)ـە نیە وەکوو دێتە بەرچاوان، چونکوو زانستی فیزیا دەمێکە ڕوونی کردۆتەوە (دەنگ) لە لەرینەوەی شتێک پەیدا دەبێ (ذبذبات الصوتیة)، وەک دەبینین ئەو ئامرازانەی مۆسیقی کە (ژێ)یان هەیە وەکوو تار، عوود، کەمانچە، ... تا بە ئامرازێکی تایبەتی، میزراب (بۆ تار و عوود) و ئارشێ (بۆ کەمانچە) لە تەلەکانیان نەدەن و نەیان لەرێننەوە دەنگیان لێوەنایە، لە مەسەلەی دەنگەکانی زمانێکدا ئەو ئامرازەی مووسیقا

50 دوو ناوچەی بچووکن لە مەڵبەندی لەهجەی جنوبیدا.

گەرووی ئینسانە کە هەندێ (ژێ)ی تێدایە (الاوتار الصوتية) و بە (هەوا)یەکی لە دەروونرا دێتەدەر دەکەونە لەرینەوە. بە زیادی دەزانم لەمە زیاتر خوێنەرانی خۆشەویست دەگەڵ خۆم ڕەکێش کەم و بچینە قۆناغێکی کە لە پێش (لەرینەوە)دایە و پێکەوە بکەوینە باسکەمەلە لە ئوقیانووسی ئەوەیدا کە پێی دەڵێن بزووتنەوە (الحركة) کە بنجوبناوانی هەموو شتێکە و (ژین) خۆی بزووتنەوەیە، تەنانەت (مردن)یش بڕانەوەی بزووتنەوە (السكون) نیە، چونکو دوای مردنیش شێوەی (استحالە) لە حاڵێکەوە بۆ حاڵێکی تر وەردەگرێ، بۆیە کورت و کرمانجی دەڵێم دەنگەکانی هەر زمانێک لە لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگی گەرووی ئەم ئینسانانە پەیدا دەبێ کە بەو زمانە قسە دەکەن و ئەم لەرینەوە بە پێچوپەناکانی ناوقوڕگ و دەمی ئینساندا تێدەپەڕێ تا دەگاتە ئەو شوێنەی هەردوو لێو پێکەوە دەنووسێن.

لێرەدا دوو مەسەلەمان لەبەردەم قوت دەبێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە لەرینەوە هەر لەرینەوە و هەر (ژێ) دەلەرێتەوە، ئەدی بۆچی زمانی نەتەوەکان لە دەنگێکیان زیاتر هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ پەنابەرێتە بەر ئامرازێکی مووسیقی خۆمانە کە کۆنترین ئامرازی مۆسیقایە و ئەگەر بڵێم شوانانی کورد دایان هێناوە ڕەنگە لە ڕاستی لام نەدابێ، ئەو ئامرازە (بلوێر)ە، هەموو دیومانە و دەزانین کە لە قامیش دروست دەکرێ و حەوت کونی تێدایە، بلوێرژەن قامکی لەسەر کونەکان دادەنێ و فووی پێدا دەکا، بە جووڵاندنی پەنجەکانی لە (فوو) شەپۆلی دەنگ سازدەکا و بە گواستنەوەی پەنجەی لەسەر کونێک بو کونێکی تر یا زۆروکەم لابردنی قامک لەسەر کونەکان دەنگی جۆربەجۆر پەیدا دەبێ و هەر ئاواز و نەغمەیێکی مەبەستی بێ دەیژەنێ.

گەرووی ئینسان و پێچوپەناکانی ناودەم تا دەگاتە دیوی دەرەوەی دوو لێوان کاری بلوێرەکە دەکەن کە ئەو هەوایەی لە دەروونەوە دێ و لە (ژێ)یەکان دەدا و بە فەرمانی مێشک بە شوێنە جیاجیاکانی ئەم داڵانەدا تێدەپەڕی و (دەنگ)ی جیاجیا بۆ (زمان)ێک دروست دەکات، لێرەدا کونەکانی بلوێر ئەو شوێنانەن کە پێیان دەڵەین (خانی دەنگ) و بە عەرەبی ناویان (مخارج الحروف)ـە.

مەسەلەی دووەم ئەوەیە: ئادەمیزاد هەر ئادەمیزادە و هەر گەرووی ئادەمیزادە دەنگ دروست دەکا، ئەدی بۆچی دەنگەکان لە زمانی هەموو نەتەوەکانی سەر زەویندا وەک یەک نین، بە جۆرێکی تر بڵەین بۆچی هەندێ زمان هێندێ دەنگیان هەیە و هەندێکی تر نییانە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لە خودی ئادەمیزاد ورد دەبینەوە، سەرەڕای ئەوەی (كليات)ی هەموو ئینسانەکان وەکوو یەکە و هەموو ئینسانێک دووڵاق و دوو دەستی هەیە، بە دوو چاوان دەبینێ و بە دوو گوێیان دەبیسێ، بەڵام داخوا هەموویان وەک لە یەک قاڵب دەرهاتبن وان؟ لووتی هەموو ئینسانێ هەر لووتە و کاری لووت دەکا، بەڵام شکڵیان وەکوو یەکە؟ هەروەها چاو، دەست، ... داخوا ژێیەکانی گەرووی هەموو ئینسانەکان وەکوو یەک ئەستوور یا باریکن؟ توانی لەرینەوەیان وەک یەکە؟ ئایا ئەو هەوایەی لە دەروونرا دێتە دەر و لە ژێیەکانی دەنگ دەدا لە هەموو ئینسانەکاندا یەک تەوژمە؟ با نەختێکی تر مەسەلەکە ڕوونتر کەینەوە، بلوێرێکی قامیشەکەی باش گەییشتبێ و چاک وشک بووبێ، کونەکانی هەمووی خشت و بە یەک ئەندازە بن و دوورونیزیکییان لە یەکتری لە ئەندازە بێ، دەگەل بلوێرێکی کە ئاوا نەبێ، دەنگیان وەک یەک نابێ.

ئادەمیزادیش وەکوو مەوجوودێکی زیندوو کە هۆیەکانی دەوروبەری خۆی کاری تێدەکەن، هەر بەم جۆرەیە، ئەوەی وای کردوە خەڵکی وڵاتانی گەرمی ئەفریقا پێستیان ڕەش و ئەستوور بێ و موویان قرژ و لێک هاڵاو بێ و خەڵکی وڵاتانی سەرووی ئەورووپا پێستیان سپی و تەنک بێ و... وەڵامێکە بە پێداویستی ژیانی تەبیعی ئادەمیزاد دراوەتەوە، جا هەر هەندێ هۆی لەم بابەتەیە کەوا دەکەن گەرووی ئینسانەکانی هەندێ لە نەتەوەکان هەندێ دەنگی لێ بێتەدەر و ئی هیندێکی تر نەتوانی ئەم دەنگانە ساز بکا.

نابێ لەو قسانە وا تێبگەین کە بەعزە دەنگێک مەخسووسی بەعزە زمانێکن و میللەتەکانی دیکە ناتوانن ئەو دەنگانەیان لە زمانەکەیاندا ببێ، (دەنگ)یش لە زماناندا دیاردەیێکی زیندوە، پەیدا دەبێ و گەشە دەکا و دەگۆڕێ و لە ناویش دەچێ.

زمانی ئاوێستایی کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی زمانی کوردی دەنگی (ل)ی نەبوە، دەنگێکی هەبوە لە دوو دەنگی (ت، ه) پێکهاتوە کە ئێستا هەندێ کەس وەکوو (ث)ی عەرەبی یا th ئینگلیسی دەیخوێننەوە و بەعزێکیش (تهـ .)ی تەلەفوز دەکەن، وەکوو وشەی (پەرتهوە) کە ناوی یەکێک لە خێڵاتی ئەشکانی بوە، گەلێ کەس بە (پەرثوە)ی دادەنێن و بە عەرەبی (فرثی)یە، هەروەها لە زمانی ئاوێستاییدا دەنگی (ذ) و دەنگێکی تێکەڵاوی (خ، ڤ) هەبوە، ئێستا لەو زمانانەدا کە ئاوێستایی کاری تێکردوون ئەو دەنگانە نەماون، لە سەرەتای بووژانەوەیرا تا پەلاماری مەغوولەکان، دە زمانی فارسیدا دەنگی (ذ) هەبوە و ئەوەندە زۆر بووە پیاو سەری لێ شێواوە کە فلانە وشە دەبێ بە (دال) بنووسرێ یا بە (ذال) تا (خواجە نەسیری تووسی) وەزیری (هۆلاکۆ) دەستووریکی بۆ دانا، ئەم دەنگە بەرەبەرە لەناوچوە و ئێستا بێجگە لە وشەی عەرەبی خوازراوەدا نەبێ نابیندرێ.

لە زمانی کوردیدا نەک هەر دەنگی (ل) پەیدا بووە بەڵکوو (ڵ)یشی زیادکردوە کەچی ئێستاش لە بنلەهجەی (کۆیە) و هەندێ ناوچەکانی هەولێریدا زۆربەی دەنگی (ل، ڵ) وەکوو (ر) تەلەفوزدەکەن و هێندێک لە خەڵکی کۆیە کە دەیانەوێ وەکوو خەڵکی سلەیمانی قسەبکەن، لایان وایە هەموو (ر) یەک بکەنە (ل، ڵ)، بۆ نموونە وشەی (شقارتە) دەکەنە (شقاڵتە).

نموونەیێکی دیکە باس کەین، هەر نووسراوێکی پەهلەوی یا ئاوێستایی کە تا ئێستا زانایان خوێندوویانەتەوە دەنگی (ص، ع، ق)یان تێدا نیە (ئەگەر وای دابنێین کە تەلەفوزی ڕاستی دەنگەکانی پەهلەوی و ئاوێستایی-مان بەدەستەوەیە) بەڵام ئێستا وشەی کوردی کە بە (ق) دەست پێدەکرێن یا (ق)یان تێدایە، هیچ کەمتر نین لەوانەی بە دەنگێکی ڕەسەنی کوردی دەست پێدەکرێن و هەروەها (ع)یش کەم نیە، کەچی بێجگە لە چەند وشەیێکمان دەست ناکەوێ کە بە (ژ) دەست پێ بکا و ئەگەرچی ئەم دەنگە لە دەنگە ڕەسەنەکانە، لە پەهلەوی و ئاوێستاییشدا هەر کەم بوە.

دەربارەی دەنگی (ص)یش دەبێ بڵەین کە لە کوردی ئێستادا، دەنگێ هەیە لەم دەنگە بچێ، ئەوی ڕاست بێ ناتوانین دەقاودەق بە (ص)ی عەرەبی دابنێین، بێجگە لە چەند وشەیێکدا وەکوو (صەگ، صەت،...) و زیاتر ئەم بۆرەدەنگی (ص)ە وەختێ پەیدا دەبێ کە دەنگی (س) دەکەوێتە پێش دەنگی (ت)، سەرەڕای ئەوەش ناتوانین خۆمان دڵنیابکەین کە دەنگی (س) لە زمانانی پەهلەوی یا ئاوێستایی و مادیدا، هەروەک (س)ی کوردی ئێستا لە دەم هاتۆتە دەر و هیچ نەبێ جاروبارە و لە جیرانەتی هەندێ دەنگی دیکەدا فیکە و ئاوازەیێکی لێ پەیدانەبوە و لە دەنگی (ص)ی عەرەبی نیزیکی نەکردۆتەوە.

دەنگی (ح)ش یەکێکە لەو دەنگانەی کە مۆری نارەسەنی لە ناوچەوانی دەدرێ، من لەبەر ئەوەی بڕوام وایە کە «نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە» بۆیە هەر دەنگێکی ئیمڕۆ کورد، کوردی سادەی لادێیی و نەخوێندەوار دەیڵێن، با لە زمانی باوباپیرانیشماندا نەبووبێ بە دەنگێکی کوردی دەزانم چونکوو وا تێدەگەم کە (ضرورت) وای کردوە ئەم دەنگە بێگانەیە بێتە ناو زمانی کوردی، چەند سەیر دەبێ لە وشەیێکی کوردیدا کە ئیمڕۆ بە (ق) دەست پێدەکا یا (ق)ی تێدایە بە بەهانەی ئەوەی کە ئەم دەنگە دەنگێکی ڕەسەنی کوردی نییە، بێین بیکەینە (ک) یان (گ)، ئەم کارە یەعنی قەڵەمبازێکی چوار صەت و پێنج صەتساڵی بۆ پاشەوە، چونکوو لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەردەکەوێ گۆڕانی دەنگێک بە دەنگێکی تر ئەوەندە ساڵەی وەخت لازمە.

چاوتان لێبێ: وشەی (قشقەڵە)ی موکریانی و (قشقەڕە)ی سلەیمانی یاخۆ (قەل) و (قسە) ئەگەر (ق)ی نارەسەنمان کرد بەو دەنگەی پێی دەڵەین ڕەسەن، چیان بەسەردێ، سووک و هاسان دەبنە: گشکەرە، گشکەلە، کە، گسە، کەل، گەل، ... ، .... ، داخوا کامە کوردی لادێیی یا زانا و خوێندەواریش بە بیستنی ئەم وشانە شتێکیان لێ حاڵی دەبێ بۆیە بەلای منەوە مەسەلەی دەنگی (ڕەسەن) و (نارەسەن) لە گۆڕێ نیە و ئێمە لە بەرامبەر حاڵەتێکی (دیفاکتۆ) داین سەرەڕای ئەمەش...

«... لەو نووسینانەی کە لە گردی (شمشارە)ی نیزیک ڕانیە دۆزراونەتەوە ناوی (حێش، حینە، قەبرە..) هەیە بەپێی ئەو وتارانەی کە باسی دۆزینەوەکان دەکات ناوچەکە ناوچەیەکی (خووری) بوە. جا ئەگەر ساغ بێتەوە کە ئەم وشانە ناوی (خووری)ن و خووریش بە کورد دەربچن دەردەکەوێ لەو دەمانەدا (١٧٠٠ پ. ز) دەنگی (ح، ق) لە کوردیدا هەبوە».[51]

من کە هێندە باسی ڕەسەنی و نارەسەنی (دەنگ) دەکەم، نامەوێ خوێنەران وا بیر بکەنەوە کە ئی وا هەن دەیانەوێ ئەو دەنگانەی بە خەیاڵی خۆیان نارەسەنن لە زمانی کوردی دەراوین، نەخێر مەسەلەکە وا نیە زۆریش شوکرانەی دەوێ کە وانیە و مەسەلەی دەراویشتنی شتی نارەسەن لە زمانی کوردیدا تا ئێستا لە سنووری دەراویتن و ڕاماڵینی (وشە)ی نارەسەن تێنەپەڕیوە و بەنیسبەتی دەنگی نارەسەن! هێندەی تەشەنە نەکردوە، بەڵام لەوە دەترسێم کە ئەو درم و پەتایەی دەربارەی وشە هەیە و دەگەڵ (دەنگ)ـەکانیش سەرەتاتکێیەتی زیاتر بڵاوببینەوە. هەر ئێستا هەندێ نووسەری کورد لە نووسینی (ع) سڵ دەکەنەوە، خۆ باسی (ص) هەر ناکرێ، خۆیان ناینووسن هیچ ئەگەر یەکێکیش بینووسێ لە دڵیان گران دێ.

(دەنگ) بەردی بناغەی هەموو زمانێکە و ئەو دەنگانەی ئیمڕۆ لە زمانی، کوردیدا هەن، (ڕەسەن و نارەسەن) بەروبووی تطوری صەدان ساڵە کە پێداویستی زمانەکەمان سەپاندوویەتی و لەقاندنی بەردی بناغەی دیوار یا خانوو باش نیە، من لەوە دەترسم خوای نەخواستە ئەو کارەی لە ملە و بەربەرەکانی دوور و درێژدا، زمانەکەمان تێیدا سەرکەوتووە و نەیارانی زمانی کوردی نەیانتوانیوە لەناوی بەرن، بە دەستی یارانی (متعصب) سەربگرێ و زمانی کوردی لە گرێژنە بچێ و چیرۆکی ورچەکەی مێشی لە خاوەنەکەی دەردەکرد و گاشە بەردێکی ماڵی بە مێشەکەدا، سەری خاوەنەکەشی دەگەڵ پان کردەوە، لە ئێمە ڕوو بدا.

تعصب، خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپە لە هەر کارێکدا بێ و بۆ هەر چێکی بێ، لە ساڵانی دوای شۆڕشی چاردەی تەمووزەوە و بەڵکوو پێش ئەویش تعصبی وشە داتاشین پەیدابوە، هەر کەسێ دەستی قەڵەمی گرتوە، لەبەر خۆیەوە دەستی کردوە بە وشە داتاشین، گەلێکیان هەر تەرجومەی وشە یا زاراوەیێکی بێگانە بوون کە حەزیان لێ نەکردوە. داتاشینی وشەی تازە بۆ زمانێک، بەتایبەتی لەم زەمانەدا کە هەموو ڕۆژێ شتی تازە دێتە گۆڕێ، کارێکی خراپ نیە هیچ، بەڵکوو پێویستیشە، بەڵام بەمەرجێ دەگەڵ دەستووری زمانی کوردی بگونجێ نەک هەر کەس دەستی قەڵەم بگرێ هەق بداتەخۆی بە ڕاستەوچەپەدا وەک ئاشی کرێوە وشە دەرفرتێنێ، یا زاراوەی زمانێکی تر وەرگێڕێتە کوردی کە ئەمەیان هەر ئێجگار ئیشێکی نالەبارە. بۆ نموونە باسی دەکەم لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (القیام بـ ... و قام بەو...) هەیە کە دەگەڵ زمانی عەرەبی ئێستا گونجاوە، نازانم کەنگێ ئەم زاراوەیە کراوە بە کوردی و بۆتە (پێ هەڵسان و پێی هەڵسا و...) کەسیش نەبوە بپرسێ: (ئەوەی دانیشتبوو دەستی دا گۆچانەکەی و پێی هەڵسا، یا خەوتبوو بە دەنگی تەقوهۆڕ لە خەوی شیرین هەڵسا) بەڵێ کەس نەبوە

51 د. ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنێتیکدا، ل-٥١، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

بڵێ (هەڵستان)ی کوردی، ئەگەر مانایەکی (القیام)ی عەرەبی بێ یا یەکێک لە ماناکانی (القیام)ی عەرەبی بێ، قەت ئەوە ناگەیێنێ هەموو لقوپۆپی یەکێکیان بۆ ئەویتریان دەست دەدا، بەتایبەتی ئەگەر زاراویش بێ. ئەم جۆرە شتانە نارەسەنن نەک (دەنگ) یا (وشە)یێکی ساڵەهایە لەناو زمانی کوردیدا جێگای خۆی کردۆتەوە و بۆتە بەشێک لە زمانەکەمان.

ئێستا کە باسی داتاشینی وشە هاتۆتە پێشێ، ڕەنگە خراپ نەبێ بەسەرهاتی داتاشینی وشەیەک بگێڕمەوە کە سی ساڵێکی بەسەرچوە. ساڵی ١٩٤٣ بوو لە شاری تەوریز، خەریکی چاپ کردنی گۆڤاری «نیشتمان» بووم، لە سووریارا ڕۆژنامەی (ڕۆژا نوو)م بۆ هاتبوو، وتارێکی تێدا بوو کە لە دواییەکەیدا نووسرابوو: «بەرواری - ر- ر ١٩٤٣» و پاشانیش ناوی (نووسەری دوایی نووسینەکانیدا وشەی (بتاریخ) و پاش ئەویش ڕۆژ و مانگ و ساڵی نووسینی وتار و شیعرەکانی خۆیان دادەنا. کاتێ ئەم دووانەم پێکەوە بەراوەرد کردن، وشەی (بەرواری) دەگەڵ (بتاریخ) بەرامبەر دەوەستان، من بێخەبەر لەوەی (بەرواری ناوی مەڵبەندێکە)، (کەو)م لێبوو بە (زرەکەو) و (بەروار) بە (تاریخ)، ئیتر لەو سەعاتەوە هەروەک دوو (ڕێوی)م دەکونێکدا دۆزیبێتەوە وابوو، هەرچی بەدەستی من چاپ دەکرا، پێویست با یا نەبا وام ڕێک دەخست ئەم وشە نایابەی خۆم دۆزیبوومەوە جێگایەکی دەست کەوێ خۆی تێ پەستێوێت.

وەکوو دەبینن، ئەم وشە بێ دایک و بابە، دایکی (جەهل و نەزانین) و باوکی (تعصبی کوێرانە)یە و خۆم لەو ڕۆژەوە کە هەستم پێکردوە، وازم لە بەکارهێنانی هێناوە و ئەم چیرۆکەشم بۆ گەلێ کەس گێڕاوەتەوە، بەڵام بە داخەوە هێشتا خەڵک هەن دەستبەرداری نەبوون. جا وشەی لەم بابەتە، کەم نەکەوتوونە زمانەکەمان: (واتا) و (گوزارە) لە باتی (مەعنا)، (ڕاڤە) لە شوێن شەرح و تەفسیر، (ڕاژە) بە مانای خزمەت کردن، (تەخشە لاکوم) جموجۆڵ، (سپید بالا) و (سپید پەهنا) لەجیاتی (فەجری کاذب و فەجری صادق)، گومانم نیە ئەم وشەگەلە و دەیانی لەم بابەتە دایکیان دەگەڵ (بەروار)ەکەی گوورین یەکە، بەڵام ڕەنگە باوکیان جیا بێ یا هەر باوکیان نەبێ و بە نەفەسی (روح القدس) گوورابن.

من بە تەمای ئەوە نەبووم خۆ لە قەرەی ئەم باسە بدەم، بەڵام قەڵەم سەرکێشی کرد و هەر ئەوەندە کەوتەڕێ خەریک بوو پڕکێشیش بکا و پێ لە بەرەی خۆی زیاد ڕاکێشێ بۆیە ناچار بووم لغاوی بە دەمدا بدەمەوە و لە سنووری خۆیدا بیوەستێنم و بیگێڕمە سەر باسی (دەنگ)ـەکانی زمانی کوردی کە وتمان ئەو دەنگانەی ئێستا لە زمانی کوردیدا بەدەمدا دێن بەروبووی گۆڕان و گەشەکردنی صەتان ساڵە و پێداویست سەپاندوونی ئیتر پێی ناوێ خۆمان بە (ڕەسەنی) و (نارەسەنی)یانەوە خەریک کەین و باشتر ئەوە کە ئەم خۆ ماندووکردنە بۆ زیاتر پێشخستن و گەشەپێکردنی زمانەکەمان تەرخان بکرێ.

پاش ئەو هەموو درێژەپێدانە دەگەڕێینەوە سەر (دەنگ)ـەکان، بەلای منەوە ئەم دەنگانە لە زمانی کوردی ئێستادا هەن.

| دەنگ | | | | دەنگ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | پیت | تەلەفوز | ناو | ژمارە | پیت | تەلەفوز | ناو |
| ١ | ء | ، | هەمزە | ١٦ | ع | i | عەین |
| ٢ | ب | bi | بێ | ١٧ | غ | ghi | غەین |
| ٣ | پ | pi | پێ | ١٨ | ف | fi | فێ |
| ٤ | ت | ti | تێ | ١٩ | ڤ | vi | ڤێ |
| ٥ | ج | ci | جیم | ٢٠ | ق | qi | قاف |
| ٦ | چ | ci | چیم | ٢١ | ک | ki | کاف |
| ٧ | ح | hi | حێ | ٢٢ | گ | gi | گاف |
| ٨ | خ | xi | خێ | ٢٣ | ل | li | لام |
| ٩ | د | di | دال | ٢٤ | ڵ | li | ڵام |
| ١٠ | ر | ri | رێ | ٢٥ | م | mi | میم |
| ١١ | ڕ | ri | ڕێ | ٢٦ | ن | ni | نوون |
| ١٢ | ز | zi | زێ | ٢٧ | و | wi | واو |
| ١٣ | ژ | ji | ژێ | ٢٨ | هـ | hi | هێ |
| ١٤ | س | si | سین | ٢٩ | ی | yi | یێ |
| ١٥ | ش | si | شین | | | | |

بۆ خاتری لەهجەی هەرە گەورەی زمانی کوردی (لەهجەی باکووری) دەبێ دوو دەنگی (ط) و (ظ)ش بێنێتە ناو حیسابەکەمانەوە، وەکوو دەزانین وشەگەلێ کە لە لەهجەی ناوەندیدا بە (ڤ) دەست پێدەکرێن یا دەنگی (ڤ)یان تێدا هەیە بە پەنجە دەژمێردرێن، کەچی نەبیستراوە کەسێ ڕەخنەی هەبێ لەوەی (ڤ) لە ژێری دەنگەکانی کوردی حیساب دەکرێ، گومانم نیە زۆرتر لەبەر ئەوەیە کە لە لەهجەی باکووریدا (ڤ) کەم نیە، جا ئەگەر دەنگێکمان لەبەر ئەو هۆیە قبووڵ کرد هیچ دەلیلێکمان بەدەستەوە نامێنێ لەبەر عەینی سەبەب دوو دەنگی (ط و ظ) قبووڵ نەکەین کە ئەگەر لە دەنگی (ڤ) زۆرتر نەبن کەمتر نین، هەروەها دەنگی (ص) لە لەهجەی باکووریدا زۆرە و لە لەهجەی ناوەندیشدا وەکوو لە پێشەوە باسمان کرد هەیە. بەلای منەوە دەبێ ئەم دەنگانەش بهێنرێنە ناو دەنگەکانی کوردییەوە، بەم جۆرە دەنگەکانی زمانی کوردی ژمارەیان دەبێتە ٣٢ دەنگ.

خانی دەنگی زمانان (مخرج الحرف) لە بنی ئەوکرِا دەست پێدەکا و لە حاستی ئەو جێگەیەی دوو لێو پێکەوە دەنووسێن (بە دیوی دەرەوەدا) دەبرِێتەوە، بۆیە لە هیچ زمانێکدا (دەنگ)ێک بە تەنیایی لە نێوانی دوو لێوان ناترازێ و نایەتە دەرێ، ئیللا لە هەوادا پەرِش و بڵاو ببێ و بکوژێتەوە. ئەدی کەوایە چۆن گوێمان لە قسان دەبێ؟ ئەگەر بمانەوێ زۆری درێژە نەدەینێ، دەبێ بڵەین (دەنگبزوێن)ـەکان ئەوانەی بە زمانی ئینگلیسی پێیان دەڵێن vowels یارمەتی (دەنگ)ـەکان دەدەن و لە نێوان دوو لێوانەوە ڕایان دەکێشنە دەرێ و دەشیان پارێزن نایەڵن لە هەوادا بپووچێنەوە.

بۆ ئەوەی بزانین ئەم دەنگبزوێنانە چن و کاری خۆیان چۆن ئەنجام دەدەن، واباشە چاوێک بەکاری ڕادیۆدا بخشێنین کە لە دوورەوە (لە ئیستگەیێکی ڕادیۆ لە پشت میکرۆفۆنەوە قسەدەکا، ئەم قسانە لە دەزگاکانی ئیستگەدا دەبنە شەپۆلی (دەنگ) و (ئاریەڵ)ی ئیستگە پاڵیان پێوەدەنێ بۆ ناو (هەوا)، بەڵام ئەم شەپۆلانە توانایی ئەوەیان نیە زۆر برِ بکەن و بگەنە ڕادیۆکانی ئێمە و چەشنی شەپۆلی (دەنگ)ـەکانی زمان لە هەوادا دەکوژێنەوە، بۆیە لە هەموو ئیستگەیێکی ڕادیۆدا جۆرێک شەپۆلی تر دروست دەکرێ کە پێی دەڵێن شەپۆلی بارکراو (الامواج المحملة) یا شەپۆلی باربەر (الموج الحامل) و شەپۆلی قسەکان لەم شەپۆلانە باردەکەن و بە ڕێگای (ئاریەڵ)دا بۆ ئێمەیان دەنێرن، ئەوجار دێنە ناو ڕادیۆ چکۆلەکانمانەوە و لەوێدا (شەپۆلی قسە) و (شەپۆلی باربەر) لێک جیادەکرێنەوە شەپۆلی باربەر ڕێگای لێدەگیرێ و شەپۆلی قسان بەرِێ دەکرێن بۆ (دایرەیێکی کارەبایی) و دەکرێنەوە دەنگ و بەهێز دەکرێن، ئینجا دەدرێن بە میکرۆفۆنی ڕادیۆکە و ئێمە گوێمان لە قسەکان دەبێ، بێ ئەوە بیری لێ بکەینەوە کە ئەو قسانە بە چەند قۆناغی سەیردا تێپەرِیون.

هەرچەند بە دووپاتەکردنەوەش حیساب بکرێ، ناچارین بۆ بەراوەردکردنی (کاری ڕادیۆ) و (کاری دەنگبزوێنەکانی زمان)، بڵەین: هەوایەکی بە فەرمانی مێشک لە دەروونرِا دێتەدەر، (ژێ)یەکانی دەنگ وەلەرین دەخا، ئەو لەرەلەرانە بەرەو (خانی دەنگ)ـەکان ڕادەدا و لە هەر (خان)ێکدا دەنگێک دروست دەبێ، ئەوجار (دەنگ)ـەکان بەرەو دەرەوەی دەزگای دەنگسازی پاڵ پێوەدەنێ تا دەیانگەیێنێتە سنووری خانەکانی دەنگ (شوێنی پێکەوە نووسانی دوولێو بە دیوی دەرەوەدا)، ئا لەم شوێنەرِا کاری (هەوا) کە دەگۆرِێ، تا ئێستا دروستکردن و ڕادانی دەنگ بوو لەناو دەزگای دەنگسازیدا و لەمە بەدوا ئەو کارە دەکا کە (شەپۆلی باربەر) لە ڕادیۆدا دەیکرد، دەنگێ کە لە خانی دەنگ و لەناو دەزگای دەنگسازیدا دروست بوە دەخۆیەوە دەپێچێ و دەیهێنێتە ناو هەوای ئازاد و لێوەکان و زمان بە فەرمانی مێشک دەست دەکەن بە جووڵانەوە بەولاولای خۆیاند و ڕێگای تایبەتی بۆ (دەنگ) دەکەنەوە، ئەندازەی بزووتنەوە و زۆر و کەمی ئەم بزووتنەوەیەی زمان و لێوان بۆ ئەولاولای خۆیان (لای سەرەوە، پێشەوە، پشتەوە) دەنگبزوێنی جۆربەجۆری زمانەکانی لێ پەیدا دەبێ کە ڕەوتی مێژووی و گۆرِان و گەشەکردن تا ئێستا دیاری کردوون، ئاشکراشە لەم گەشتە مێژووییەی زماناندا گەلێ

(دەنگ) و (دەنگبزوێن)ی کۆن کەڵکیان بڕاوە و لە مەیدان چوونەدەر و گومانی تێدا نیە کە ئەم کارەی مێژوو نابڕێتەوە و هەمیشە شتی کۆن لەناودەچن و تازە جێگایان دەگرنەوە.

ئێستا دەتوانین دەنگبزوێنەکان بە شێوەیێکی گشتی بناسین. دەنگبزوێنەکان وەکوو دەنگەکانی زمان لە لەرینەوەی ژێیەکانی دەنگ و لە ئەندەرروونی دەزگای دەنگسازیدا دروست نابن، بەڵکوو هەوایەکی کە دەگەڵ (دەنگ) لە دەم دێتەدەر هەوای دەوروبەری خۆی دەشڵەقێنێ و بەهۆی جووڵانەوەی زمان و لێو باریکەرێیەکی بێ هەوا لە دەرەوە دەکاتەوە تا دەنگەکەی پێدابڕوا و لە هەوادا نەپووچێتەوە.

چونکوو هەموو دەنگێک خانێکی هەیە کە تەلەفوزی مومکین دەکا و لە دەنگەکانی دیکە هەڵی داوێرێ و دەنگبزوێنەکان بێ ئەوەی دەنگێکیان لەپێشەوە بێ تەلەفوز ناکرێن و زانایانی زمانیش سوورن لەسەر ئەوەی کە دەنگبزوێنەکان خۆشیان هەر (دەنگ)ن، دەبێ (خان)یان هەبێ بەڵام ئەم (خان)انە لە دەروونی دەزگای دەنگسازیدا (ئەوک- دوایی دوولێو) نین و دەکەونە دەرەوەی ئەم دەزگایە، بۆیە دەڵێین خانی دەنگی دەنگبزوێنەکان (خان)ێکی (سەلبی)یە لە حاڵێکدا کە دەنگەکانی هەموو زمانەکان (خان)ی (مووجەب)یان هەیە کە دەکەوێتە دەروونی دەزگای دەنگسازی.

دەربارەی دەنگبزوێنەکانی زمانی کوردی ئێستا، دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف هەشت بزوێنی بەدی کردوە[52] بەم جۆرە:

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ێ | ی | | ۆ | وو | و | ە | ا |
| ê | î | i | O | û | u | e | A |

لەوانە (i) تایبەتی زمانی کوردییە و فرەزانای کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی لەکاتی خۆیدا (ی)ـەکی کورتی کردوە بە نیشانەی، بۆ نموونە نووسیویێتی «هەندێ لەم جوملانە کورتین»[53] کە بە ڕێنووسی ئێستا دەبێ بنووسین «هەندێ لەم جوملانە کورتن»، پاشان هەر مامۆستا وەهبی خۆی (وادەزانم لە ساڵەکانی ١٩٣٠دا ناوی ناوە (بزوێنە کوردی).

بەلای منەوە ئەو کۆسپەی لە وشەی (کورتن)دا لە نێوان دوو دەنگی (ت) و (ن) هەست پێدەکرێ و لە دەیان وشەی تریشدا هەر بەرچاو دەکەوێ ئەنجامی قرتان و جیابوونەوەی (دەنگ)ـە لە (خان)ی خۆی، چونکوو ئەگەر دەنگبزوێنێکی بەدوودا هات ئەو کۆسپە نامێنێ وەکوو لە وشەی (کات) یا (کار)دا دەبیندرێ، بەڵام لە وشەی (کردن)دا لەبەر ئەوەی (دەنگ)ێکی بەدوودا هاتوە کۆسپەکە بەچاکی هەستی پێدەکرێ.

ئەم قسانە نابێ وا لێکبدرێتەوە کە من لەو ڕایەدابم ئەم (کۆسپ)ـە نابێ بە (بزوێن) یا (دەنگبزوێن) حیساب بکرێ، بەڵکوو هەر وەک مامۆستا تۆفیق وەهبی دۆزیویێتەوە (بزوێن) و (بزوێنە کوردی)شە.

52 د. ئەورەحمان حاجی مارف، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ل-٢٥، ١٩٧٦.
53 تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩، ل-١٠.

## گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی

ئادەمیزاد لە سەرەتای ژیانی شارستانێتی خۆیدا بیروڕای خۆی هەر بە قسە دەربڕیوە کە دەمودەست لە هەوادا بێسەروشوێن دەچوو، پێشکەوتن و گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پان و بەرین بوونی پێوەندییەکانی نێوان میللەتان بەتایبەتی پێوەندی ئابووری و ئاڵوگۆڕی شتومەک لە سەردەمێکی مێژوویدا گەیوەتە پلەیێکی وا کە پێویستی بە نەخشکردنی قسە لەسەر (شتێ) پەیدا کرد تا بنێردرێ بۆ دوور یا وەکو بەڵگە هەڵبگیرێ ئەمە بۆتە هۆی پەیدابوونی نووسین. ئەوەندی مێژوو تا ئێستا ڕوونی کردۆتەوە، یەکەم جار (سۆمەر)ێکان ٣٥٠٠ ساڵ پێش عیسا لەسەر (قوڕ) و پاش ئەوانیش بە ٥٠٠ ساڵ (میسر)ێکان لەسەر (پاپیرۆس) نووسیویانە.

نووسینیش وەکوو گەلێ شتی دیکە بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە، هەر لە نووسینی پێچەڵپێلووچی (هێرۆگلیفی) و (بزماری) ڕا بگرە تا دەگاتە (ئەلفوبێتکە)ی سادەی ئیمڕۆ لە دنیادا باوە و هەر پیتەی دەنگێک لە دەنگەکانی زمانان پێشان دەدا و «ژمارەیێکی کەم نەبێ زمانانی ئینسان ماوەی نەخشکردنیان دەست نەکەوتوە و زۆربەیان هەر بەسەر دەم و زارانەوە هاتوچۆیان کردوە، مەرجی بنچینەیی بۆ ژیانی زمانێک ئەوەیە قسەی پێ بکرێ نەک نەخش بکرێ»[54] جا زمانی کوردی ئە لەو زمانانەیە کە لە قۆناغی تازەیدا بەشێوەیێکی پان و بەرین (نسبیا) دەرفەتی نەخشکران (نووسران)ی بۆ هەڵ نەکەوتوە مەگەر لە سەرەتای ئەو چەرخەدا نەبێ، بەڵام وەکوو دەزانین بە درێژایی مێژووی پەیدابوونی خۆی ژیاوە و گەشەی کردوە.

زمانی کوردی ئێستا، بۆ نووسینی خۆی ئەلفوبێتکەیێکی هەڵبژاردوە کە زۆربەی نیزیک بە گشت نەتەوە مسوڵمانەکان پێی دەنووسن، نووسینی کوردی لە سەرەتای ئەم چەرخەڕا تا ئیمڕۆ گەلێ گۆڕانی بەسەردا هاتوە، زۆر کەموکووڕی کە لەسەرەتادا تێیدا هەبوو، لە گۆڕی هەڵگیراون، بەڵام هێشتا لێی نەبڕاوە و ئەلفوبێیەکەی پێویستی بە دەسکاری هەیە، ئەم پێویستییە هەندێ خوێندەواری کوردی والێکردوە جاروبار بیر لە گۆڕینێکی بنەڕەتی ئەلفوبێی کوردی دەکەنەوە و پێشنیار دەکەن کە کوردی بە خەتی لاتینی بنووسرێ و هەر ئێستا لە هەندێ شوێن ئەوەندەی ماوەی نووسین بە کوردی هەبێ بە لاتینی دەنووسن.

بەلای منەوە گیروگرفتی نووسینی کوردی لەوەدا نیە کە ئەم ئەلفوبێتکەی ئێستامان کورتی دێنێ و بە کەڵکی ئەوە نایە پێی بنووسین، بەڵکوو لەوەدایە کە بەو جۆرەی پێویستە نەمانتوانیوە ئەلفوبێیەکە دەگەڵ تایبەتێکانی زمانەکەمان ڕێک بخەین و بەپێی ئەم تایبەتییانە سەنگ و سووکی تێدابکەین. وا دەزانم ئەمەش بەروبووی لاساییکردنەوەیێکی ناچارییە، وەکوو دەزانین پێشەنگی نووسینی کوردی (مەلا) و (میرزا)کانی کوردن، ئەوانە بێجگە لە خوێندنی زانستەکانی دینی کە بە زمانی عەرەبی بوو، وەکوو زمانێکی فەرهەنگی (سەقافی) ئەو زەمانە، گەلێ کتێبی فارسیشیان وەکی: گولستان و بۆستانی شێخی سەعدی، شانامە، خەمسەی نیزامی، مەسنەوی و... دەخوێند، تەنانەت لە حوجرەی مزگەوتەکانی تورکیای عوسمانیش کە زمانەکەیان تا ڕادەیێکی زۆر لەژێر تەئسیری فارسی و عەرەبیدا بوو، ئەم جۆرە کتێبە فارسیانە دەخوێندران، تەئسیری فەرهەنگی فارسی لەسەر مەلا و خوێندەوارانی کورد لە هەموو شوێنێک، وای لەوانە کردبوو کە ئەگەر شعری شاعیرانی کورد - کە یەکەم نووسینی قۆناغی تازەی کوردییە - یان دەنووسیوە بە (ئیملا)ی فارسی بوو، سەرنجێک لە نووسینەکانی کوردی سەرەتای ئەم چەرخە و دەستنووسەکانی دیوانی شاعیرانی کورد بۆمان دەردەخا هەرچەند زمانەکە کوردییە بەڵام شێوەی (ئینشا) و (ئیملا)ی یا فارسییە یا تورکی کە ئەمەی ئاخریان خۆی لەژێر تەئسیری فارسیدا بوە.

---

54 د. عەلی عەبدولواحید وافی، سەرچاوەکەی پێشوو، ل ٣٤٥.

فارسی و تورکی هەر بەو خەتە دەنووسرێن کە کوردی پێ دەنووسرێ و لە ڕێکخستنی ئەلفوبێیەکەیاندا دەگەڵ تایبەتییەکان و پێویستی زمانەکەیان تووشی هەڵەی گەورە بوون و گیروگرفتی زۆر بۆ پەیداکردوون. ئێستاش فارسی، بە سەلیقە یا بە زەبری چاکزانینی ڕێزمان نەبێ، مومکین نیە ڕاست بخوێندرێتەوە و کەموکووڕی نووسینی لە کوردی زیاترە.

سەید حەسەنی تەغی زادە نووسەر و ئەدیبی ئێرانی، لەپێش شەڕی دووەمدا نامیلکەیێکی لەسەر ئەم گیروگرفتانە نووسیبوو، وەکوو نموونەیێک ناوی خۆی (حەسەن)ی هێنابوو کە بو شێوەی فارسی (حسن) دەنووسرێ و گوتبووی ئەگەر تەنیا نوختەی (ن)ـەکەی بۆ دانەندرێ و بنووسرێ (حسن) ئیحتیمالی ئەوەی هەیە ٦١٩ جۆر بخوێندرێتەوە[55]، بەڵام (حەسەن)ی کوردی تەنیا شەش ئیحتیمالان هەڵدەگرێ کە یەکێکیان ڕاستەکەیەتی.

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ئیملای تورکی نووسراوە و لەپاش شەڕی یەکەمیشەوە کە لە خاکی دەوڵەتی تازەی عێراق، نووسینی کوردی بە شێوەیێکی ڕەسمی و بەرین دەستی پێکردوە، لە سەرەتاوە بە ئیملای فارسی دەنووسرا، ئاشکرایە کە لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی ڕێنووسی فارسی و تورکی هەموو کەموکووڕیی و گیروگرفتەکانی نووسینیشیان هاتۆتە ناو نووسینی کوردی و لە ماوەی ئەم حەفتا هەشتا ساڵەی دواییدا بەرەبەرە هەست بەم گیروگرفتانەی نووسین کراوە ئەوەندەی مومکین بووبێ لە گۆڕێ هەڵگیراون و ئەلفوبێیەکە زیاتر و باشتر دەگەڵ تایبەتییەکانی زمانی کوردی گونجێنراوە.

لەم قۆناغەی ئێستادا گیروگرفتی نووسینی کوردی دەگەڕێتەوە سەر هەندێ وردەبابەتی فۆنێتیکی و دەتوانم بڵێم هەر (دەنگبزوێن)ـەکان دەگرێتەوە چونکوو زۆر خۆماندوکردنی پێ ناوێ بۆ ئەوەی ڕوون بێتەوە کە پیتەکانی ئەلفوبێی ئێستامان زۆر چاک لەباریاندا هەیە (دەنگ)ـەکانی زمانی کوردی بنوێنن، چاکترین بەڵگە بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە ئێمە تەنیا دوو دەنگی (ڕ، ڵ)مان هەیە کە ناچار بووبین نیشانە لەسەر پیتەکانیان دانێین.

هەندێ ڕەخنە ئاڕاستەی ئەم ئەلفوبێتکەیە دەکرێ، وەکوو زۆری نوختە لەسەر پیتەکان، وێکچوونی شکڵی هەندێ لە پیتەکان، لە کاتی نووسیندا دەبێ زۆر جار دەست یا قەڵەم لەسەر کاغەز هەڵبگیرێ، .. و .. گومان دەوەدانیە کە ئەم ڕەخنانە هەموویان ڕاستن و نووسینی کوردی پێویستی بە دەستکاری هەیە، بەڵام خۆ ئەوەش دەزانین پێویست شتێکە و ئیمکانی وەدیهاتن یا وەدیهێنانیشی شتێکی دیکەیە و دەبێ بەکاوەخۆ کاری بۆ بکرێ، سەرەڕای ئەوەش ئەم ئەلفوبێتکەیە، ئەگەر کەموکووڕی و ناتەواوی هەیە محسناتیشی هەیە و دۆزینەوەی چارە بۆ هەندێ گیروگرفتی ڕێنووسەکە لام وایە وای لێدەکا بۆ کوردی نووسین لە ئەلفوبێتکەی زمانانی تر چاتر بێ.

وتمان ئەم ئەلفوبێتکەیەی ئێستا کوردی پێدەنووسین پیتەکانی پڕبەپێستی دەنگەکانی زمانی کوردین، بەڵام کە هاتینەسەر دەنگبزوێنەکان ئیشەکە دەگۆڕێ و ئەوی ڕاست بێ بەشی هەرە زۆری گیروگرفتی نووسینی کوردی دەگەڕێتەوە سەر ئەو پیتانەی بۆ (دەنگبزوێنە)ەکان دیار کراون. وەکوو دەزانن چوار پیتی (ئەلف) و (واو) و (هێ) و (یێ) بۆ حەوت (دەنگبزوێن)ی û, u, o, î, ê, e, a کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، جا دوو دەنگبزوێنی e, a کە بە (ئەلف و هێ) دەنووسرێن گیروگرفتێکی ئەوتۆیان نیە مەگەر دەنگی (ه) نەبێ کاتێ دەکەوێتە دوایی وشەیێک و پێویستە دەنگی دەربچێ، ئەوانیتر لە نووسیندا سەر لەپیاو دەشێوێنن و هەرکەسە بە جۆرێکیان دەنووسێ، هێندێک بە دوو (واو) و دوو (یێ) و هیندێکی تر بە (واو) و (یێ) نیشانە لەسەر و هەڵدەکەوێ سێ چوار (واو) یا دوو سێ (یێ) بە شوێن یەکترا وەکوو قاز و قوڵینگ ملەقوتە دەکەن.

---

55 نازانم ژمارەکەم باش لەبیرماوە یان نا، بەڵام دڵنیام لەوە زیاتری نەنووسیێ کەمتری نەنووسیوە.

لەم دوایانەدا کۆڕی زانیاری کورد (ۊ) لەباتی (û) و (ێ)ی لەجیاتی (î) پەسند کرد بەم کارە ئەم دوو دەنگبزوێنەش تا ڕادەیێک چارەیێکیان بۆ دۆزرایەوە، دەمێنێتەوە دەنگبزوێنەکانی کە کاری ژێر و بۆر (کسرة و ضمة) دەکەن هێشتا دەگەڵ پیتی نیشانەی دەنگی (واو) و (یێ) شکڵیان یەکە و تەنانەت نیشانەیێکیان بۆ دیاری نەکراوە.

سەرنجێکی بچووک بۆمان دەردەخا کە لە هەشت دەنگبزوێنی زمانی کوردی چواریان دەگەڵ دەنگی (یێ) و دوویان دەگەڵ (واو) وێکدەچن. لەپێش هەموو شتێکدا مەسەلەکە ئەوەیە کە لە شکڵی (دەنگ) بۆ (دەنگبزوێن) کەڵک وەرگیراوە کە باوەڕناکەم لە هیچ ئەلفوبێتکەیەکدا ئەوە هەبێ، لەلایەکی دیکەوە نەبوونی هیچ ئیشارەیەک بۆ (ژێر و بۆر) کە بە (ی، و) دەنووسرێن، بە یەکجاری وەکوو دەنگی (واو) و (یێ) دەیانخاتە بەرچاوان و سەرەڕای ئەوانەش بۆ (بزوێنە کوردی) هیچ پیتێک لە ئەلفوبێیەکەماندا نیە.

(دەنگ) و (دەنگبزوێن) دەستکردی ئینسان نین و بۆیەش کەسێ بە هەر زمانێک قسە بکا بۆی نیە و نابێ دەستکارییان بکات، وەک یەکێک بێت و هەر لەخۆیەوە بڵێ فلانە دەنگم قبووڵە و فیسارە دەنگبزوێنم ڕا لێ نیە، بەڵام پیتەکانی ئەلفوبێتکە، ئادەمیزاد بۆ ڕاپەڕاندن و هاسان کردنی کاروباری خۆی دایهێناون ئەگەر ئەم ئەرکەیان پێ جێبەجێ نەکرێ ئەودەمە دەستکاری کردن یا گۆڕینیان دەبێتە پێویست، وەکوو لەسەرەوەتر باسمان کرد ئێمە ئێستا بەدەست بەشێکی بچووکی (دەستکرد)ی خۆمانەوە گرفتارین و هەرچەند نووسەری بە جۆرێک و ڕێنووسێک دەنووسن.

من لەم بابەتەوە پێشنیارێکی دووردرێژم نیە، بەڵام ئەوەندە دەزانم وەکوو نیشاندرا، هەموو گیروگرفت و هەموو پاشاگەردانی نووسینی کوردی لەسەر هەشت دەنگبزوێن کۆدەبێتەوە کە یەکیان (بزوێنە کوردی) هەر هیچی بۆ نەکراوە و دراوەتە دەست سەلیقەی خوێنەران و حەوتەکەی باقیش، ئێستاش بەستەیە بە سەلیقەی نووسەران چۆنیان دەنووسن خۆیان دەزانن.

ئەمەش بەلای منەوە دوو هۆی بنچینەیی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە کە فەرقی (دەنگ) و (دەنگبزوێن) نەکراوە، دوەم ئەو پیتانەی بۆ دەنگبزوێنەکان دیاری کراون بێجگە لە (ئەلف)، لە زمانی عەرەبیدا نیشانەی دەنگن کە لە زمانی کوردیشدا ئەو دەنگانە هەن و هەر ئەو پیتانەیان بۆ تەرخان کراوە. گومان لەوەدا نیە بە خۆ ماندووکردنێکی کەم لەم گیروگرفتە ڕزگار دەبین و چیدی بەدەس (دەستکرد)ی خۆمانەوە ناناڵێنین. تا کەموکووڕی ڕێنووسی ئێستا چارەیێکی دەکرێ، وا دەزانم قبووڵ کردنی ڕێنووسێکی (موحد) کە هەموو نووسەرێک قبووڵ بکا پێی بنووسێ، واجبێکی نەتەوەیی و زانستی هەموو خوێندەوار و نووسەرێکی کوردە.

## فەرهەنگنووسی[56]

**د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف**

فەرهەنگ- ئەو کتێبەیە، کە وا وشەی تێدا تۆمار کراوە. جگە لە ڕیزکردنی وشە، هەروەها لێی کۆڵراوەتەوە و مانای ڕوون کراوەتەوە و لێکدراوەتەوە و شیکراوەتەوە و زانیاری دەربارەی چۆنێتی نووسینیان و بە دەما هاتنیان و پەیدابوونیان... دراوە.

هەرچەند فەرهەنگ جۆری زۆرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ دوو جۆری سەرەکی جیا بکرێتەوە: یەک- فەرهەنگی ئینسکلووپیدی، دوو- فەرهەنگی فیلۆلۆژی. فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی سەبارەت بە ڕووداو و دیاردە و خەڵک... هتد دەدوێ. هەرچی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە لە وشە دەکۆڵێتەوە، واتە وشە کە دانەی زمانە کەرەستەی سەرەکی فەرهەنگی فیلۆلۆژییە.

لە فەرهەنگی ئینسکلووپیدیدا خاسیەتی ڕێزمانی وشە و نیشاندانی چۆنێتی بەکارهێنانی و پەیدابوونی و دروست بوونی و چۆنێتی دەوری لە ڕستەدا.... بەر چاو ناکەوێ، بەڵکو کاری سەرەکی لە لێکدانەوەی وشەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە کە وشەکەی لێوە هاتوە. بەڵام لە فەرهەنگی فیلۆلۆژیدا بە شێوەیەکی سەرەکی، گرنگی بە وشەکە خۆی دەدرێ و مانای لێک دەدرێتەوە و حاڵەتی ڕێزمانی دەنووسرێ و سەرچاوەی پەیدابوونی نیشان دەدرێ و چۆنێتی بەکارهێنانی بەدیار دەخرێ.

فەرهەنگی ئینسکلۆپیدی جۆرجۆرە، وەک: ئینسکلۆپیدی گەورە، ئینسکلۆپیدی بچووک، ئینسکلۆپیدی پزیشکی، ئینسکلۆپیدی تەکنیکی... هتد.

فەرهەنگی فیلۆلۆژی بە گوێرەی مەبەست و شێوەی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی کەرەستەی زمان، دەتوانرێ بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش بکرێ:

ئەو فەرهەنگانەی بە کەرەستەی زمانی زگماک، مانای وشەی زمانێکی بێگانە لێک دەدەنەوە، یاخود بە پێچەوانەوە - واتە بە کەرەستەی زمانێکی بێگانە، مانای زمانی زگماک لێک دەدەنەوە ئەم جۆرە فەرهەنگانە، چۆن بۆیان هەیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بن - واتە دوو زمان بن، هەروەها بۆشیان هەیە لە زمانێکەوە بۆ چەند زمانێکی دیکە بن - واتە فرەزمان بن.

ئەم جۆرە فەرهەنگانە (بە وێنە: فەرهەنگی کوردی- عەرەبی؛ فەرهەنگی عەرەبی- کوردی؛ فەرهەنگی کوردی- ئینگلیزی؛ فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی؛ فەرهەنگی کوردی- ڕووسی؛ فەرهەنگی ڕووسی- کوردی؛ فەرهەنگی کوردی- عەرەبی- فارسی... هتد) تا ڕادەیەک لە کاری فەرهەنگنووسی کوردیدا گرنگییان پێ دراوە و ژمارەیەک فەرهەنگی کوردی- بێگانە، بێگانە- کوردی نووسراوە.

56 ئەم وتارەی دوکتور ئەوڕەحمان لەسەر ئیزنی خۆیان لە کتێبی وشەی زمانی کوردی وەرگیراوە و بە سوپاسی خۆمەوە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە.

له تەک ئەو جۆرە فەرهەنگانەدا، هەروەها فەرهەنگ هەن کە وشەی زمانێک بە کەرەستەی هەمان زمان لێک دەدەنەوە. ئەم فەرهەنگانەش چەشنی جیاوازیان هەیە... بەداخەوە لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردیدا، گرنگی بەم جۆرە فەرهەنگانە کەم دراوە.[57]

-١-

دەمێکە دەست بە کاری فەرهەنگنووسیی کوردی کراوە و دانەری یەکەم فەرهەنگی کوردی کورد بووە. لە ساڵی ١٠٩٤ی ک-١٦٨٣/١٦٨٢ی ز دا شاعیری مەزنی کورد ئەحمەدی خانی لە ژێر ناوی (نەوبەهار)دا فەرهەنگۆکێکی بە شیعر بۆ یارمەتی دانی منداڵانی کورد لە فێربوونی زمانی عەرەبیدا نووسیوە و لە سەرەتادا پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە:

نە ژ بو صاحب رواجان

بلکی ژ بوچوکی د کرمانجان

ئەم فەرهەنگە چەند جارێک لە چاپ دراوە: یەک- لە پاشکۆی فەرهەنگەکەی یوسف ضیاءالدین پاشای خالدی[58] و دوو- لە کتێبەکەی (لی کۆک)ی زانای ئەڵماندا[59]...

یەکەم فەرهەنگی کوردی کە لە لایەن ئەورووپاییەکانەوە نووسرابێ ئەو فەرهەنگە ئیتالیایی- کوردییەیە کە قەشەی ئیتالیایی (ماوریزۆ گارزۆنی Maurizio Garzoni) لە ساڵی ١٧٨٧دا لە ڕۆما لە پاشکۆی ئەو کتێبەدا کە لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسیویتی بڵاوی کردۆتەوە[60]. ئەم فەرهەنگە دەوروبەری پێنج هەزار وشەی ئیتالیاییە کە ماناکانیان بە شێوەی کوردی ئامێدی لێک دراوەتەوە و لە چۆنێتی شەرح و ڕوونکردنەوە و دانی مانای وشەدا بە نیسبەت ئەو دەمەوە زۆر سەرکەوتووە و تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کە نزیکەی (٢٠٠) ساڵێک بە سەر لە چاپدانیدا تێپەڕیوە، هێشتا سوود و کەڵکی هەر بەردەوامە.

لە ساڵی ١٢١٠ی ک- ١٨٩٥ی ز دا شێخ مارفی نۆدێ لە ژێر ناوی (احمدی)دا بە شیعر فەرهەنگۆکێکی عەرەبی — کوردی داناوە. ئەم فەرهەنگۆکە هەر لە ساڵی ١٩٣٦دا دوو جار لە چاپ دراوە: یەک- لە سلێمانی[61] دوو- لە بەغدا[62]. پاش ئەوەش گەلێ جاری تر لەچاپ دراوەتەوە.

لە پاش نووسینی ئەو چەند کارەی لە سەرەوە ناومان بردن تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە لەم ڕووەوە هیچ شتێکی وەها نەنووسراوە کە شایانی باس بێت. ئەوەی کە هەبێت تەنها ئەو دوو سەد وشەیەیە کە لە لایەن ڕیچ[63] و ئەو ٢٧٣یەیە لە «فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان» دا تۆمار کراوە.[64]

---

57 لەو باسەدا کە لێرەوە دەستی پێدەکەین- واتە لە باسی ئەو فەرهەنگانەدا، کە هەر لە زووەوە تا ئەمڕۆ لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا دانراون، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

58 یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المقدسی، الهدیە الحمیدیە فی اللغة الکردیە، استانبول، ١٣١٠ هـ - ١٨٩٣ م.

59 Le Coq. Kurdische texte. Berlin, 1903; T. I. II.

60 Maurizio Garzoni. Grammatica E Vocabolario Della Lingua Kurda. Roma, 1787.

61 شێخ مارفی نۆدێ، احمدی، سلێمانی، ١٩٣٦.

62 شێخ مارفی نۆدێنی، احمدی، بەغدا، ١٩٣٦.

63 C.J. Rich. Narrative of a Residence in Koordistan, and On the Site of Ancient Nineveh, ... London, 1836-1837, pp, 394-398.

64 й.С. Палас. Сравнительные словари всех языков и наречий, спо., 1787, ч. 1, 8 77. (پ. س. پالاس، فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و شێوەکان، پیترسبورگ، ١٧٨٧).

لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی بە گشتی و نووسینی فەرهەنگ بە تایبەتی کەوتە برەو. لە ساڵانی ١٨٥٦ و ١٨٥٧ و ١٨٥٨دا ڕۆژهەڵاتناسی بە ناوبانگ، زانای گەورەی ڕووس- پێوتر لێرخ سێ کتێبی لەبارەی کورد و کوردستانەوە بڵاوکردەوە.[65] کە تا ئەمڕۆش لە کتێبخانەی کوردناسیدا هاوتایان کەمە و بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دەژمێررێن. لە کتێبی سێهەمیدا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژووروو)- ڕووسی (ل ١-٨٤)، وە کوردی (زازا)- ڕووسی (ل ٨٥-١٠٨) لە چاپ داوە.

ئا. ژابا جگە لەو خزمەتەی کە لە تۆمارکردنی فۆلکلۆر و لێکۆڵینەوەی کورد و زمانەکەیدا کردوویەتی، لە نووسینی فەرهەنگی کوردیدا کارێکی گەورە و خزمەتێکی بێشوماری کردوە. ئەم زانایە خاوەنی یەکەم فەرهەنگی کوردی- فەرەنسییە کە لە پاش خۆی بە فەرمانی ئەکادیمیەی ڕووسی لە ساڵی ١٨٧٩دا فێردیناند یوستی بڵاوی کردەوە.[66] ئەم فەرهەنگە بریتیە لە (٤٦٣) لاپەڕە و (١٥) هەزار وشەی کوردی کە جگە لە لێکدانەوە و شەرح کردنیان لە دارِشتن و دروست بوون و پەیدا بوونیان کۆڵیوەتەوە و هەروەها لەگەڵ وشەکانی فارسی و عەرەبی و تورکیدا بەراوردی کردوون.

ئا. ژابا هەروەها دوو فەرهەنگی تریشی داناوە: فەرەنسی- ڕووسی- کوردی، وە کوردی- فەرەنسی- ڕووسی کە هێشتا بە دەستنووسی، ماونەتەوە و لە ئارشیڤی ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت لە لێنینگراد هەڵگیراون.

س. ڕی- میسیۆنێر (مبشر)ی ئەمەریکایی ماوەیەکی درێژ لە ناوچەی هەکاری ژیاوە و ساڵی ١٨٧٠ کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە[67] لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا فەرهەنگۆکێکی بیست لاپەڕەیی کوردی- ئینگلیزی نووسیوە.

نزیک کۆتایی سەدەی نۆزدە ڕۆژهەڵاتناس- ئا. سۆتسین کتێبێکی لە بارەی ڕێزمانی کوردییەوە بڵاوکردەوە[68] کە بەشی سێیەمی بریتییە لە فەرهەنگۆکێکی کوردی- ئەڵمانی (ل٢٨١- ٣٤١).

لە کتێبەکەی س. ئا. یەگیزارۆڤ دا کە لە بارەی ئەتنۆگرافیای کوردەوە نووسیوێتی،[69] چاومان بە دوو فەرهەنگۆک دەکەوێ: یەک: کوردی- ڕووسی (ل ١-٦٥)؛ دوو: ڕووسی- کوردی (ل٦٦-١٢٢). یەکەم دەوری سێ هەزار، دووەم: چوار هەزار وشەیەکی تیایە.

ساڵی ١٨٩٣ یوسف ضیائەددین پاشای خالدی فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی لە ئەستەمبوڵ لە چاپ دا.[70] ئەم فەرهەنگە، کە (٣١٩) لاپەڕەیە، لە سامانی فەرهەنگنووسیی کوردیدا کارێکی بە نرخە...[71]

---

65 П. Лерх. Ісследования об иранских курдах и их предках северных халдеях, СПб., 1856. 1857. 1858
(پ. لیرخ، لێکۆڵینەوە لە بارەی کوردەکانی ئێران و خالدییەکانی سەرووی باو باپیرانیانەوە، پیترسبورگ، بەشی یەکەم ١٨٥٦، بەشی دوەم ١٨٥٧، بەشی سێیەم ١٨٥٨.

66 Jaba, Dictionnaire kurde-francais, stpetresbourg, 1879.

67 S. A. Rhea, Brief Grammar and vocabulary of the Kurdish Lan. Guage of the Hakari district in «journal of the American oriental society», New Haven, 1872. Vol. x.

68 E. prym and A. Socin, kurdische Sammlungen, Abt, Abt I. II. S. pbg, 1887-1890

69 С.А. Егизаров. Краткий ногра,ический очерк курдое Эриагнокой губернии, "Записки Кавказского отдела ИСлераторского Рудового реоргического обшества", книжка ХШ, Взруок 2, Тирас, 1891
س. ئا. یەگیزارۆڤ، مێژوویەکی ئەتنۆگرافی کورتی پارێزگای یەریڤان، «هەواڵەکانی لقی قەفقاسیای کۆمەڵی جوگرافیایی ڕووسی ئیمپڕاتۆری»، تفلیس ١٨٩١.

[70] سەرچاوەی ناوبراو، یوسف ضیاءالدین پاشا الخالدی المقدسی، الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة، استنبول، ١٣١٠ هـ - ١٨٩٣م.

[71] بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە، بڕوانە: مامۆستا نەجمەدین مەلا، گەنجینەیەکی پڕ گەوهەری کوردان، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ژ ١٢، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٢١-٢٥.

میجەر سۆن لە پاشکۆی ئەو کتێبەی لە ساڵی ١٩١٣دا لە لەندەن بڵاوی کردۆتەوە[72]، فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی-کوردی (ل١٧٠-٢٨٩) داناوە. هەروەها لەو کتێبەشدا کە لە ساڵی ١٩١٩دا لە بەغدا لە چاپ دراوە[73]، فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی-کوردی حەفتا لاپەڕەیی نووسیوە.

ساڵی (١٩١٦) ش ڤ. نیکیتین فەرهەنگۆکێکی ڕووسی- کوردی لە ورمێ بڵاوکردەوە[74] و دوای ئەوە بە سێ ساڵ کتێبی ڕێزمانی میسیۆنێری ئەمەریکایی ل. و. فۆسۆم دەرچوو[75]، کە فەرهەنگۆکێکی شازدە لاپەڕەیی لەگەڵدا بڵاوکردۆتەوە (ل٢٦٢- ٢٧٨).

-٢-

**پاش شەڕی یەکەمی جیهان**

لە کوردستان

لە ساڵانی ٣٠ی سەدەی بیستەمدا دەورێکی نوێ لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا دەست پێدەکات و ئەمەش یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی قووڵ بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی کە یەکێک لە بەرهەمە ڕۆشنبیرییە گرنگەکانی بریتی بوو لە بایەخ پێدانی خوێندەوارانی کورد خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلەکەیان. کاری فەرهەنگنووسی تا ساڵانی پەنجا لە چوارچێوەیەکی سست و سادە و ساکاردا مایەوە و ئەوانەی لەو ماوەیەدا بڵاو کراونەتەوە و شایانی باسن بریتین لە:

1. لیستەی ئەو زاراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی جەلادەت عالی بەدرخان لە ساڵانی سیدا بەشێکی تایبەتی گۆڤاری «هاوار»دا لە ژێر ناوی «فەرهەنگۆک»دا بڵاوی کردۆتەوە؛
2. ئەو زاراوانەی مامۆستا عەلادین سەجادی لە گۆڤاری «نزار»دا بڵاوی کردۆتەوە؛
3. فەرهەنگۆکەکەی مامۆستا شاکر فەتاح کە ساڵی ١٩٣٤ لە چاپی داوە[76]؛
4. ئەو فەرهەنگە عەرەبی- کوردییەی، شاعیری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا زێوەر ساڵی ١٩٤١ دایناوە[77] ....

لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییشدا هەندێ مامۆستای دڵسۆز لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە و ژمارەیەک فەرهەنگی بایەخداریان بڵاوکردۆتەوە و کاری فەرهەنگنووسیی کوردی پێشکەوتوە و پەرەی سەندوە و گەشەی کردووە.

---

72 E. B. Soane, Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913.

73 E. B. Soane, Elementary Kurmanji Grammar, Baghdad, 1919.

74 В. Никитин. Краткий русско-курдский военный переводчик, Урмия, 1916
(ڤ. نیکیتین، فەرهەنگی جەنگی ڕووسی- کوردی، ورمێ، ١٩١٦.

75 L. O. Fossum, A practical Kurdish grammar, Minneapolis, 1919.

76 شاکر فتاح، فەرهەنگۆک، ئینگلیزی- کوردی و کوردی- ئینگلیزییە، ڕەواندز ١٩٣٤.

77 ئەم فەرهەنگە کە تەرجەمەی فەرهەنگی «اختری»یە، وەک دانەر نووسیوێتی لە بیست و پێنجی مانگی تەموزی ١٩٤١دا تەواو بوو. بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا لە چاپ نەدراوە و بە دەستنووسی ماوەتەوە. ئەم دەستنووسە کە دوو دەفتەری گەورەیە لە کتێبخانەی «کۆڕی زانیاری کورد»دا پارێزراوە.

مامۆستا گیو موکریانی دەورێکی گەورە و بەرزی لە مێژووی فەرهەنگنووسیی کوردیدا بینیوە و دەهاساڵ لە ژیانی لاوی و پیری بەو کارەوە بردۆتە سەر و لە ئەنجامدا چەند فەرهەنگێکی داناوە:

«ڕابەر»- فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عەرەبی و کوردییە، لە ساڵی ١٩٥٠دا لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر دەرچووە[78]. ئەم فەرهەنگە نزیکەی (١٥) هەزار وشەی عەرەبییە، کە ماناکانیان بە کوردی لێدراوەتەوە. لە کردنەوەی مانای وشە، لە وەرگێڕانی وشە عەرەبییەکاندا بۆ کوردی، لە شەرح کردنی ئەو وشە عەرەبیانەی لە کوردیدا بەرامبەریان نییە بە تێکڕایی سەرکەوتوە. هەرچەندە پتر لە ٢٠ ساڵ بە سەر دەرچوونی ئەم فەرهەنگەدا تێپەڕ بوە، بەڵام تاکو ئێستا سوود و کەڵکی هەر بەردەوامە.

لە ساڵی ١٩٥٥یشدا فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی- فارسی- فەرەنسی- ئینگلیزی لە ژێر ناوی «کۆڵکەزێڕینە»دا بڵاوکردەوە[79]. وشەکانی ئەم فەرهەنگە بەسەر (٥٩) باسی بچووکدا دابەش کراون و لە هەر باسێکدا زۆربەی ئەو وشانە بەرچاو دەکەون کە پەیوەندییان بەو باسەوە هەیە. هەرچەندە لەم فەرهەنگەدا ناتەواوی و کەموکورتی هەیە، بەڵام دەتوانرێ بەشی زۆری ئەو ناتەواوییانە بخرێتە ئەستۆی دواکەوتنی زانستی فەرهەنگنووسیی کوردی لەو سەردەمەدا.

مامۆستا گیو موکریانی لە ساڵی ١٩٦٦دا چاپی دووەمی «کۆڵکەزێڕینە»ی دەرکرد.[80] چاپی دووەم بریتییە لە هەڵبژێری و پترکردن و هەروەها لەگەڵ چاپی یەکەمیدا گەلێک جیاوازی هەیە و زۆر لەو کەموکورتییانەی لە چاپی یەکەمدا هەبوون چار کردوە.

ساڵی ١٩٦١یش فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی لەژێر ناوی فەرهەنگی «مەهاباد»دا بڵاو کردەوە.[81] ئەم فەرهەنگە چ لە بارەی زۆریی وشەوە و چ لە بارەی شێوە و شێواز و جۆری دانانیەوە، گەلێک باشترە و کەموکورتی کەمترە وەک لەوانەی پێشووی. ژمارەی وشە کوردییەکانی ئەم فەرهەنگە نزیکە (٣٠) هەزار وشەیە- واتە دوو ئەوەندەی فەرهەنگی «ڕابەر»ە. لە جۆری ڕیزکردن و ڕێکخستنی وشەکاندا و لە چۆنێتی لێکدانەوە و یەکالاکردنەوە و دانی مانای وشەدا لەسەر ڕێگایەکی نوێ و ڕاست و جوان ڕۆیشتوە.

جگە لەو فەرهەنگانەی باسمان کردن، مامۆستا گیو موکریانی فەرهەنگی «کوردستان»یشی داناوە. ئەم فەرهەنگە کە کوردی- کوردییە هێشتا لە چاپ نەدراوە.[82]

ساڵی ١٩٥٥ مامۆستا عیزەددین مەلا مستەفا «فەرهەنگۆک بۆ قوتابییانی کورد»ی بڵاو کردەوە[83]. ناوەرۆک و مەبەستی ئەم بەرهەمە، وەک دانەر خۆی لەسەر بەرگ و لە پێشەکییەکەیدا پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە، لێکدانەوەی مانای وشە عەرەبییەکانی کتێبی خوێندنەوەی عەرەبی پۆلی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی سەرەتایی و ئاسانکردنی کار و پاشەکەوتکردنی کاتی قوتابیانی کوردە لە تێگەیشتنی ئەو وشانەدا، کە لە پاشکۆی کتێبەکانیاندا تۆمار کراون.

78 گیو موکریانی- «ڕابەر»، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی عارەبی و کوردییە، هەولێر، ١٩٥٠.
79 گیو موکریانی- «کۆلکەزێرینە»، کوردی- فارسی- عەرەبی فەرەنسی- ئینگلیزی، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٥٥.
80 گیو موکریانی- «کۆلکەزێرینە»، کوردی- فارسی- عەرەبی- فەرەنسی- ئینگلیزی، چاپی دوەم، هەولێر ١٩٦٦
81 گیو موکریانی- «مەهاباد»، فەرهەنگێکی قوتابخانەیی کوردی و عەرەبییە، هەولێر، ١٩٦١.
82 بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لە بارەی فەرهەنگەکانی مامۆستا گیو موکریانییەوە، بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چالاکی مامۆستا گیو موکریانی لە مێژووی فەرهەنگنوسینی کوردیدا، ڕۆژنامەی «هاوکاری»، ژ ١٠٠- ١٠٤، بەغدا، ١٩٧٢.
83 عیزەددین مەلا مستەفا، فەرهەنگۆک بۆ قوتابیانی کورد، بەغدا، ١٩٥٥.

شێخ محەمەدی مەردۆخ کە زانایەکی بە ناوبانگ و ناسراوی کوردە، لە مەیدانی دانانی فەرهەنگی کوردیدا هەوڵ و کۆششێکی زۆری داوە. ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە فەرهەنگێکی «کوردی- فارسی- عەرەبی» لە ساڵی ١٩٥٦دا لە تاران لە چاپ دراوە.[84] ئەم کارە بەڕاستی کۆششێکی گەورە و نووسراوێکی بەنرخ و نایابە و کەلێنێکی گەورەی لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردیدا پڕ کردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەموکورتییەکی تێدا دەبینرێ، وەک ئەوەی کە هەندێ وشەی دروست کراو کەوتوەتە ناو فەرهەنگەکەوە کە لە زمانی کوردیدا نین و لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا ناگونجێن، یاخود ژمارەیەک وشەی عەرەبی و فارسی وەهای تۆمار کردوە کە کورد بەکاریان ناهێنن. لە لێکدانەوە و شەرحی وشەشدا ناتەواوی و ئاڵۆزیی دەبینرێ. ناتەواوی هەرە گەورەی ئەم فەرهەنگە ئەوەتە کە بە دەست نووسراوەتەوە و بە زەنکۆگراف لەچاپ دراوە. نووسینەوەکەشی بە شێوەی فارسی شکستەیە. ئەوەش بوە بە هۆی ئەوە کوردی عێراق کە فارسی نازانن لە سنوورێکی تەسکدا نەبێ کەڵکی لێ وەرنەگرن.. بەڵام هێشتا ئەم کەموکورتییانە ئەو کارە بە نرخە بێبایەخ ناکەن.

تاوەکو ساڵی ١٩٦٠ فەرهەنگێکی کوردی- کوردیمان نەبوو. هەست و چالاکی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ ئەم کەلەبەرەیان بۆ پڕ کردینەوە. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦٤دا بەرگی یەکەم و دووەمی فەرهەنگی «خاڵ» دەرچوو،[85] کە تا کۆتایی پیتی (ڤ) دەگرێتەوە. مامۆستا خاڵ پاشماوەکەشی خستوەتە ژێر چاپەوە.

فەرهەنگی «خاڵ» یەکێکە لە فەرهەنگە سەرکەوتوەکانی کوردی و بەرهەمێکی بەنرخ و بایەخدارە و بە گشتی لەسەر شێوەیەکی جوان و ڕاست دانراوە و گەلێک لەو گرانی و ناتەواوییانەی کە لە فەرهەنگەکانی پێش ئەودا هەبوون ئەم ئاسانی کردوون و پڕی کردوونەتەوە.

بۆ لێکدانەوە و کردنەوەی مانای وشە نووسەر چەند ڕێگایەکی ڕاست و زانستی گرتوە. بۆ ئەو وشانەی کە بتوانرێ بە یەک وشە مانایان نیشان بدرێ نیشانی داوە. ئەو وشانەش کە پێویستیان بە شەرح بووبێت شەرحی کردوون. لە زۆر شوێنیشدا بۆ ئاسان کردنی تێگەیشتن لە مانای وشە و بۆ فێربوونی بەکارهێنانی وشە، وەک نموونە ڕستەی ئاسان و ڕێک و پێکی هێناوەتەوە...

هەرچەندە چەند ناتەواویی و کەموکورتییەکی کەم لە «فەرهەنگی خاڵ»دا هەیە، بەڵام ئەو ناتەواوییانە بە جۆرێک نین لە نرخی فەرهەنگەکە کەم بکەنەوە. بە گشتی فەرهەنگێکی سەرکەوتوە و کارێکی گرنگ و پێویستە، بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵەی مامۆستا خاڵە لە نواندنی هونەرێکی بەرز لە دانانی یەکەم فەرهەنگدا لە کوردییەوە بۆ کوردی.[86]

ساڵی ١٩٦٢ مامۆستا عەلائەددین سەجادی فەرهەنگێکی «کوردی- عەرەبی- فارسی» بڵاوکردەوە[87] مامۆستا لەم نووسراوەدا جگە لە پێشەکی کە بە هەر سێ زمان- واتە کوردی عەرەبی و فارسی نووسیوێتی، بە تایبەتی لە کەموکورتی و چەڵەمەی ئیملای کوردی دواوە، هەروەها لە (١٥) لاپەڕەیەکدا لە سەر ڕێزمانی کوردی نووسیوە و لە چەند شتێکی پێویست و سەرەتایی بۆ فێربوونی زمان و بەکارهێنانی فەرهەنگ کۆڵیوەتەوە.

---

84 شێخ محەمەدی مەردۆخ، فەرهەنگی «مەردۆخ» تاران، ١٩٥٦

85 شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی «خاڵ» ب ١-٢، سلێمانی، ١٩٦٠- ١٩٦٤.

86 لە ژمارە ١٩-٢٢ی ساڵی ١٩٧١ی ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا لە ژێر ناوی «فەرهەنگی خاڵ»دا، وە لە ژمارە ١٠٥- ١٠٨ی ساڵی ١٩٧٢ی هەمان ڕۆژنامەدا لە ژێر ناوی «چەند ڕوونکردنەوە و بەڵگە و تێبینییەکی نوێ دەربارەی فەرهەنگی خاڵ»دا زنجیرەیەک وتارم لە بارەی فەرهەنگی ناوبراوەوە بڵاوکردوەتەوە و بە دوور و درێژی باسی زۆر ڕووی ئەوکارەم تیا کردوە.

87 عەلائەددین سەجادی، دەستوور وە فەرهەنگی زمانی کوردی- عەرەبی- فارسی، بەغدا، ١٩٦٢.

نووسەر وشەکانی ئەم فەرهەنگەی بەسەر (١٧) باسی فراواندا دابەش کردوە و ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە لە هەر باسێکدا زۆربەی ئەو وشانە بەر چاو دەکەون کە پەیوەندییان بە سەرباسەکەیانەوە هەیە و بێگومان ئەمەش یەکێکە لە ڕووە چاکەکانی فەرهەنگەکە... بەڵام بەداخەوە هەندێک کەموکورتی بەر چاو دەکەون کە بوون بە هۆی ئاڵۆزکردن و شێواندنی هەندێ ڕووی ئەو نووسراوە. بە وێنە دەبینین لە ڕیزکردنی وشەکاندا ناڕێکی زۆرە و ئەمەش بووەتە هۆی زەحمەت کێشان لە دۆزینەوەی وشەدا. هەروەها زۆر جار لەژێر سەرباسەکاندا وشە دەبینرێن کە پەیوەندییان لەگەڵ سەرباسەکەدا نییە یاخود زۆر وشە کە پەیوەندییان هەیە و کەچی نەنووسراون. ئەمانە و چەند ناتەواوییەکی تر، وەک دووپاتکردنەوە لە تۆمارکردنی وشەدا و هەڵەی ئیملا... دەبینرێن.

«فەرهەنگا کوردی»، کە مامۆستا جگەرخوێن دایناوە، لە ساڵی ١٩٦٢دا بەرگی یەکەم و دوەمی لە بەغدا چاپ کراوە.[88] ئەم فەرهەنگە کە کوردی- کوردییە و بە شێوەی کرمانجی ژووروە بێشک دەوری خۆی بینیوە و دەبینێ، بەڵام ئەم فەرهەنگە لەگەڵ فەرهەنگی «ڕابەر»ی مامۆستا گیو موکریانی، کە لە ساڵی ١٩٥٠دا دەرچووە، یا لەگەڵ فەرهەنگی «خاڵ»ی مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٦٠دا بڵاو کراوەتەوە بەراورد بکەین، ئەوە دەبینین کە کەموکورتی «فەرهەنگا کوردی» گەلێک زۆرترە وەک لەو دوو فەرهەنگەی لە سەرەوە ناومان بردن، لەگەڵ ئەوەی فەرهەنگی مامۆستا جگەرخوێن. لە پاش فەرهەنگی «ڕابەر» و «خاڵ» دەرچوە. لێرەدا وا دەردەکەوێ کە مامۆستا جگەرخوێن سوودی لەو فەرهەنگە کوردییانە نەبینیوە کە لەپێش فەرهەنگەکەی ئەو دەرچوون و زۆر کاری ئاڵۆزیان خاو کردۆتەوە و بەسەر گەلێک کۆسپدا سەرکەوتوون.[89]

مووسا عەنتەر ساڵی ١٩٦٧ لە ئەستەمبوڵ فەرهەنگێکی کوردی- تورکی لە چاپ دا.[90] ئەم فەرهەنگە، کە یەکەم فەرهەنگە لە کوردییەوە بۆ تورکی، دەوروبەری (١٠) هەزار وشەیەک دەبێت. جگە لەوە، دانەر لە پاشکۆی ئەم نووسراوەدا هەندێ لە دەنگەکانی زمانی کوردی دواوە.

ساڵی ١٣٤٧ ی. ش. -١٩٦٨ی ز لە تاران م. ئەورەنگ بەرگی یەکەمی «فرهنگ کردی»ی بڵاوکردەوە،[91] کە تەنیا پیتی (آ- ب) دەگرێتەوە. لەم بەرگەدا ٦٤٠٠ وشەی کوردی تۆمار کراوە و بە شێوەیەکی باش مانایان بە فارسی لێکدراوەتەوە. ئەم فەرهەنگە کە کوردی- فارسییە، کارێکی سەرکەوتوو و نایابە... نووسەر بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، سوودێکی زۆری لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردی (بەتایبەتی لە فەرهەنگی خاڵ و مەردۆخ و «مەهاباد»ی گیو موکریانی و تۆفیق وەهبی) وەرگرتوە.[92]

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش، ساڵی ١٩٧٠ فەرهەنگێکی عەرەبی- کوردی بە شیعر لە چاپ دا.[93] ئەم فەرهەنگە، کە لەسەر شێوەی فەرهەنگی «نەوبەهار»ی ئەحمەدی خانی و «ئەحمەدی»ی شێخ مارفی نۆدێ دانراوە، بەرهەمێکی بەنرخە لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردیدا بەنیازی منداڵان فێرە وشەی عەرەبی کردن. ئەم نووسراوە بریتییە لە (١١٢) لاپەڕە و چەند باسێکی گرنگ و پێویست.

---

88 جگەرخوێن، فەرهەنگا کوردی، ب ١-٢، بەغدا، ١٩٦٢.

89 بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو سەبارەت بەم فەرهەنگە، بڕوانە: ئەو زنجیرە وتارەی کە نووسەری ئەم باسە لە ژمارە ١٣٧-١٣٨ی ساڵی ١٩٧٢ی ڕۆژنامەی «هاوکاری»دا لە ژێر ناوی «فەرهەنگەکەی مامۆستا جگەرخوێن»دا بڵاوی کردوەتەوە.

90 Musa Anter, Ferhanga Kurdi-Tirki, Istanbul, 1967.

91 م. اورنگ، فرهنگ کردی، تهران، ١٣٤٧.

92 بڕوانە: هەمان سەرچاوە ل ٥.

93 مەلا عبدالکریمی مدرس- «دوو ڕشتە»، فەرهەنگێکی عەرەبی و کوردییە بە هەڵبەست، بەغدا، ١٩٧٠.

ساڵی ١٩٧١ مامۆستا عەبدولقادر بەرزنجی «فەرهەنگی زانیاری»[94]، ساڵی ١٩٧٢- ١٩٧٣ مامۆستا مەعروف قەرەداغی «فەرهەنگی کشتوکاڵ»[95] و ساڵی ١٩٧٤ مامۆستا کەمال جەلال غەریب «فەرهەنگی زانیاری»[96]یان بڵاوکردەوە. بێگومان ئەم سێ فەرهەنگە کارێکی گەورە و پێویستن و جێگای خۆیان لە کتێبخانەی کوردیماندا بەگشتی و سامانی فەرهەنگنووسییماندا بە تایبەتی گرتووە و هەروەها کەلێنێکی باشیان پڕ کردۆتەوە. هەر چەندە لەم سێ فەرهەنگەدا هەندێ کەموکورتی هەیە، بەڵام وەک تەجروبەی یەکەم لەو مەیدانەدا سەرکەوتوویی خۆیان نیشان داوە.

لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا،[97] مامۆستا محەمەد ئەمینی میسری سەییدیان لە مەهاباد فەرهەنگۆکێکی کوردی-فارسی- عەرەبی بڵاوکردەوە.[98] ئەم فەرهەنگۆکە، بەتایبەتی لە شێوازی ڕێکخستنیدا و لە چۆنێتیی لێکدانەوەی مانای وشە کوردییەکانیدا کەموکورتی زۆر تێدایە. بەڕاستی ئەم بەرهەمە لەچاو کاری فەرهەنگنووسی کوردی ئەمڕۆدا، کارێکی زۆر سادە و ساکارە.

ئەوەی پەیوەندی بە داڕشتن و دانان و دۆزینەوە و هەڵبژاردن و وەرگێڕانی زاراوەوە هەبێت، ئەوەیە کە تا ساڵانی ٦٠ ئەم کارە بە شێوەیەکی سست و سادە و ساکار بوو، بەڵام لە شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە پێش کەوت و پەرەی سەند. بەرهەمی ئەم دەورە بریتییە لە: ئەو زاراوە زانستییانەی لە لایەن چەند لێژنەیەکی تایبەتی جیاوازەوە دانراون و داڕێژراون و لە چەند ژمارەیەکی ساڵی ١٩٦٠ی گۆڤاری «ڕۆژی نوێ»دا بڵاوکراونەتەوە. ڕاستە لە وەرگێڕان و داڕشتن و داتاشینی ئەم زاراوانەدا ناتەواوی و کەموکووڕی ئێجگار زۆرن، وەک لە وتارەکەی مامۆستا جەمال نەبەزدا[99] کە ڕەخنەی تیا لە زاراوەکانی لێژنەی ڕیاضیات گرتوە- خراوەتە پێش چاو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرهەمە دەوری خۆی بینیوە و دەبینێ. دوا بە دوای ئەم زاراوانە لە لایەن نەقابەی مامۆستایانی سلێمانییەوە فەرهەنگۆکی «زاراوەی زانستی» دەرچوو کە ٩٧ لاپەڕەیە. مامۆستا غەفور ڕەشید لە زاراوەکانی بەشی جوگرافیا کۆڵیوەتەوە و ڕەخنەی بەجێی لێ گرتووە.[100]

لە ساڵی ١٩٦٠دا مامۆستا جەمال نەبەز لە ژێر ناوی «هەندێک زاراوەی زانستی»دا فەرهەنگۆکێکی لە چاپ دا.[101] لە ساڵی ١٩٦٠- ١٩٦١یشدا بە ڕۆنیۆ سەد نوسخەیەکی کتێبێکی لە ژێر ناوی «فەرهەنگۆکی زانستی»دا بڵاوکردەوە[102] یەکەم- نزیکەی سێ سەد، وە دووەم- دەور و بەری سێ هەزار زاراوەیەک یان تیایە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو چەند بەرهەمەی لە سەرەوە ناومان بردن، ماوەی دە ساڵێک لەم ڕووەوە هیچ شتێکی وەها لە چاپ نەدراوە کە شایانی باس بێت. بەڵام لە ڕێکەوتنە مێژووییەکەی مارتی ١٩٧٠ەوە دیسان هەست بە بزووتنەوەی ئەم کارە دەکەین:

---

94 عەبدولقادر بەرزنجی، فەرهەنگی زانیاری، سلێمانی، ١٩٧١.
95 مەعرووف قەرەداغی، فەرهەنگی کشت و کاڵ، ب ١-٢، بەغدا، ١٩٧٢-١٩٧٣.
96 کەمال جەلال غەریب، فەرهەنگی زانیاری، عەرەبی- کوردی، ب ١-٢، سلێمانی، ١٩٧٤.
97 ئەم فەرهەنگۆکە دەست خەتە و زەنگۆگرافی وەرگیراوە. نە ساڵی نووسینی و نە ساڵی بڵاوکردنەوەی لە هیچ شوێنێکدا تۆمار نەکراوە. بەداخەوە، نەمانتوانی ساڵی نووسینی دەست نیشان بکەین. هەرچی ساڵی بڵاوکردنەوەیەتی، لەو ڕایەداین کە ئەم دوو سێ ساڵەی دوایی بێت.
98 موحەمەد ئەمینی میسری سەییدیان، خود آموز سه زبان، کردی- فارسی- عەرەبی.
99 جەمال نەبەز، زاراوەکانی لێژنەی ڕیاضیات لە ژێر وردبینی لێکۆڵینەوەدا، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ» ساڵی ١٩٦٠، ژ ٦، ل ١٠٢- ١٠٩؛ ژ٧، ل ١١٢-١٢١؛ ژ٨، ل ٨٥- ٩١.
100 غەفوور ڕەشید، سەرنجێک لە پەراوی زاراوەکانی زانستی کوردی، گۆڤاری «ڕۆژی نوێ»، ساڵی ١٩٦٠، ژ ١٢، ل ٢٧- ٣٥.
101 جەمال نەبەز، هەندێک زاراوەی زانستی، سلێمانی، ١٩٦٠.
102 جەمال نەبەز، فەرهەنگۆکی زاراوەی زانستی، هەولێر، ١٩٦٠-١٩٦١.

ساڵی ١٩٧١ لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە، کە ژمارەیەک لە زانا و کوردی زانی بە توانا هاوبەشییان تێدا کردوە فەرهەنگۆکێک کە بریتییە لە کۆمەڵێک وشە و زاراوەی عەرەبی- کوردی لە ژێر ناوی «فەرهەنگۆکی زاراوەی پارێزگای سلێمانی»دا لە چاپ درا.[103] ئەم فەرهەنگۆکە نزیکەی (١٤٠٠) وشەیەک دەبێت و بۆ مەبەستی نامەنووسین لە نێوان دامودەزگاکانی فەرمانڕەواییدا دانراوە.[104]

بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٧٢ی گۆڤاری «پەروەردە و زانست»دا کە ١٩٦ لاپەڕەیە، فەرهەنگێکی کوردی- عەرەبی بڵاوکردۆتەوە[105] کە بریتییە لەو زاراوانەی بۆ قوتابخانەکان پێویستن. ساڵی ١٩٧٤یش لە ژمارە (٧-٨)ی هەمان گۆڤاردا، تێکڕای ئەو زاراوانەیان کۆکردۆتەوە، کە لە فەرهەنگۆکی کتێبی قوتابخانەکاندا بڵاویان کردوەتەوە.[106]

کۆڕی زانیاری کورد بە شێوەیەکی زانستی و فراوان گرنگی بەم مەسەلەیە داوە و چاکی مەردایەتی بەلادا کردوە و ڕێبازێکی زانستی دیار کردوە بۆ ئەوەی لە سنووری توانادا بتوانێت بەرهەمێکی کامڵ بخاتە بەر دەست. تاکو ئێستا لە کۆڕی زانیاری کوردا ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەی کوردی هەڵبژێرراون و داڕێژراون و داتاشراون. ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششەش، ئەو چوار لیستەیەیە، کە لە هەر چوار ژمارەی گۆڤاری کۆڕدا[107] و بە سێ کتێبی سەربەخۆ[108]. بڵاو کراونەتەوە. ئەگەر کەموکورتییەکی کەم لە کاری ئەو زاراوانەدا هەبێ، خۆ ڕووە باشەکەی و پوختی و نایابییەکەی و شێوە زانستییەکەی بە جۆرێکە، کە تا ئەمڕۆ لە کاری زاراوی کوردیدا هاوتای نییە.

جگە لەو فەرهەنگ و فەرهەنگۆکانەی لە سەرەوە ناومان بردن، لەم ڕووەوە هەندێک کار هەن کە بە دەستەوەن. ئەوەی لە ناویاندا سەرنج ڕادەکێشێ و پێویستە پەنجەی بۆ ڕابکێشین، فەرهەنگی یەکگرتووی کوردی-کوردییە، کە لیژنەی فەرهەنگی کۆڕی زانیاری کورد خەریکە دای ئەنێ. بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی بۆی کێشراوە، دەبێ ئەم فەرهەنگە، گەورەترین و زانستیترین فەرهەنگی کوردی بێت و هەموو وشەکانی کوردی بە شێوەکانیەوە بگرێتەوە.

### لە یەکێتی سۆڤێت

بایەخ دان بە کوردناسی لە ڕووسیادا دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەوەندەی تر پەرەی سەند و بۆنی کەمینەیەکی کورد لەم وڵاتەدا و ئەو گۆڕانە هەرە گەورەیەی بە سەر ژیانی نوێیاندا هات بوونە هۆیەکی گرنگ و نوێی گەشە کردن و پێشکەوتنی کوردناسیی سۆڤێت و یەکێک لە ئەنجامە هەرە گرنگەکانی ئەوەبو کە پاش ماوەیەک ڕۆڵەکانی ئەم کەمینەیە خۆشیان چاکیان لێ کرد بەلادا و چالاکانە هاتنە کۆڕەوە.

---

103 زاراوەی پارێزگای سلێمانی، ١٩٧١.
104 بۆ وەرگرتنی زانیاری پتر لە بارەی ئەم فەرهەنگۆکەوە بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چەند سەرنجێک دەربارەی زاراوی پارێزگای سلێمانی، ڕۆژنامەی «هاوکاری» بەغدا، ١٩٧٣، ژ ١٦١- ١٦٢.
105 بڕوانە: گۆڤاری «پەروەردە و زانست»، بەغدا، ١٩٧٢، ژ ٤.
106 بڕوانە: گۆڤاری «پەروەردە و  زانست»، بەغدا، ١٩٧٤، ژ ٧-٨.
107 بڕوانە: «گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد»، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ل ٤١٩-٥٢٦؛ بەرگی دوەم، ل ١٦٦-٢١٨.
108 زاراوەی کارگێڕی، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. کەمال مەزهەر، بەغدا ١٩٧٣-١٩٧٤؛ زاراوی هەمەچەشنە، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا ١٩٧٤؛ زاراوی هەمەچەشنە، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا  ١٩٧٤؛ لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لێژنەکانی، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا ١٩٧٥.

پەرەسەندنی فەرهەنگنووسی، بێ گومان هەروەها بەستەیە بە پەرەسەندنی کوردناسی سۆڤێت خۆیەوە و لە ڕاستیدا یەکێکە لە ڕووە هەرە دیار و گەشەکانی. بۆ نموونە دەبینین:

ساڵی ١٩٣٣ لە یەریڤان فەرهەنگێکی ئەرمەنی- کوردی،[109] وە ساڵی ١٩٣٥ فەرهەنگۆکی زاراوەی ئەرمەنی-کوردی[110] بڵاوکرایەوە. یەکەمیان نزیکەی (٣٠٠) لاپەڕە و دووەمیان دەور و بەری (٥٠) لاپەڕە دەبێ. هەرچەندە نووسەرانی ئەم دوو فەرهەنگە هەندێک وشەی کوردی وایان داڕشتوە کە لەگەڵ دەستووری زمانی کوردیدا ناگونجێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوو فەرهەنگە دەوری خۆیان بینیوە.

ساڵی ١٩٥٧ فەرهەنگێکی نوێی ئەرمەنی- کوردی بڵاوکرایەوە.[111] ئەم فەرهەنگە بریتییە لە ٣٥٢ لاپەڕە و ٣٣ هەزار وشەیەک. هەر چەندە ئەم فەرهەنگە لە گەڵێ ڕووەوە لەوانی پێشوو چاکتر و سەرکەوتووترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەموکورتی زۆرە، بە تایبەتی لەوەی کە بەشە کوردییەکەی گەلێک وشەی ڕووسی و ئەرمەنی وەهای تێ کەوتوە کە کورد بەکاریان ناهێنن و هەروەها بە زۆر پاشگری (ی، تی، چی)یان لکاندوە بە هەندێک وشەوە و وشەی چەوت و ناڕاستیان لێ دروست کردوون.

هەر لە هەمان ساڵدا دوو فەرهەنگی دیکە بڵاوکرانەوە، یەک: ڕووسی-کوردی،[112] دوو: کوردی-ڕووسی.[113] فەرهەنگی یەکەم کە دوکتۆر ئی. فاریزۆڤ دایناوە بریتییە لە (٧٨٢) لاپەڕە و (٣٠) هەزار وشەیەک. فەرهەنگی دووەم کە دوکتۆر چەرکەزی بەکۆ (باکاییڤ) دایناوە بریتییە لە (٦١٨) لاپەڕە و (١٤) هەزار وشەیەک. هەر یەک لەم فەرهەنگانە کەلێنێکیان پڕ کردۆتەوە و شوێنی دیاریان لە کوردناسی سۆڤێتدا وەرگرتووە.

کوردناسی بەناوبانگ و ناسراو قەناتی کوردۆ (کوردۆییڤ) لە ساڵی ١٩٦٠دا فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی ژووروو)- ڕووسی لە چاپ دا.[114] کە بەرهەمی ڕەنجی چەند ساڵی بوو. دانانی ئەم فەرهەنگە دەستکەوتێکی گەورەیە لە کاری فەرهەنگنووسیی کوردیدا و هەر لەبەر ئەوەشە شوێنێکی بەرزی لە مێژووی فەرهەنگنووسییماندا گرتووە.

نووسەر بۆ کۆکردنەوەی وشە هەوڵێکی زۆری داوە و گەلێک سەرچاوەی هەمەجۆرەی بۆ ئەم مەبەستە بەکار هێناوە و وشەی لە زۆربەی بەشە دیالێکتەکانی کرمانجی ژووروو (و کەمێک لە کرمانجی خوارووش) دەرهێناوە و بەم جۆرە توانیوێتی دەور و بەری (٣٤) هەزار وشەیەک کۆبکاتەوە کە بەشێکی زۆری وشەکانی دیالێکتی کرمانجی ژووروو پێک دەهێنن و ئەمەش یەکێکە لە هۆی سەرکەوتوویی فەرهەنگەکە.

مامۆستا کوردۆ لە چۆنێتی وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای وشەکانی فەرهەنگەکەیدا لە هەمان کاتدا هونەرێکی بەرزی نواندوە و بە زمانێکی ڕەوان و ئاسان، بە وشەی بەرانبەری پڕ بە پێستی خۆی شەرحی وشەکانی کردوە و مانایانی لێکداوەتەوە و هەر وشەیەک چەند مانای هەبێت هەموو ماناکانی بە ڕووسی نووسیوە. بەمە و هەروەها بە هێنانەوەی گەلێک پەندی پێشینان و قسەی نەستەق توانیوێتی دەوڵەمەندیی زمانی کوردی نیشان بدا. لە لایەکی ترەوە مامۆستا کوردۆ زۆربەی وشەکانی فەرهەنگەکەی خستۆتە ڕستەوە و بۆ ڕووسی وەریگێڕاون و لەم

---

109 خەبەرناما ژ زمانێ فەلەیی- کورمانجی، ڕەوان، ١٩٣٣.

110 خەبەرناما تێرمینۆلۆجی یی فەلەیی- کورمانجی، ڕەوان، ١٩٣٥

111 سەمەندی سیابەند، ئارامێ چاچان، خەبەرناما ئەرمەنی- کوردی، یەریڤان، ١٩٥٧.

112 И.О. Фаризов. Русско-курдский словарь, Москва, 1957

(ئی. ئۆ. فاریزووڤ، فەرهەنگی ڕووسی-کوردی، مۆسکۆ، ١٩٥٧).

113 Ч.Х. Бакаев. Курдско-русский словарь, Москва, 1957

(چ. خ. باکائێڤ، فەرهەنگی کوردی- ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧).

114 К.К. Курдоев. Курдско-русский словарь, Москва, 1960

(ق. کوردۆ، فەرهەنگی کوردی- ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠).

ڕێگەیەوە تێگەیشتن و بەکارهێنانی وشەکانی ئاسان کردوە، خۆ ئەگەر وشەیەکی کوردی بەرانبەری لە ڕووسیدا نەبێ ئەوە بە شەرحێکی کورت ئاشکرا مانای ئەو وشەیەی داوە بە دەستەوە.

ئەم فەرهەنگە بە یەکێک لە فەرهەنگە بەرزەکانی کوردی دەژمێررێت و تەنانەت ئی. ئی. تسوکەرمان دەڵێ: «گەورەترین نووسراوی زانستییە لە کاری کوردناسی سۆڤێتدا».[115]

نزیکەی دە ساڵێکە چەند کارگێڕێکی بەشی کوردییەکەی لێنینگراد بە سەرۆکایەتی قەناتی کوردۆ خەریکی دانانی فەرهەنگێکی کوردی (کرمانجی خواروو)- ڕووسین و ئێستا ئامادەکراوە بۆ چاپ. ئەم فەرهەنگە کە نزیکەی ٣٠ هەزار وشەیەکی کوردییە و کارێکی سەرکەوتوو و نایابە و هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا دراوە و بۆ نووسینی سوود لە گەلێک سەرچاوە وەرگیراوە.

دوکتۆر مەکسیمی خەمۆ کە کارگێڕی بەشی کوردییەکەی یەریڤانە چەند ساڵێکە خەریکی دانانی فەرهەنگێکی فریزیۆلۆژی کوردیی ڕووسییە و بێشک ئەمە کارێکی پێویست و شایانە.[116]

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەمەوێ سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەوە ڕابکێشم کە دەستنووسی ئەو فەرهەنگە کوردی-ڕووسییەی ئاکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی لە ساڵانی بیستا نووسیوێتی ئێستا لە لایەن کارگێڕانی بەشی کوردی لێنینگرادەوە ئامادە کراوە بۆ چاپ. بەو وتارەدا کە ئی. ئی. تسوکەرمان و ژ. س. موسیلیان لە بارەی ئەم فەرهەنگەوە نووسیویانە وا دەردەکەوێ کە کارێکی بایەخدار و نایاب و گرنگە.[117]

**لە ئەورووپا**

ساڵی ١٩٢٠ ئاغا بطرس ئەڵۆ لە ژێر ناوی «ڕێزمان و فەرهەنگی ئاسووری و کوردی و یەزیدی»دا کتێبێکی بڵاوکردەوە،[118] نزیکەی (٩٠) لاپەڕەیەک دەبێت. بەشێکی کەمی ئەم نووسراوە دەربارەی ڕێزمانە و ئەوی کەشی فەرهەنگە.

لە پاش دەرچوونی کتێبەکەی ر. ف. جاردین کە دەربارەی ڕێزمانی کورد نووسیوێتی و لە ساڵی ١٩٢٢دا لە بەغدا بڵاوی کردۆتەوە[119] و فەرهەنگۆکێکی کوردی- ئینگلیزییشی تیایە، (ل٥٥-١١٤)، لە کوردناسی ئەورووپادا بۆ ماوەیەک هەست بە سستی و بێبەرهەمی دەکرێت، بەتایبەتی لە مەیدانی فەرهەنگنووسیدا و تا ئەم ساڵانەی دوایی لەم بارەیەوە هیچ شتێکی وەها بڵاو نەکراوەتەوە کە شایانی باس بێت. ئەوەی کە لە، ماوەیەی دواییشدا هاتبێتە کایەوە ئەمانەن:

---

115 И. И. Цукерман. Очерк курдской грамматики, Москва, 1962, стр. 35
(ئی. ئی تسوکەرمان، ڕێزمانی کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦٢).

116 نووسەری ئەم وتارە دەسنووسی ئەو دوو فەرهەنگە- واتە ئەوەی لە لێنینگراد بە سەرۆکایەتی قەناتی کوردۆ نووسراوە و ئەوەی لە یەریڤان مەکسیمی خەمۆ خەریکێتی- بینیوە.

117 И. И. цукерман, Е.С. саэлян. Курдско-русски, словарь акад. И. А. Србели, "Тезисы докладов 1-й годично: научной сессих ЛО НА“, март 1966, стр. 69-70
ئی. ئی. تسوکەرمان و ژ. س. موسیلیان، فەرهەنگی کوردی- ڕووسی ئەکادیمی ئی. ئا. ئۆربیلی، «کورتەی وتارەکانی ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی لێنینگراد»، مارت ١٩٦٦، ل ٦٩-٧٠.

118 Ellow, Agha Petros. Assyrian, Kurdish & Yizidis: Indexed grammar and vocabulary, with a few grammatical notes. Baghdad, Government press, 1920.

119 R. F Jardine. Bahdinan Kurmanji, a grammar of the Kurmanji of the Kurds of Mosul Division and surrounding districts of Kurdistan. Baghdad, 1922.

ساڵی ١٩٦٥ جویس بلو فەرهەنگێکی کوردی- فەرەنسی- ئینگلیزی لە پاریس بڵاو کردەوە.[120] لەم فەرهەنگەدا هەندێ کەموکورتی بەرچاو دەکەوێ، وەک ئەوەی گەلێک وشەی پێویست و ئاشکرا نەکەوتوونەتە ناوەوە و هەروەها هیچ ڕستە و نموونەیەک بۆ ڕوونکردنەوەی مانا و بەکارهێنانی وشە نەهێنراوەتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا ئەم فەرهەنگە کارێکی نایاب و بایەخدارە و کەڵک و سوودی زۆرە و لە مەیدانی کوردناسیدا ناسراوە.

ئەوەی شایانی باس و قەدرزانین بێت ئەوەیە لە ساڵی ١٩٦٦دا زانای بەناوبانگی کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی بە هاوکاریی س. ئەدمۆنس فەرهەنگێکی کوردی- ئینگلیزی لە لەندەن بڵاو کردەوە.[121] ئەم فەرهەنگە یەکێکە لە کارە مەزنەکانی کوردناسی بە گشتی و یەکێکە لە فەرهەنگە سەرکەوتووەکانی کوردی بە تایبەتی. لەم فەرهەنگەدا گەلێک کاری ئاڵۆز و نائاشکرا لە ڕێگایەکی زانستییەوە یەکالا کراوەتەوە. بەنرخی و نایابی ئەم کارە لە کوردناسیدا دەنگێکی باشی داوەتەوە.

لەم فەرهەنگەدا بەشێکی زۆری وشەکان خراونەتە ناو ڕستەی کورت و ئاسانەوە، بەمە مانای وشەکان باشتر ئاشکرا بوون و بۆ خوێنەریش لەم ڕێگەیەوە ڕوون بوەتەوە چۆن ئەو وشانە لە ڕستەدا بەکار بهێنێ. نووسەرانی ئەم (ل. ڤ. شێربا)دا یەک دەگرنەوە کە دەڵێ: بەپێی وشەی زمانێک لەگەڵ زمانێکی تر تەنها ئەوە نییە کە بەرامبەر یەکن و هاوواتان، بەڵکو پەیوەندی ئاڵۆز و جیاوازیش لە شێوەی بەکار هێنانیاندا هەیە.[122]

جگە لە چەند کەموکورتییەکی زۆر کەم کە لەم فەرهەنگەدا دەبینرێ، ئەوەی لەگەڵ ڕای من نەگونجێ ئەوەیە کە لە ڕێکخستنی فەرهەنگەکەدا تەنیا ڕەگی وشەکان نووسراوە و ئینجا ئەو وشانەی لێیانەوە دروست دەبن لە دوایانەوە هاتوون. بە بیری من پەیڕەوی کردنی ئەم ڕێبازە کە هەندێ لە زانایانی ڕۆژئاواش لە سەری ڕۆیشتوون، هەرچەند کاری چاپ ئاسان دەکات، بەڵام دۆزینەوەی وشە لە فەرهەنگی کوردیدا ئاسان ناکات. هەروەها لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لێکۆڵینەوە لە مەسەلەی زانستی وشە Lexicology لە زمانی کوردیدا زۆر کەمە دوور نییە هەندێ وشە بە هەڵە نەکەونە ژێر ڕەگی خۆیانەوە.

لە ئەمەریکاش پەرتگای جیهانی World Publishing Company لە ساڵی ١٩٦٥دا فەرهەنگۆکێکی ئینگلیزی- کوردی (٣٠) لاپەڕەیی بڵاوکردەوە.[123] ئەم فەرهەنگۆکە بۆ گەڕیدەکان دانراوە و شەش قەوانی لەگەڵدایە.

لە ساڵی ١٩٦٧یشدا ئەرنست مەکارۆس فەرهەنگێکی کوردی-ئینگلیزی لە چاپ دا.[124] بەداخەوە کەموکورتی و ناتەواوی لەم فەرهەنگەدا ئێجگار زۆرە، بەتایبەتی لە وەرگێڕان و لێکدانەوەی مانای وشە و لە ڕیزکردنی وشە کوردییەکان و لە ئیملادا... هتد.

تا ئێستا نزیکەی (٥٠) فەرهەنگ و فەرهەنگۆکی کوردی بڵاو کراوەتەوە[125]- واتە گەنجینەیەکی بچووکمان هەیە. هەرچەندە زۆربەی ئەم فەرهەنگانە، لەبەر گەلێک هۆی ئاشکرا، لە سەر شێوە و ڕێگایەکی زانستی دانەنراون، لەگەڵ ئەوەشدا بە نیسبەت کاری فەرهەنگنووسی کوردییەوە چەند هەنگاوێکی گەورە نراوە و ژمارەیەک فەرهەنگی سەرکەوتوومان هەیە.

---

120 Blau Joyce. Dictionnaire Kurde Francais Anglais Kurdish French. Paris, 1965.
121 Taufiq Wahby and C. J. Edmonds. A Kurdish-English dictionary. London, 1966.
122 Д.В. Щерба. Опыт общей теории лексикографии, "Известия Оля АН СССР", з, Москва, 1940

(ل. ڤ. شێربا) تیۆری فەرهەنگنووسی، «هەواڵەکانی ئەدەب و زمان لە ئەکادیمیەی زانستی سۆڤێت»، مۆسکۆ، ١٩٤٠، ژ ٣.
123 Kurdish, The world publishing company, Cleveland and New York, 1965.
124 Ernest N. McCarus. A Kurdish-English dictionary, dialect of Sulaimania, Iraq. Ann Arbor (Michigan), 1967.
125 شایانی باسە زۆربەی ئەو فەرهەنگە کوردییانەی لەم وتارەدا ناویان براوە لە کتێبخانە ڕازاوەکەی «کۆڕی زانیاری کورد»دا هەن.

به نیسبەت فەرهەنگە کۆنەکانەوە بە بیری من دوانیان سەرکەوتوون: ئەوانیش فەرهەنگی ئیتالیایی- کوردی (ماوریزۆ کارزۆنی) و کوردی- فەرەنسایی (ئا. ژابا)ن.

وەک ئاشکرایە، ماوەیەکە کاری فەرهەنگنووسی کوردی خەریکە جێگەی شایانی خۆی لە ژیانی ڕۆشنبیری و زانستی گەلی کورددا دەگرێت و هەندێک مامۆستای دڵسۆز، وەک: تۆفیق وەهبی، قەناتی کوردۆ (کوردۆیێف)، شێخ محەمەدی خاڵ، گیو موکریانی، مەردۆخ، عەلائەددین سەجادی، چەرکەزی بەکۆ (باکاییێف)، جەمال نەبەز، ئیڤان فاریزۆڤ، سەمەندی سیابەند، جگەرخوێن... هتد لەم مەیدانە پیرۆزەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە. ئەم مامۆستایانە لە دەرگایەکی فراوانەوە چوونەتە ناو مێژووی ڕۆشنبیری کوردەوە، بەوەی هەر یەکەیان لە سنووری توانای خۆیدا ئەوەی لە باریدا بووە بۆ پاراستنی زمانی نەتەوەکەی دڵسۆزانە جێ بەجێی کردووە و گەلێک ڕۆژهەڵاتناسی بێگانە باسی نرخی فەرهەنگەکانی مامۆستایان: تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ و شێخ محەمەدی خاڵیان کردوە.

هەرچەندە لە کاری فەرهەنگنووسی کوردیدا هەندێ کێشەی ئاڵۆزی زانستی وشە Lexicology بەگشتی و زانستی فەرهەنگنووسی Lexicography بەتایبەتی چارکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک کێشەی تری زانستی وشە و زانستی فەرهەنگنووسی لە زمانی کوردیدا هێشتا بیر و نووکی قەڵەمیان نەگەیشتوەتێ.

وەک ئاشکرایە، کاری فەرهەنگنووسی بە دوو ڕێچکەدا تێدەپەڕێ: یەک- تیۆری، دوو پراکتیک. یەکەمیان ڕێڕەوێکی تیۆری لەسەر شێواز و لێکۆڵینەوەی زانستی دەهێنێتە بەرهەم، دوەمیش ئەو ڕێڕەوە تیۆرییە لە دانانی فەرهەنگدا تطبیق دەکات. لە نێوان ئەم دوو ڕێچکەیەدا پەیوەندی بەهێز هەیە توند پێکەوە بەستراون و هەنگاوبەهەنگاو لەتەک یەک دەڕۆن. فەرهەنگنووسێک تەنها بە پراکتیک و زانینی خۆی لە دانانی فەرهەنگدا سەر ناکەوێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئاوڕ لە ڕێڕەوی تیۆری بداتەوە. تیۆری ڕووتیش- واتە بێ سوود وەرگرتن لە پراکتیک ئەنجامی بە کەڵکی نابێت.

ئەوەی لەم بارەیەوە شایانی باسە، ئەوەیە لە دانانی هەندێ فەرهەنگی کوردیدا سوود لە تیۆری فەرهەنگنووسی وەرگیراوە، بەتایبەتی لە فەرهەنگی مامۆستایان: تۆفیق وەهبی و قەناتی کوردۆ... دا، کە لە ڕێگای هەوڵ و کۆشش و زانین و تەجروبەی خۆیانەوە گەیشتوونەتە ئەنجامی بەکەڵک. بەڵام بەداخەوە، دەربارەی زانستی فەرهەنگنووسیی هیچ شتێکی ئەوتۆ بە زمانی کوردی نەنووسراوە و ئەمەش کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێگای فەرهەنگنووسە بەڕێزەکانماندا.

وەک ئاشکرایە، زمانی کوردی بە تایبەتی لە کوردستانی عێراق وردە وردە بەرەو پێشەوە دەڕوات بەڵام پێویستە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەشدا تیۆری فەرهەنگنووسی هەنگاوی خۆی بهاوێژێ و بە هاوکاری پراکتیک و تیۆری فەرهەنگی نایاب و بەنرخ بێتەکایەوە.

«...»

## ئەم قامووسە

ئەم قامووسە لەو ڕۆژەوە کە هەر بیرێک بەڵکوو خەیاڵێک بوو، ئەویش خەیاڵی یەکێکی وەکوو منی هیچ لەباراندا نەبوو، تا ئێستا کە ڕۆژگار کردوویەتە حەقیقەتێک و خستوویەتە بەردەستی خوێنەرانی خۆشەویست، لەم ماوە دوور و درێژەدا، ئەم قامووسە خەیاڵییە گەلێ گۆرانی خەیاڵیشی بەسەردا هاتوە، بەڵام هەموو شتێک سنووری هەیە و تەنانەت خەیاڵیش لە سنووری (هەموو شتێک) بەدەر نیە.

سنوورێکی (خەیاڵی قامووس)ی منی لێدەگەڕایەوە و هەقی ئەوەی نەدەدا بەخۆی بیپەڕێنێ، قامووسێکی فەڕەنسی بوو کە ناوی (لاڕووس)ـە و هەرچەندێ کە بیری لێدەکەمەوە و بۆم دەردەکەوێ چەندە بەرز فڕیوم کە ویستوومە قامووسی (من!) وەکوو (لاڕووس) بێ بەخۆم دادەشکێمەوە کە چۆن ئەو هەقەم داوە بە خۆم هەر بیر لە دانانی قامووس بکەمەوە، قامووسێکی وەکوو (لاڕووس) لەوێ بوەستێ، بەڵام دڵخۆشی خۆم بە مەتەڵێکی فارسی دەدەمەوە کە دەڵێ: «ئارەزوو بۆ جحێڵان عەیب نیە»، منیش ئەوسا کە ئەو بەرزەفڕییەم کردوە (جحێڵ) بووم پاشانیش بۆتە تەوق و چۆتە ملمەوە.

ئەگەر تا ئەو ساڵانەی دوایی (لاڕووس) تاقە (نوختە)یێکی ڕووناک بوو چاوم تێ بڕیبوو، لەم دوایانەدا (هەوێ)یەکی بۆ پەیدا بوو، بوون بە دوو (نوختە)، ئەو نوختە تازەیە (فەرهەنگی فارسی) خوالێخۆشبوو (دوکتۆر محەممەدی معین) بوو، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە من (خێڵ) بووم و یەکم بە دوو دیوە، دوکتۆر معینیش یەکێک لەو قامووسانەی وەبەردڵی کەوتوە (لاڕووس) بوە و دەڵێ: «لەم ناوەدا زیاتر ڕوومان دە لاڕووسی بچووک بوە کە ئێرانی بەتەواوی پەسندیان کردوە»[126] سەرەڕای ئەوەش لەبەر خزمایەتی نیزیکی زمانی کوردی و فارسی دەبێ بڵێم کە (فەرهەنگی فارسی) دوکتور معین لە هەموو هاوچەشنەکانی خۆی زیاتر بەکارم هاتوە و زۆرتر کەڵکم لێ وەرگرتوە، بۆیە دەتوانین ئەم قامووسە بە ئامێتەیێکی لاساییکردنەوەی (لاڕووس) و (فەرهەنگی فارسی) دابنێین.

ئەم قامووسە ئەگەر هیچی بۆ ڕێک نەکەوێ و تەواوبوون بەخۆیەوە ببینێ، زیاتر لە چل هەزار وشەی زمانی کوردی (لەهجەی ناوەندی) تێدا دەبێ. خۆی لە سەرەتایەک و (وشەنامە) کە پێکهاتوە و سەرەتاکەی ئەم باسانەی تێدایە: پێشگوتن، زمانی کوردی (ماد)ەکان چ بوە؟، زمانی ئاوێستایی، زمانی پارسیی کۆن، دەوری ناوەڕاستی خێزانەزمانی ئێرانی، زمانی پارتی (پەهلەوی)، ئەوەی ناویان ناوە پەهلەویی ساسانی، بەسەرهاتی زمانی پەهلەویی ئەشکانی، زمانی کوردی، لەهجەکانی کوردی چۆن پەیدابوون؟ گۆرانی (هەورامی)- زازا، دەربارەی (دەنگ)ی کوردی، گیروگرفتی ڕێنووسی کوردی، فەرهەنگنووسیی «د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف»، ئەم قامووسە، سەرچاوەکان خانۆکی کورتەنیشانەکان و پاشەبەرەی قسان.

هەرکاتێ صفەتی (خەیاڵی) وەپاڵ ئەم قامووسە دەدەم وەنەبێ لە ڕاستی لام دابێ، چونکوو ئەوی ڕاست بێ تا ساڵی ١٩٧٠ هەر خەیاڵی ڕووت بوو، هەندێ یادداشتی پەڕشوبڵاوی ڕێک نەخراو، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی هەندێ وشە کە هێشتا تێک نەکرابوونەوە و تەنانەت لە دەفتەرێکیشدا نەنووسرابوونەوە، بەم حاڵەوە خۆم وەکوو دۆستێکی جگەرەکێشی خۆم دەهاتە بەرچاو کە قەت جگەرەی نەدەکڕی و پێمان دەگوت «فڵانکەس لە کەرەستەی جگەرەکێشان تەنیا دوو لێوی هەیە»، منیش لە کەرەستەی قامووس دانان ئەوەم هەبوو کە لەسەرەوە باسم کرد، بەڵام هەروەکوو لە «پێشگوتن»ی ئەم سەرەتایەدا وتم بەرزونزمی ڕۆژگار مێشکی ئاخنیبووم و زۆر شتی تێدا کۆکردبۆوە.

---

126 د. معین، فەرهەنگ، ج ١، «مقدمە»، ل- چل و هەشت.

ساڵی ١٩٧٠ من دەستم بەتاڵ بوو، دەستم کرد بە تەماشاکردن و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی قامووسەکانی کوردی، دۆستێکی کۆنم یارمەتێکی شایانی سوپاسی دام و (فیش)ـەکانی سازکرد و خستنیەوە سەریەک و ڕێکی خستن، ئەنجامی ئەم کارە ٥٢ بەرگ (فیش) بوو کە وشە (جامد)ەکان هەریەکەیان لەسەر فیشێک نووسرابوون و (مشتق)ـەکانیان هەڵگیرابوون بۆ وەختێ کە کاریان لەسەر دەکرێ، هەر بۆیەش (فیش)ـەکانی دەنگی (هەمزە) کە لە پێشدا چوار بەرگ بوون دوای تەواوبوون ژمارەیان گەیوەتە ١٠ بەرگ.

وەختێ ئەم کارە تەواوبوو کەوتمە سەروکاری ڕازاندنەوە و مانا لێدانەوەی وشەکان، وادیارە زەمانە حەزی نەدەکرد ئەم قامووسە هەروا زۆر دنیای ڕوون بەچاوی خۆی ببینێ، بۆیە لەم مەرحەلەیەدا تووشی دوودڵێکی سەیری کردم و من کە تا ئەو کاتەش هەر چاوم بڕیبوە دانانی وشەنامەیێکی ئاسایی، ئەوجار خەیاڵم کەوتە سەر پێکەوەنانی قامووسێکی ئیشتیقاقی (ئێتیمۆلۆژی- Etymologie) و بێ ئەوەی سێودووی لێ بکەم دەستم پێکرد و لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا فیشەکانی دوو دەنگی (هەمزە) و (بێ)م بەو جۆرەی بۆ قامووسێکی ئیشتیقاقی دەست بدا ڕێک خست، لەناکاو هەروەکوو یەکێکی لە سەرخۆشێکی گەورە ئەغیار بووبێتەوە بیرم لێکردەوە: هەیاران! نەتەوەی کورد و زمانی کوردی لەم قۆناغەدا پێویستیان بە قامووسێکی ئیشتیقاقی هەیە؟ یا نە خۆ ئەوەی مەبەستی گشت لایەکە قامووسێکە کە باسی وشەکانی زمانی کوردی بکا، بەڵام تەنیا هەر ڕیزکردنی وشە نەبێ، بەڵکوو قامووسێک بێ وەڵامدەرەوەی پێویستەکانی ئەم قۆناغەی ئێستامان بێ. ئەم پرسوڕایە «ڕێسەکەی لێ کردمەوە خوری» و سەرلەنوێ دەستم کردەوە بە ڕێکخستنەوەی (فیش)ـەکان لەسەر بناغەی قامووسێکی سادەی زمانی کوردی، کە هەر بە کوردی و بە شێوەیێکی زانستی- ئەوەندەی ئەقڵم پێدەشکێ- وشەکان مانا لێ بداتەوە، ئەنجامی هەموو ئەو هەیتوهووتە ئەمەیە کە لەبەر دەستتانە و بەم جۆرە کاری لەسەرکراوە کە لە خوارەوە باستان بۆ دەکەم.

**ا- وشە:**

1) ئەم قامووسە ژمارەیێکی زۆر وشەی کوردی و ئەوانەی لە زمانانی دیکەڕا (فارسی، عەرەبی، ترکی و زمانانی فەڕەنگی) هاتوونەتە ناو زمانەکەمان، تێدایە.
2) وشەکان بە تەرتیبی ئەلفوبێ بەدوای یەکا ڕێزکراون و هەوڵ دراوە ئەم تەرتیبە تا دوامین پیتی وشەکە بگرێتەوە.
3) هەموو وشەیێک، سادەیی تا تێکەڵ (مرکب)، کوردی بێ یا بێگانە، بە (ماک)ێک داندراوون و هەریەکە لە شوێنی خۆیاندا نووسراون. ئەگەر وشەیێکی کوردی و یەکی بێگانە یەک شکڵ بن، وشە کوردیەکە پێش خراوە و بەگشتی وشە هاوشکڵەکان Homonyme بە ژمارەی ١ و ٢ و .... کە لە پێشیانەوە داندراوە لێک هەڵاوێردراون.
4) وشەیەکی لەباری (ڕێزمان)ـەوە لە (کار)ێک زیاتری هەبێ، یەعنی ئەگەر وشەیەک هەم (ناو) بێ و هەم (صفەت) بە ماکێک حیساب کراوە، بەڵام بەجیا مانا لێدراوەتەوە.
5) وشەی تێکەڵ ئەگەر لە حاڵەتی (ئیزافە) دابێ لەژێر ماکێکدا نووسراوە (ئاوی عەینەمەل، لەژێر ماکی ئاودا) بەڵام ئەگەر (معطوف) بێ (ئاووگڵ) وەکوو ماکێکی سەربەخۆ بە حیساب هاتوە.
6) ئەم وشانەی بە (بێ، نا) لە وشەی تر داتاشراون بە ماکی سەربەخۆ هاتوونە حیساب.

7) هەموو وشەیێکی کە بەهۆی پێشبەند و پاشبەندان دروست بووبێ یا لە تەرکیبی بەشێکی وشەیێک دەگەڵ بەشێکی وشەییکی تر، یا هەر تێکەڵبوونی دوو یا چەند وشە پێکهاتبێ بە وشەی تێکەڵ (مرکب) داندراوە.

8) مەصدەرەکان ئەگەر سادە بن وەکوو ماکێکی سەربەخۆ نووسراون، بەڵام ئەگەر پێشبەندی فیعلیان هاتبێتەسەر: (ا) ئەگەر پێشبەندەکەی لابرێ ئەوەی دەمێنێتەوە خۆی مەصدەرێک بێ و مانای هەبێ، ئەوا مەصدەرە تێکەڵەکە لەژێر ماکی ئەوا داندراوە. (ب) ئەگەر دوای لابردنی پێشبەندەکە ئەوەی دەمێنێتەوە هیچ مانایەک نەدا، ئەوا خۆی وەکوو ماکێکی سەربەخۆ لەجێی خۆیدا ڕیزکراوە. بۆ (هەڵگرتن) و (هەڵبڕین) لە ژێر ماکی (گرتن) و (بڕین)دا، بەڵام بۆ (هەڵسەنگاندن) و (تێورووکان) هەریەکە لە شوێنی خۆیاندا، دەبێ بگەڕێین.

9) وشەی عەرەبی کە لە زمانی کوردیدا هەن، وەکوو ماکێکی سەربەخۆ بە ئیملای کوردی نووسراون، بەڵام لەنێوان دوو ڕاستەکەوانادا [ ] جۆری نووسینیان بە عەرەبی دووپاتە کراوەتەوە.

10) ئەو زاراوانە (مصطلحات)ی کە لە وشەیەک کەوتوونەتەوە، بە پیتی ڕەش لەژێر ماکی وشەکەدا هاتوون. «ئاو لە دینگدا کوتان» لەبن ماکی (ئاو)دایە.

11) وشەیەک کە لە بنلەهجەکاندا هەندێ دەنگی ئاڵوگۆڕ بووبێ یا جەڕابێ (تەحریف کرابێ) هەریەکەیان وەکوو ماکێکی سەربەخۆ لە شوێنی خۆیان نووسراون بەڵام ماناکانیان حەواڵەکراوە بۆ یەکێکیان.

12) ناوی مەصدەر، حاصل مەصدەر، ناوی فاعیل، ناوی مەفعوول، صفەتی فاعیلی و مەفعوولی هەریەکەیان وەکوو ماکێکی سەربەخۆ حیساب کراون.

13) ئەو مەصدەرانەی لە عەرەبیڕا هاتوونە ناو کوردی دوو جۆرن، ١) ئەوانەی بەتەنیایی دەکارناکرێن و دەگەڵ مەصدەرێکی کوردی یا زیاتر، مەصدەری تێکەڵ دروست دەکەن، وەکوو: ئیستیعمال کردن، ئیحتیمال دان و ئیحتیمال هەبوون، ئەمانە هەریەکەیان واحیدێکی سەربەخۆ حیسابن. ب) ئەوانەی لە عەرەبیدا مەصدەرن و لە کوردیدا هەم بەتەنیایی و هەم دەگەڵ مەصدەرێکی کوردی دەکاردەکرێن، بەتەنیایی وەکوو ناوی مەصدەر و دەگەڵ مەصدەرە کوردییەکەش وەکوو مەصدەری تێکەڵ تەماشاکراوە.

## ب- ئەسڵی وشە:

1) ئەسڵی هەر وشەیەکی کوردی لە ئاوێستایی و پەهلەویدا- ئەوەی بەدەستەوە هاتبێ- هەر دوای وشەکە لە نێوان دوو ڕاستەکەوانادا [ ] نیشاندراوە.

2) ئەسڵی وشەی بێگانەش هەر لە نێوان دوو ڕاستەکەواندا خراوەتە بەرچاوان.

3) وشەیێکی عەرەبی ئەگەر بە تەحریف کراوی لە کوردیدا باو بێ، ئەسڵە تەحریف نەکراوەکەی پاش دانانی کورتەنیشانی (محر.) لەنێو ڕاستەکەوانادا نووسراوە.

4) ئەگەر وشەکە تێکەڵ بێ و لە وشەیێکی عەرەبی و یەکێ کوردی دروست بووبێ بە کورتەنیشانی [عا. کو] و ئەگەر پێچەوانەش بێ [کو. عا.] دیارکراوە، هەروەها وشەی تێکەڵی کوردی- هەر زمانێکی تر.

5) کەرتەکانی وشەگەلی تێکەڵ لێک جوداکراونەوە و لەنێوان دوو ڕاستەکەوانادا بەهۆی (+)تێکم کردوونەوە.

6) ئەوەندەی لە توانستا بووبێ ئەو مەڵبەندەی وشەکەی تێدا باوە بە کورتەنیشانەی تایبەتی لە نێوان کەواناندا () دەستنیشان کراوە.

### ج- ڕێزمان

1) وشەکانی هەر زمانی بەپێی ئەو کارانەی لە تەواو کردنی قسەدا ئەنجامی دەدەن، بەشبەش کراون و هەر بەشەی ناوێکی لێ نراوە. دیاریکردنی جێگای هەر وشەیێک لە یەکێ لەم بەشانەدا، بۆ قامووسی ئیمڕۆ بۆتە پێویست، هەروەک دەزانین ئەو قامووسانەی کوردی کە تا ئێستا نووسراون گوێیان نەداوەتە ئەم لایەنە و بۆ یەکەم جار فرەزاناگی کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی لە (فەرهەنگی کوردی- ئینگلیسی) کە دەگەڵ مێستەر ئێدمۆنس پێکەوە دایانناوە، ئەم کارەیان کردوە.

لەم قامووسەدا کە (کوردی- کوردی)یە منیش بۆ یەکەم جار جێگەی هەر وشەیەکم لەناو بەشەکانی وشە دەستنیشان کردوە و بە کورتەنیشانەی تایبەتی لەناو کەواناندا (   ) نووسیومە. زۆر دەترسم کە نەم توانیبێ ئەم کارە بە چاکی ئەنجام بدەم ئەگەرچی کەڵکێکی زۆریشم لە (فەرهەنگی کوردی- ئینگلیسی) وەرگرتوە، هەرچۆنێ بێ دەمێنێتەوە سەر ڕای خوێندەوارانی کورد تا لەم بابەتەوە چی بڵێین.

2) ئەو زاراوانەی بۆ بەشەکانی وشە بەکارم هێناون هێندێکیان ئاشکرا و ڕوونن، بەڵام واتێدەگەم بەشێکیان پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیێکی بچکۆلانە هەبێ کە لە خوارەوە دەیخەمە بەرچاوی خوێنەران. بە ئانقەست زاراوە عەرەبییەکانم بەکارهێناوە، چونکوو نەم ویستووە خۆم بە هیچ کامێک لەو زاراوانەی ڕێزمانی کوردی کە تازە داتاشراون ببەستمەوە.

- **ئامراز (اداة)-** وشەیێکە خۆی مانایەکی سەربەخۆی نیە و بۆ مەبەستێک وەکوو: پرسیار، بانگ کردن، تەعریف و... لە ڕستە یا سەروبنی وشەیێکدا دەکار دەکرێن.
- **بەند (قید)-** وشەیەکە، ناوەرۆکی ڕستە: فیعل، صفەت یا هەر وشەیێکی دیکە (بێجگە لە ناو یا ئەوەی جێی ئەوی گرتوە) بە زەمان و مەکان، حاڵەت یا ئەندازە ببەستێنەوە.
- **پاشبەند، پێشبەند، پێشبەندی فیعل-** کەرتی بچکوڵەن خۆیان بە تەنیایی هیچ مانایان نیە (بەلای منەوە ئێستا وایان لێهاتوە، دەنا لە کۆنا وشەی تەواو بوون و ماناشیان هەبوە، بەڵام هەندێ دەنگی فشەڵ و سستیان تێدابوە لەناو چوون و مانایان نەماوە) و دەچنە سەروبنی وشەیێکەوە و مەدلوولێکی نوێ لە ماناکەیان زیاد دەکەن.
- **حاصڵ مەصدەر-** وشەیەکە نیشانەی مەصدەری پێوە نیە و لە فیعلیش دانەتاشراوە و مانای ئەنجامی کارێک دەدا کە لە مەصدەرێک پەیدا دەبێ.
- **ئیسمی مەصدەر-** وشەیێکە لە فیعل دادەتاشرێ و مانای مەصدەر دەدا، نە مەصدەریشە و نە ڕیشەی فیعل. فەرقیان دەگەڵ حاصل مەصدەر ئەوەیە کە ئەمەیان لە فیعل دادەتاشرێ و ئەویان نا.

- **شێوە ڕستە:** وشەیەکە مانای ڕستەیێکی تەواو دەدا بەلای منەوە ئەوەش تێپەڕبوونی ڕۆژگار قاڵی کردوە و بە چەشنی وشەیێک بەجێی هێشتووە ئەگینا لە وشەیێک زیاترە و ڕەنگە هیندێکیان هەر ڕستەی تەواویش بووبن.
- **مەصدەری داتاشراو:** ڕەگی فیعلی مەصدەری زمانێکی دیکەیە کە بە نیشانەی مەصدەرەکانی کوردی کرابێتە مەصدەر، لە لەهجەی باکووریدا زۆرە و لە ناوەندیدا کەم. عاملاندن، فامین، جەڕباندن، طەمراندن، لەبطین، قوصاندن.

**د- مانای وشە**

1) بۆ مانالێدانەوە و شەرحکردنی وشە هەوڵ دراوە زۆر درێژ کرێتەوە. تێب-١) ئەگەر پێویستی بە درێژەپێدان بووبێ لە تێبینیدا لەسەری ڕۆیشتووین. ب) هەندێ وشە کە تاریفێکی زانستییان هەیە (وەکوو ئاو...) هەروەکوو (لاڕووس و (معین) کردوویانە پاش مانا لێدانەوەی سادە، بە تێبینی ئەو مەبەستەش جێبەجێ کراوە. ج) وردە سەنعات، ئامرازی کار و هەندێ (یاری) کە لە کوردستان هەن یا هەبوون، زانستی تازە خەریکە ڕایان دەماڵێ و لەبیرانیان دەباتەوە، بۆ ئەوەی شوێنەواریان کوێر نەبێتەوە لە تێبینی وشەی مەبەستدا باس کراون.
2) ئەگەر وشەیەک فرەمانا polysemantic بێ و ماناکانی بۆ مەبەستی جیاواز بن بەژمارە لێک جودا کراونەوە.
3) وشەگەلی هاومەعنا synonyme یەکیان حەواڵەی یەکێکی تر کراوە کە مەشهوورتر و باوەترە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هیچ مەعلووم نیە ئەم قامووسە کەنگێ تەواو دەبێ، ئەگەر لەم بەشەی ئێستادا وشەیێک هەبێ هاومەعناکانی بە (دەنگ)ێکی تر دەست پێ بکەن، ئەمەی ئێرە (با زۆریش باو نەبێ) مانای لێدراوەتەوە و هەڵ نەگیراوە بۆ ئەوانیتر.
4) مانای حەقیقی هەر وشەیێک لە پێشەوە و ئەگەر مانای مەجازیشی هەبێ بەدوای ئەوا باسکراوە.
5) وشەگەلی عەرەبی، ئەگەر بە مانای حەقیقی خۆیان لە کوردیدا دەکار نەکرێن ئەوا لە پێشدا ماناکە لە باری زمانەوە (لغوی) نووسراوە و ئەوجار لە کوردیدا بۆچی دەکار دەکرێ دیاری کراوە.
6) لە ئاخری هەر وشەیێک هاوماناکانی لە بنلەهجەی ناوەندیدا و بەپێی لێزانین و توانستیش ئی بنلەهجەی باکووری و جنووبی نیشاندراون.
7) بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مانای وشەیێک هەندێ جار لە وشەی (دژمانا) کەڵک وەرگیراوە.

**هـ- شایەد و نموونە:**

1) شایەد بەو مانایەیە کە نیشانمان دەدا فڵانە وشە لە زمانی کوردیدا دەکار دەکرێ یان نا؟ بۆ ئەم مەبەستە لە شیعری شاعیران و نووسینی نووسەرانی کورد، پەندی پێشینیان و کینایە و گۆرانی کەڵکم وەرگرتوە کە پاش ئەم نیشانەیە (□) لە نێوان دوو کەوانەی بچکۆلەدا «...» نووسیومن و سەرچاوەکانیشیان دیاری کراوە.
2) مەبەست لە نموونە ئەوەیە شێوە و جۆری بەکارهێنانی وشەیێک لە ڕستەی کوردیدا پێشان بدا، بۆ ئەم کارە زیاتر خۆم ڕستەیێ یا زیاترم ڕێک خستوە و لە دوای نیشانەی (::) نووسیومە.

3) لەسەر پێشنیاری د. ئەورەحمانی حاجی مارف لە باری (زانستی ڕستە= فرازولۆژی)شەوە لەم قامووسەدا هێندێ کار کراوە، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە کەمە شایەنی باس نیە هیوام وایە لە بەشەکانی ترا تێی هەڵبێنمەوە.

**پاشەبەرەی قسان**

ئەوا ئەم سەرەتایە تەواو بوو ئیتر قامووس دەست پێدەکا، ئەز هەوڵم داوە و هیواشم وایە قسەیێکی وام نەکردبێ بۆنی ئەوەی لێبێ کە ئەم قامووسە هیچ کەموکورتی نیە و لە هەموو بابەتێکەوە نیشانەی پێکاوە. ڕەنگە هیچ کەس وەکوو خۆم نەزانێ و نەشتوانێ بزانێ کە چەندەی ناتەواوی هەیە، ناچارم لێرەدا قسەی خوالێخۆشبوو دوکتۆر معین دووپاتە کەمەوە کە دەڵێ: «ئەم قامووسە ئەوە نیە کە ئەز ویستوومە، بەڵکوو ئەوەیە کە توانیومە.» و هەر ئەوەندە بەسە بۆ تێگەییشتنی کەموکووڕییەکانی ئەم قامووسە کە بەروبووی ئەوەیە لە دەستم هاتوە، ئەگەرچی جاروبارە لەوەش دەکەومە شکەوە، چونکوو لێم ڕوونە نەم توانیوە و بۆم نەکراوە هەموو توانستی خۆم بۆ ئەم کارە تەرخان کەم.

یەقین خوێندەوارانی کورد دەگەڵم هاوڕا دەبن ئەگەر بڵێم بە صەتان ناوی گژ و گیا و گوڵ، دار و درەخت، کوچک و بەرد، یاری و گاڵتە و گەپ، ناوی چێشتان و خواردن و خواردنەوە و زاراوەی داب و دەستووری کۆمەڵایەتی، لە کوردەواریدا هەن کە بۆم نەلواوە بیان زانم و هەر بۆیەش ڕێگەیان نەکەوتۆتە ناو ئەم قامووسەوە، خۆ ئەگەر ئەوەش بێنینە بەرچاو کە ئەم جۆرە شتانە لە ناوچە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا ناوی جیاجیایان هەیە، ئەوا ئەو شتانەی کە ئەم قامووسە نایانگرێ خۆ لە هەزاران دەدەن، کاری تاکە ئینسانێک هەرچۆنێ بێ ناتەواوە و کاری تەواو کاری کۆمەڵە.

## سەرچاوەکان[127]


1. ئەفسانەی چیای ئاگری: یەشار کەمال، شوکور مستەفا کردوویە بە کوردی، بەغدا، ١٩٧٦. [ئەفسانە].
2. ئینجیل (لۆقا، مەتی، مەرقۆس، یووحەننا)، (بنلەهجەی موکریانی)، «بیبل سۆسائیتی ئەمریکا و بریتیش فورن بیبل سوسائیتی» بڵاویان کردۆتەوە، نیۆیۆرۆک، ١٩١٩ [ئینجیل (...)].
3. ئینجیلا لوقا (لەهجەی کرمانجی)، «جڤاتا کتێبا مقەدەس یێ یەکبوویی» بڵاوی کردۆتەوە، بێرووت، ١٩٥٣.
4. بخشی از فرهنگ اوستا و تطبیق آن با فارسی و کردی: موبد فیروز آذر گشسب، تهران، ١٣٣٧ ش.
5. برهان قاطع «بضمیمهء فرنگ دساتیر» ابن خلف تبریزی. محمد عباسی پیاچۆتەوە، تاران، ١٣٤٤ ش.
6. برهان قاطع: محمد حسین بن خلف تبریزی متخلص ببرهان، لەژێر چاوەدێری دوکتۆر محەممەد معین مامۆستای زانکۆی تاران، (٥ بەرگ)، چاپی دووەم، تاران، ١٣٤٢ ش.
7. پاشمەرگەی قانیع: «کورتە مێژوویەکی ژیانییە لەگەڵ هەندێک لە هەڵبەستەکانی»، لێکۆڵینەوە و سەرپەرشتی لەچاپدانی- وریا قانیع، سلەیمانی، ١٩٧٠.
8. پەندی پێشینیان: شێخ محەممەدی خاڵ «کۆکردنەوەیان و ڕاستکردنەوە و مەبەس لێدانەوە و چیرۆک بۆ نووسینیان»، چاپی دووەم سلەیمانی، ١٩٧١. [پەند]
9. پەندی کوردی: عومەر شێخەڵا دەشتەکی، هەولێر، ١٩٧٢.
10. پێکەنینی گەدا: حەسەنی قزلجی، بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٢. [پێکەنین].
11. پیرەمێردی نەمر: محمد ڕەسوڵ (هاوار)، بەغدا، ١٩٧٠. [پیرەمێرد].
12. تحفە مظفریە، ئۆسکارمان، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی هێمن موکریانی، ب ١و٢، بەغدا، ١٩٧٥. [تحفە].
13. چیرۆکەکانی مەم: محەممەد مەولوود، بەغدا، ١٩٧٠. [چیرۆکەکان].
14. حاجی قادری کۆیی: مەسعوود محەممەد، (سێ بەش)، بەغدا، ١٩٧٣ و ١٩٧٤ و ١٩٧٦. [حاجی].
15. دە چیرۆک: دوکتۆر کاوس قەفتان، بەغدا، ١٩٦٩. [چیرۆک].
16. دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی- عەرەبی- فارسی: عەلائەدین سەججادی، بەغدا، ١٩٦٢.
17. دیاری مەلا محەممەدی کۆیی: چاپی چوارەمین، گیوی موکریانی چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، هەولێر، ١٩٦٩. [مەلا].
18. دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف: چاپی دووەمین، بڵاوکراوەوەی: گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٦٩.
19. دیوانی ئەدەب (عبداللە بەگی مصباح الدیوان): چاپی سێیەمین، بڵاوکراوەوەی: گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٦٦. [ئەدەب].
20. دیوانی حاجی قادری کۆیی: گردوکۆ و بڵاوکەرەوە گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٥٣. [حاجی قادر].
21. دیوانی دڵدار: یۆنس ڕەئوف، چاپی دووەمین، بڵاوکراوەوەی گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٧١. [دڵدار].
22. دیوانی سالم (عبدالرحمن بەگی صاحبقران): چاپی دووەم، بڵاوکراوەی: گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٧٢. [سالم].
23. دیوانی سەلام: شێخ سەلامی شاعیر، بەغدا، ١٩٥٨. [سەلام].
24. دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، علی الطالبانی کۆکەر و چاپکەری ئەم دیوانەیە، بەغدا، ١٩٤٦. [ڕەزا].
25. دیوانی طاهر بەگی جاف: بڵاوکراوەوەی: گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٦٦.
26. دیوانی مەندەلاوی (پرر وەخۆێن)، مەلا خضر محمود المندلاوی، بەشی یەکەم، کەرکووک، ١٩٧١.


127 ئەم وشانەی لە دوای ناونیشانی سەرچاوەکانەوە لە ناو ڕاستەکەواناندا نووسراون، کورتەنیشانی سەرچاوەکانن.

27. دیوانی مەولەوی (سەید عبدالرحیم تاوگۆزی): «کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی مەلا عبدالکریمی مدرس»، بەغدا، ١٩٦١. [مەولەوی].
28. دیوانی نالی (شاعر شهیر کرد)، «عەلی مقبل» بڵاوی کردۆتەوە، سنه، ١٣٢٧ ش. [نالی].
29. دیوانی نالی (مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی): لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، محمدی مەلا کەریم پیاچوەتەوە، بەغدا، ١٩٧٦. [نالی].
30. دیوانی نالی (مەلا خضری شارەزووری)، بڵاوکراوەوەی گیوی موکریان»، هەولێر، ١٩٦٢. [نالی].
31. دیوانی وەفایی (میرزا ڕەحیم): «گیوی موکریانی بڵاوی کردۆتەوە»، هەولێر، ١٩٥١. [وەفایی].
32. زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا، ١٩٧٦.
33. زەمبیل فرۆش: مرادخانی بایەزیدی، بڵاوکراوەوەی گیوی موکریانی، هەولێر، ١٩٦٧.
34. ژانی گەل: (چیرۆک)، سلەیمانی، ١٩٧٢، [ژان].
35. سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەریتی ئەنجامی یاران: گۆران، سلەیمانی، ١٩٦٨.
36. سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە: نەقابەی مامۆستایان- لقی هەولێر، بەغدا، (ساڵی لەچاپدانی لەسەر نەنووسراوە).
37. شەرەفنامە: شەرەفخانی بدلیسی، هەژار کردوویە بە کوردی، نەجەفی پیرۆز ١٩٧٢ (لەسەر بەرگەکەی نووسراوە ١٩٧٣ و لە دیوی ژورەوەی ١٩٧٢).
38. شیرین و خوسرەو: خانای قوبادی، محەممەدی مەلا کەریم ساغی کردوەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٧٥. [خانا].
39. علم اللغة: دوکتۆر عەلی عەبدولواحید وافی، چاپی شەشەم، قاهیرە، ١٩٦٧.
40. عمر خیام (چوارینەکانی)، گۆڕینی سەلام، بەغدا، ١٩٥١. [خەییام].
41. الفرائد الدریة للطلاب (قامووسی عەرەبی-فرەنسی)، ج. ب. بیلۆ، چاپی بیستویەکەم، بێرووت، ١٩٦٨.
42. فرهنگ اورنگ (عربی- فارسی): سرگرد اورنگ، تهران،
43. فرهنگ بهدینان: (لهجهء زردشتیان یزد و کرمان): جمشید سروش سروشیان، تهران، ١٩٥٦.
44. فرهنگ پهلوی: دکتر بهرام فرەوشی، تهران، ١٣٥٢ ش. (پفا)
45. فرهنگ عمید: حسن عمید، جـ ١ و ٢، تهران، ١٣٤٣ ش.
46. فرهنگ فارسی: دکتر محمد معین، (پنج جلد)، تهران، ١٣٤٢ و ١٣٤٣ و ١٣٤٥ و ١٣٤٧ ش. [فەرهەنگ].
47. فرهنگ فرانسه بفارسی: ن. گلستانی، چاپ ششم، تهران، ١٣٣٨ ش.
48. فرهنگ مصور فارسی-انگلیسی: علی اصغر کاوسی برومند، تهران، ١٣٤٦ ش.
49. فقه اللغة: دوکتۆر عەلی عەبدولواحید وافی، چاپی شەشەم، قاهیرە، ١٩٦٧.
50. فۆلکلۆری کوردی: محمد تۆفیق وردی، بەشی سێیەم و چوارەم، نەجەف، ١٩٧١.
51. فەرهەنگا کوردی: جگەرخوێن، (٢ بەرگ) بەغدا، ١٩٦٢.
52. فەرهەنگا کوردی- ڕووسی: ق. کوردۆ، مۆسکۆ، ١٩٦٠. [کف].
53. فەرهەنگی خاڵ: شێخ محەممەدی خاڵ (٣ بەرگ)، سلەیمانی، ١٩٦٠- ١٩٦٤- ١٩٧٦. [خا].
54. فەرهەنگی کشتوکاڵ: مەعرووف قەرەداغی مردۆخی، (٢ بەرگ)، بەغدا، ١٩٧٢-١٩٧٣. [کشت].
55. فەرهەنگی مەهاباد: گیوی موکریانی، چاپی یەکەمین، هەولێر، ٢٥٧٣ کوردی. [مەهاباد].
56. قامووسی ڕووسی- کوردی: ئی. ئۆ. فاریزۆف، مۆسکۆ، ١٩٥٧. [فز].
57. قەڵای دمدم (چیرۆک): عەرەب شەمۆ، شوکور مستەفا کردوویە بە کرمانجی خوارووی، بەغدا، ١٩٧٥.

58. كتاب فرهنگ مردوخ: شێخ محمد مردوخ كردستانی، جـ ١ و ٢، تهران، (ساڵی لەچاپدانی نەنووسراوە). [مردۆخ].
59. كوردەواری: عەلائەدین سەججادی، بەغدا، ١٩٧٤.
60. كۆلكەزێڕینە: (كوردی- فارسی- عەرەبی- فەڕەنسی و ئینگلیزی)، گیوی موكریانی، چاپی دووەمین، هەولێر، ١٩٦٦.
61. گزارش بهرام یشت یا پیروزی نامه: مراد اورنگ، تهران، ١٣٤٣ ش. [بەهرام]
62. گورانی یا ترانەهای كردی: دكتر محمد مكری، تهران، ١٩٥١.
63. گولستان: شاكاری سەعدی شیرازی، «مەلا مستەفا سەفوەتی حاجی مەلا ڕەسووڵ كردوویە بە كوردی»، «دوكتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵ لەگەڵ چەند وەرگێڕانی ترا بەراوردی كردوە و بڵاوی كردۆتەوە»، بەغدا، ١٩٦٨.
64. گوڵاڵەی مەریوان: قانیع، چاپی دووەم، «سەرپەرشتی لەچاپدانەوەی وریا قانیع»، سلەیمانی، ١٩٧٠.
65. گوهرهای نهفته یا «رازهایی از آوستا»:، مراد اورنگ، تهران، ١٣٤٤ ش.
66. گەنجینەی فۆلكلۆری كورد (كۆمەڵێك لاوک و حەیران)، محمدی مەلا كەریم، بەغدا، ١٩٦٨.
67. لاوک و پەیام لەگەڵ شیعری گەپ: گۆران، سلەیمانی، ١٩٦٩.
68. لغت فرس: اسدی طوسی، «بكوشش محمد دبیر سیاقی»، تهران، ١٣٣٦ ش.
69. المنجد (فی اللغة و الادب و العلوم): لویس معلوف، الطبعة الثامنة عشرة، بێرووت، ١٩٦٥. [منجد].
70. مەم و زینی خانی: هەژار كردوویە بە موكریانی، بەغدا، ١٩٦٠. (زین)
71. مەهدینامە: ابن الحاج (مەلا محەممەدی حاجی حەسەن)، «لێكۆڵینەوە و پێشكەشكردنی محەممەد عەلی قەرەداغی»، پیاچوونەوەی شوكور مستەفا»، بەغدا، ١٩٧٥.
72. مێژووی ئەدەبی كوردی: عەلائەددین سەججادی، چاپی دووەم، بەغدا، ١٩٧١. [مێژوو].
73. وشەی زمانی كوردی: د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، بەغدا، ١٩٧٥.
74. هیندێ لە هەڵبەست و بەیتەكانی عەلی بەردەشانی: محەممەد تۆفیق وردی، نەجەف، ١٩٧٢. [بەردەشانی].
75. یادداشتهای پنج گاتها: ابراهیم پورداود، جـ ٢، تهران، ٢٥٦٩ مادی- ١٣٣٦ ش. [یگد].
76. یسنا (بخشی از آوستا)، ابراهیم پورداود، (٢ جلد)، ١٣٣٧- ١٣٤٠ ش. [یەسنا].

77.

JABA M. AUGUSTE, DICTIONAIRE KURD FRANCAIS,

Publie par M. FERDINAND JUSTI, ST. petersbourg, 1879.

(م. ئوگوست. ژابا، قامووسی كوردی- فرەنسی، م. فێردینان ژوستی بڵاوی كردۆتەوە، سان پیترسبوورگ، ١٨٧٩). [ژابا].

78.

Lebrun L. & Toisoul J., Dictionnaire Etymologique De La Langue Francaise, Paris, 1937

(ل. لێبرون و ژ. توازوول، قامووسی ئێتیمۆلۆژی «ئیشتیقاقی» زمانی فرەنسی، پاریس، ١٩٣٧).

79.

Librairie Larousse, Nouveau Petit Larousse En Cou- Leurs, Paris, 1969.

(کتێبفرۆشی لاڕووس، لاڕووسی بچووکی تازەی ڕەنگاوڕەنگ، پاریس، ١٩٦٩). [لاڕووس]

.80

Wahby Taufiq & Edmonds C. J., A Kurdish- English Dictionary, Oxford, 1966.

(توفیق وەهبی و س. جی. ئێدمۆنس، فەرهەنگی کوردی- ئینگلیسی، ئۆکسفۆرد، ١٩٦٦). [هبێد].

**کورتە نیشانەکانی ڕێزمان کە لەم قامووسەدا بەکارهاتوون**

| نیشانە | لەباتی | نیشانە | لەباتی |
|---|---|---|---|
| ئمـ | ئامراز (اداة) | عا | عەرەبی (زمان) |
| ئمتـ | ئامرازی تێکەڵاو (اداة المرکب) | فا | فاعیل (اسم الفاعل) |
| ئیز | ئیزافە | فر | فارسی (زمان) |
| با | بادینانی (بنلەهجە) | فعـ | فیعل |
| بکـ | باکووری (لەهجە) | فجـ | فیعلی مەجهوول |
| بگـ | بانگ کردن (النداء) | فیـ | فەیلی (بنلەهجە) |
| بنـ | بەند (القید) | کنێر | کوردستانی ئێران (زمانی) |
| بنتـ | بەندی تێکەڵاو (قید المرکب) | کتو | کوردستانی ترکیا (زمانی) |
| پیـ | پاشبەند | کعر | کوردستانی عێراق (زمانی) |
| پیتـ | پاشبەندی تێکەڵاو | کک | کەرکووکی (بنلەهجە) |
| پهـ | پەهلەوی (زمان) | کنـ | کینایە |
| پێبـ | پیشبەند | کو | کوردی (زمان) |
| پێبفـ | پیشبەندی فیعل | کیـ | کۆیی (بنلەهجە) |
| تبـ | پیتی تێکبەستن (حرف الربط) | لا | لازم (مەصدەر) |
| تتـ | تازە داتاشراو (وشە) | متـ | متعدی (مەصدەر) |
| تمـ | تەماشاکە | مجـ | مەجاز |
| تو | ترکی (زمان) | محر | تەحریف کراو (المحرف) |
| تێبـ | تێبینی | مصت | مەصدەری تێکەڵاو (المصدر المرکب) |
| جفـ | جافی (بنلەهجە) | مصشـ | مەصدەری داتاشراو |
| جعـ | جەمع | مفـ | مەفعوول (اسم المفعول) |
| جمی | جەمعی | مکـ | موکریانی (بنلەهجە) |
| جنـ | مجنووبی (لەهجە) | نا | ناو (اسم) |
| حمصـ | حاصل مەصدەر | نتـ | ناوی تێکەڵاو (الاسم المرکب) |
| ریـ | ڕیشە | ند | دەنگە ناو (اسم الصوت) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ز | زەمیر | نسـ | نیسبەت، نیسبی |
| زا | زازایی (بنلەهجە) | نمصـ | ناوی مەصدەر (اسم المصدر) |
| ستـ | ئاوێستایی (زمان) | هس | هەڵی سەنگێنە (قارن) |
| سنـ | سنەیی (بنلەهجە) | ها | هەولێری (بنلەهجە) |
| سیمـ | سلەیمانی (بنلەهجە) | هو | هەورامی (بنلەهجە) |
| شر | شێوەڕستە | * | هاوتا (المرادف) |
| شنـ | شنۆیی (بنلەهجە) | :: | نموونە (مثال) |
| صـ | صفەت | □ | شایەد |
| صتـ | صفەتی تێکەڵاو (الصفة المركبة) | | دژ (الكلمة المضادة) |
| صفا | صفەتی فاعیلی | • | ڕستەی ساز و ئامادە لە زماندا. |
| صمفـ | صفەتی مەفعوولی | | |

**کورتە نیشانەکانی ناوی: سەرچاوە، دانەر، بڵاوکەرەوە کە لەم قامووسەدا دەکار کراون**

| نیشانە | ناوی سەرچاوە... و ژمارەی لە لیستەی سەرچاوەکاندا |
|---|---|
| ئەدەب | دیوانی ئەدەب ١٩ |
| ئەفسانە | ئەفسانەی چیای ئاگری ١ |
| ئەورەنگ | مراد اورنگ (محقق) - |
| ئینجیل ( ) | ئینجیلی (لۆقام مەتی، مەرقۆس، یوحەننا) ٢ |
| ب | بەرگ، بەش - |
| بەردەشانی | هیندی لە هەڵبەست و بەیتەکانی... ٧٤ |
| بەهرام | گزارش بهرام یشت ٦١ |
| پد | پرۆفسور ئیبراهیم پوور داوود - |
| پفا | فرهنگ پهلوی ٤٤ |
| پەند | پەندی پێشینیان ٨ |
| پێکەنین | پێکەنینی گەدا ١٠ |
| پیرەمێرد | پیرەمێردی نەمر ١١ |
| تحفە | تحفەء مظفریە ١٢ |
| جـ | جلد - |
| چیرۆک | ١٠ چیرۆک ١٥ |
| چیرۆکەکان | چیرۆکەکانی مەم ١٣ |
| حاجی | حاجی قادری کۆیی ١٤ |
| حاجی قادر | دیوانی حاجی قادری کۆیی ٢٠ |
| خا | ١- مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ -<br>٢- فەرهەنگی خاڵ ٥٣ |
| خانا | شیرین و خوسرەو ٣٨ |
| خەییام | عمر خیام ٤٠ |
| دڵدار | دیوانی دڵدار ٢١ |
| ڕەزا | دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ٢٤ |

| | |
|---|---|
| زین | مەم و زینی خانی ٧٠ |
| ژان | ژانی گەل ٣٤ |
| ژابا | قاموسی کوردی- فرەنسی ٧٧ |
| سالم | دیوانی سالم ٢٢ |
| سەلام | ١-شێخ سەلامی شاعیر -<br>٢- دیوانی سەلام ٢٣ |
| فز | قامووسی ڕووسی- کوردی ٥٦ |
| فره | دوکتۆر بەهرام فەڕەهوەشی - |
| فەرهەنگ | فرهنگ فارسی ٤٦ |
| کشت | فەرهەنگی کشتوکاڵ ٥٤ |
| کۆڕ | کۆڕی زانیاری کورد |
| کف | ١-پرۆفسۆر قەناتی کوردۆ (کوردوییف) -<br>٢- فەرهەنگا کوردی- ڕووسی ٥٢ |
| گە | مامۆستا گیوی موکریانی (دانەروناشر) - |
| لاڕووس | قامووسی فرەنسی ٧٩ |
| مردۆخ | کتاب فرهنگ مردوخ ٥٨ |
| معر | مامۆستا شێخ مارفی قەرەداغی - |
| معین | دوکتۆر محەممەدی معین (دانەر، محقق) - |
| مک | مامۆستا مەلا کەریمی بیارە (دانەر، محقق) - |
| مقبل | مامۆستا عەلی مقبل (ناشر)- |
| منجد | المنجد فی اللغة والادب والعلوم ٦٩ |
| مەلا | دیاری مەلا محەممەدی کۆیی ١٧ |
| مەسعوود | مامۆستا مەسعوود محەممەد (دانەر) - |
| مەولەوی | دیوانی مەولەوی ٢٧ |
| مەهاباد | فەرهەنگی مەهاباد ٥٥ |
| مێژوو | مێژووی ئەدەبی کوردی ٧٢ |
| نالی | دیوانی نالی ٣٠، ٢٩ و ٢٨ |

| | |
|---|---|
| وەفایی | دیوانی وەفایی ٣١ |
| هبێد | فەرهەنگی کوردی- ئینگلیسی ٨٠ |
| یگد | یادداشتهای پینج گاتها ٧٥ |
| یەسنا | یسنا ٧٦ |

**تەرتیبی ئەلفوبێتکەی کوردی، بەو جۆرەی کە وشەکانی ئەم قامووسەی پێ ڕیزکراوە**[128]

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ء | [ا] | ب | پ | ت | ج | چ | ح |
| خ | د | ر | ڕ | ز | ژ | س | ش |
| (ص)[129] | ع | غ | ف | ڤ | ق | ک | گ |
| ل | ڵ | م | ن | و | [و = بۆر] | [ۆ] | [وو] |
| ھ | [ە، ـە = سەر] | ی | [ی = ژێر] | [ێ] | [یی] | | |

«...»

128 دەنگبزوێنەکان لەناو ڕاستەکەواناندا نووسراون.
129 دەنگی (ص) هەروەکوو لە سەرەتاکەدا باسکراوە بەلای منەوە بەلایەنی کەمەوە لە چەند وشەیەکدا هەیە، بۆیە وەکوو دەنگێکی هێشتا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە لەناو کەوانەدا نووسراوە.